# ئەو وتارەی کە پێویستە هەموو کورد بیخوێننەوە



**فەیسەڵ دەباغ**

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

دوو بابەت هانیاندام ئەم نووسینە بنووسم، یەکێکیان بە دیدێکی واقیعانە سەیری مەسەلەیەك دەکات و دووەمیان بە دیدێکی ناواقیعانە.

لە رۆژنامەیەکی کوردیدا هەواڵێکم خوێندەوە کە دەڵێ: سیاسەتکارێکی کورد هۆشداری ئەوەی داوە کە گوایە چەند وڵاتێکی هەرێمی خەریکی مانۆڕێکی هاوبەشن دژ بە کورد و دەیانەوێ دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە کە لەوانەیە لە هەندێ پارێزگادا بێتە ئاراوە، بەتایبەتی لە کەرکووك و ئەو مانۆڕەش نەك هەر هەرێم بەڵکو کوردەکانی تورکیا و ئێرانیش دەگرێتەوە و لەم رووەوە ئاماژە بەو هەڵمەتە دەکات کە دژ بە دەتەپە بەرێوە دەچێت.

لە کەناڵێکی تەلەفزیۆنیش و لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ سکرتێری یەکێك لە حزبەکانی هەرێمی کوردستان، ئەو سکرتێرە بە پێچەوانەی سیاسەتکارەکە دواو گوتی: کوردستان هیچ هەڕەشەیەکی هەرێمایەتی لەسەر نییە و وڵاتە هەرێمییەکانیش خێر و بێرن بۆ ئێمە.

پرسیار ئەمەیە: **کێ لەو دووانە راست دەکات؟**

بەش بەحاڵی خۆم ماوەیەکە موتابەعەی ئەو دانیشتنانە دەکەم کە بە شێوەیەکی نهێنی لە دوو پایتەختی ئەوروپی و بەئاگاداری چەند لایەنێکی عەرەبی ئەنجام دەدرێن، لایەنی ئەمەریکیش لەو دانیشتنە نهێنیانە بەدوور نییە و ئەو هەواڵانەی کە لێرەولەوێ تەسریباتیان پێ دەکرێ ئاماژە بەوە دەکەن کە، تاران و ئەنقەرە گەیشتونەتە نیمچە پرۆژەیەکی نهێنی، ئەویش بە پشتگیری و پاڵپشتی وڵاتی قەتەر، وەك سەرەتایەك بۆ پرۆژەیەکی گەورەتر.

بەپێی ئەو نیمچە مانۆڕە یان پرۆژە نهێنییە، سەرەتا هەوڵ دەدرێ ئەو گروپە عێراقیانە بۆلای خۆیان راکێشن کە بەدیدی ئەمەریکا و رۆژئاوا و هەندێ لە وڵاتانی دراوسێی عێراق سەر ئێشەن، بۆ ئەوەی لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا بەشدارییان پێ بکرێ و واش لە ناحەزانیان بکەن، ئەوانەی لە پرۆسەکەدا بەشدارن، ئەو هاوبەشە نوێیانە قبوڵ بکەن و تەگەرە نەخەنە بەردەمیان، مەبەستیش لەمە خولْقاندنی هاوسەنگییە لەناو سیستەمی داهاتووی عێراق و هەڵمژینی ئەو بارەیە کە ئۆپۆزسیۆن خولْقاندویانە. بۆیە ئەنقەرە و قەتەر (پاش ئەوەی ئەو وڵاتە کەنداوییە توانی هەندێ لایەنی سەرەکی بۆلای خۆی رابکێشێ کە پێشتر پەیوەندییان بە میسر و سعودیە هەبوو) بەهاریکاری وڵاتێکی ئەوروپی و لە بری ئەمەریکییەکان دەستیان بە قۆناغی یەکەم کردووە( کە پێی دەڵێن قۆناغی ماراسۆنی ) و لەگەڵ هەندێ لەو گروپ و کۆمەڵانە بە نهێنی دانیشتوون کە بەرهەڵستکارن.

هەر لەچوارچێوەی ئەو کارەش، هەندێ لایەن کە بە تۆمەتی تایفییەت تاوانبارن و بەشدارییان هەیە لە پرۆسەی سیاسیدا، ئەوانیش بۆ جوانکردنی وێنەی خۆیان، دەستیان داوەتە ئەنجامدانی کۆڕوکۆبوونەوە لەگەڵ هەندێ لەو گروپ و کۆمەڵە عێراقیانەی کە لە دەرەوەن، بە مەبەستی بەشداری پێکردنیان لە پرۆسەی سیاسی قۆناخی داهاتوودا، کە ئەم هەوڵانەشیان پەیوەستن بە فلتەری ئێرانی و تورکی کە قەتەر بە پشتگیری و هاریکاری چەند لایەنێکی عەرەبی هاریکارییان دەکات.

کۆبوونەوە نهێنییەکانی ئێران و تورکیا گەڕێکی زۆریان بڕیوە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات، ئەو دابەشکردنەی کە شایەدحاڵەکانی قەتەر و هەندێ لایەنی عەرەبی و ئەوروپین و ئەمەریکاش لێی ئاگادارە و پشتگیریشیان لێ دەکات.

بۆ ئاگاداری، ئەم پلانە یان ئەم پرۆژەیە لەو پرۆژەیە وەرگیراوە کە پاش شەڕە ناوخۆییەکەی لوبنان لەو وڵاتە و بەر لە چەند دەیەیەك پەیڕەو کراوە، پرۆژەکەش ئەوکات

به ڕەزامەندی واشنتۆن ئەنجامدرا و ئەمڕۆش مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام ئەمجارە لە عێراقدا.

کرۆکی پلانەکە بریتییە لەوەی کە ڕێ بە دوو حزبە سەرەکییەکەی کوردستان نەدرێ کەرکووك بگێڕنەوە سەر هەرێم و سەرکردایەتی کوردیش بخرێتە ناو سندوقێکی مەحکەم، ئەویش بە ڕێککەوتنی نێوان ئەنقەرە و تاران و هەندێ گروپی عێراقی گرنگ لە عێراقدا لەوانە چەند گروپێکی هاوپەیمانی کورد کە لە ژێر کۆنترۆڵی ئێراندا کار دەکەن، بۆ هێنانەدی ئەو مەبەستەش بە پشتگیری قەتەر و چەند لایەنێکی ئەمەریکی توانراوە تا ڕادەیەك هاریکاری هەندێ گروپی کۆن لە هەرێمی کوردستان بکەن و هەندێکی نوێش دروست بکەن، وەك ئەوەی کە لەناو شیعە و سوننەکانیشدا کردویانە، مەبەستیش لەمە سەپاندنی واقیعێکی ترە کە تیایدا کەس باڵادەست نەبێ و نەتوانێ بڕیاری چارەنووسساز بدات و هاریکاریکردنی بەشێکی میدیاکانیش بەشێکە لەو پلانە یان پرۆژەیە.

تۆپبارانکردنی هەندێ دێهاتی کورد لە هەرێمی کوردستاندا لەلایەن ئێرانەوە دەکرێ بیخەینە چوارچێوەی ئەو پلانەی کە لە ئارادایە، هەتا هەندێ لە بەرپرسانی عێراق پژاك بەدەستکردی ئێران لەقەڵەم دەدەن و پێیان وایە ئێران هانیان دەدات بۆ ئەوەی کردەوەی چەکداری ئەنجام بدەن تا بیانکاتە بیانوو بۆ ئەو تۆپبارانکردنە، هەروەها وشکردنی چەند سەرچاوەیەکی ئاوی بە بەشێکی ئەو پلانە دادەنێن.

تۆپبارانەکەی ئێران سەرەڕای ئەوەی کە نامەیەکە بۆ کورد، نامەیەکیشە بۆ ئەنقەرە کە ئەو لە جێبەجێکردنی ئەو پلانە موجیدە و مەبەستیشی هاندانی ئەنقەرەیە کە بە هەمان شێوە ڕەفتار بکات، هەتا بەرپرسێکی کوردی ناو مووسڵ ئەو کێشەیەی کە لە نێوان لیستی حەدبا و لیستی برایەتی ڕوویداوە بۆ هۆکارێکی دەرەکی دەگەڕێنێتەوە کە نایەوێ تەبایی نێوان پێکهاتەکانی ئەو شارە بوونی هەبێ و زیادبوونی تەقینەوەکانی ناو مووسڵ و کەرکووکیش هەر بۆ ئەو هۆکارە دەگەڕێتەوە، مەبەستی سەرەکیش دواخستنی ویستی کوردە، بەلایەنی کەم بۆ چەند ساڵی داهاتوو، تا ئەو کاتەی هێزە ئەمەریکییەکان لە عێراق دەردەچن، ئەمەیش وەك قۆناغی یەکەمی پلانەکە، هەر لە ئێستاوە تاران لەرێی چەند گروپێکی عێراقییەوە کە سەر بە ئەون و هەروەها ئەو گروپانەی کە سەر بە ئەنقەرەن خەریکی دروستکردنی هێزێکن بۆ ئەوەی لە کەرکووکدا باڵادەست بێ و لە کاتی ڕوودانی هەر کێشەیەك نێوان کورد و عەرەب و تورکمان، یان لەکاتی کشانەوەی هێزە ئەمەریکییەکان دەست بەسەر هەموو شتێکدا بگرێ و کۆنترۆڵی شارەکە بکات، پاش ئەمەیش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەرکەوتە نەوتییەکەی ئەو شارە دابەش بکرێتە سەر ئەو وڵات و لایەنانەی کە لە پلانەکەدا بەشدارن.

بەپێی سەرچاوەیەکی تورکی بەرکەوتی گەورە بە بەر تورکیا دەکەوێ و ئەو بەرکەوتەش بەپێی ڕێککەوتنێکی دیکەی نهێنی و بە چرای سەوزی ئەمەریکی قابیلی زیادکردنە، بەشەکەی تریشی نێوان کۆمپانیا ئەمەریکییەکان و ئێران و دۆستەکانی دابەش بکرێت.

لەلایەکی دیکەوە، دواخستنی بەکارخستنەوەی هێڵە نەوتییەکەی کەرکووك- ئیسرائیل بەشێکە لەو پلانە کەوا دانراوە وەکو وەرەقەیەك لە پرۆژە ئاشتەواییەکەی نێوان سوریا و ئیسرائیل کە ئەنقەرە سەرپەرشتی دەکات بەکار بهێنرێت، کەواتە لەو مەسەلەیەدا وەرەقەیەکی نوێ هاتۆتە ئاراوە لە نێوان ئەنقەرە و دیمەشق و تاران لە بەرامبەر ئیسرائیلدا، ئەو وەرەقەیەی کە خۆی لە هێڵە نەوتییەکەی کەرکووك- ئیسرائیل دەبینێتەوە، کە ماوەیەکی زۆرە کاری پێ ناکرێ، بەتایبەتی کاتێ بیرۆکەیەکی تورکان دواخرا کە دەیویست ئاراستەی هێڵەکە بەرەو تورکیا بگوازێتەوە، چونکە لەو بارەدا دیمەشق و تاران وەرەقەیەکی ئابووری و سیاسی گرنگ لەدەست دەدەن کە ئیسرائیل گرنگییەکی زۆری پێدەدا.

پرسیار ئەوەیە: باشە ئەگەر ئەو پلانە سەرکەوێت ئایا لایەنی عێراقی چ وەرەقەیەکی لەدەست دەمێنێ؟ لە وەڵامدا دەڵێین: (هیچ)، بۆیە ئەو پرۆژەیە پرۆژەیەکی ترسناکە و کوردیش ئەوکات ئەو وەرەقەیە لەدەست دەدات کە دەتوانێ بە هۆیە خۆی بەهێزتر بکات.

**تاران و ئەنقەرە گەیشتونەتە نیمچە پرۆژەیەکی نهێنی، ئەویش بە پشتگیری و پاڵپشتی وڵاتی قەتەر**

ئێران بۆ دڵنیاکردنی تورکیا کە سوورە لەسەر جێبەجێکردنی ئەو پلانەی کە لەسەری پێکهاتوون، چرای سەوزی بۆ موقتەدا سەدر هەڵکرد تا سەردانی تورکیا بکات تا ئەویش بەڵێنی پێ بدات کە ببێتە لایەنێکی سەرەکی لە سیستەمی داهاتووی حوکمی عێراقدا و ئەو و هەندێ لە گروپە تورکمانییەکانیش ببنە شەریکی یەکتر و دژ بە هەر ویستێکی کورد بووەستن، بەتایبەتی لە گێڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردستان، دەبێ ئەوەش بگوترێ کە نیازی قەتەر لەو مەسەلەیەدا دروستکردنی ڕەوتێکی سوننیە بۆ ئەوەی ئەویش ببێتە بەشێکی ئەو سیستەمە و هاریکار بێ بۆ ئەو لایەنانەی کە ئێران و تورکیا پشتگیریان لێ دەکەن، وەك ڕەوتی سەدر و چەند لایەنێکی تورکمانی.

بە کورتی دروشمی قۆناغی داهاتووی عێراق بە پێی ئەو مانۆڕە ئەوەیە کە هیچ کەس خاوەن بڕیار نەبێ، نەك هەر لە ناوەند، بەڵکو لە کوردستانیش، بەڵام ئەوەی جێی پرسیارە ئەوەیە: ئایا ئەم پرۆژەیە دەتوانێ سەرکەوتن وەدەست بێنێ؟




# بۆچی پێویستمان بە مسعود بارزانی یە؟

## پێویستمانە بۆ ئەوەی ئێستا تێپەڕێنین و ئـ



لەمانگی شـوباتی رابـردوو ئەمریکییەکان، بەئامادەبوونـی سـەرۆك بـاراك ئۆباما لە تـەلاری کۆنگرێس یـادی ٢٠٠ سـاڵەی لەدایکبوونی (سـەرکردەی ئازادی- ئەبراهام لنکۆڵن)ی سەرۆکی شانزەدەهەمینی ویلایەتە یەکگرتووەکانـی کردەوە و، لەم ڕێورەسـمەدا ئۆباما ئەوەی بەبیـری ئامادەبووان هێنایەوە، لنکۆڵـن میراتـی ئـازادی (ارپ الحریە) ی ئەمریکایـە، لـە رۆژە سـەختەکاندا




**«کارتی دەنگدان لە گولله بەهێزترە، دەنگی گـەل هەموو شـتێکە، بەدەنگی گـەل هیـچ شـتێک ون نابێـت، بەبێ دەنگـی گەل هیچ شـتێک سـەرکەوتوو نابێت»**

**ئەبراهام لنکۆڵن**
**شانزەهەمین سەرۆکی ئەمریکا**

# ـــاییندە بونیادبنێین

ئەمریـــکای گەیانـــدە کەناری ســـەرفرازی، توانی شـــەڕی ناوخۆی ساڵی ١٨٦١-١٨٦٥ کۆتایـــی پێبهێنێت و ئەمریکا و گەلەکەی لە پەرتەوازەبوون و پارچەپارچەکردن رزگار بکات، سەرلەنوێ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای بونیادنایـــەوە، لنکۆڵن بـــڕوای بەوەبوو دەبێت

دەنگی گەل هەموو شتێك بێت، بەپشت بەستن بەدەنگی گـــەل، نائومێـــدی نامێنێت، بەبێ دەنگی گەل هیچ شتێك ســـەرکەوتوو نابێت، بۆیە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە دەنگی گەل لە گولله بەهێزترە، بۆیە بەکونگرێســـمانەکانی دەگووت: «دەبێت هەمووتان حزمەتی یەك ئاڵا بکەن و نوێنەرایەتی یەك گەل بکەن».

ئاماژەکـــردن بـــۆ ئەبراهام لنکۆڵـــن بەتەنها ئاماژەکـــردن نییە بۆ ســـەرکردەیەکی بەهێز، بەڵکو ئاماژەشـــە بۆ ئەو بارودۆخە سەختەی لە شەســـتەکانی ســـەدەی نۆزدەهەم ئەمریکا لە میانەی شـــەڕی ناوخۆ پێیـــدا تێپەڕدەبوو، ئەو رۆژانـــەی ئەمریکیەکان پێویســـتیان بە ســـەرۆکێکی وەك لنکۆڵن هەبوو، پێویســـتیان بەوە بوو، ئەو ئەســـپانەی لەشەڕەکاندا سواری دەبوون، گاســـنی لێ ببەســـتن و زەوییەکانی پـــێ بکێڵن، لوولەی ئەو تفەنگەی لەیەکتریان دەکرد، قەڵە رەشـــەکانی پێ راوبکەن بۆئەوەی چیـــدی زیان بە کشـــتوکاڵەکەیان نەگەیەنێ، هەموو بگەڕێنەوە بۆ دەنگی گەل، لەبەرئەوەی دەنگی گەل ســـەرچاوەی چارەسەری هەموو کێشەکانە و بەبێ گەڕانەوە بۆ ئیرادەی گەل، هیچ شـــتێك ســـەرکەوتوو نابێت، کەواتە لەو کاتەدا ئەمریکییەکان پێویستیان بە سەرۆکێکی بەهێـــز و خۆشەویســـت و ئەمین بوو بۆئەوەی متمانـــەی خۆیانی پێبـــدەن، بۆئـــەوەی لە کارەســـاتی شەڕی ناوخۆ و، لە نێو هەڕەشەی لێکتـــرازان و پارچە پارچەبوونـــدا، بتوانێت، ئازادی و یەکڕیزی گەلی ئەمریکا بپارێزێت، ئـــەوکات لنکۆڵن بۆ ئەمریکیەکان پێویســـت بـــوو، دوای ٢٠٠ ســـاڵ جارێکی دیکە باراك ئۆبامـــا داوا لەگەلی ئەمریکا دەکات ســـوود لە ئەزموونی لنکۆڵن وەربگرنەوەو، بە گیانی لنکۆڵن بەگـــژ تەحەددیەکاندا بچنەوە، هەموو گەلـــی ئەمریکا خزمەتی یـــەك ئاڵا بکات، هەموو کۆنگریســـمانەکانیش نوێنەرایەتی یەك گـــەل بکەن، ئۆبامـــا ئاماژە بـــە لێبوردەیی لنکۆڵـــن دەکات بەرامبەر بـــەو لایەنەی کە شـــەڕی لنکۆڵیان دەکرد، جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، دەبێت هۆکارەکانی جەنگ بگۆڕێن بۆ هۆکاری ئاشـــتی وئازادی، کەرەستەکانی جەنگ بکرێن، بە کەرەستەی ئومێد و ژیانەوە و بونیادنانـــەوەی ئەمریـــکا، کەواتە ئەمریکا ئەو کات و ئێســـتاش پێویســـتیان بە ئیلهامی لنکۆڵنـــە، بۆ ئەوەی ئەم قۆناخە ســـەختەی ئەمریکا پێیدا تێدەپەڕێـــت تێبپەڕێنن، ئۆباما دەیەوێت بە گەلـــی ئەمریکا بڵێت، دەبێت ئەو هۆکارانـــەی جەنگی پێدەکەیـــن بیگۆڕین بۆ هۆکاری ئاشـــتی، ئەو کەرەستانەی جەنگی

**لنکۆڵن بڕوای بەوەبوو دەبێت دەنگی گەل هەموو شتێک بێت، بەپشت بەستن بەدەنگی گەل، نائومێدی نامێنێت، بەبێ دەنگی گەل هیچ شتێک سەرکەوتوو نابێت، بۆیە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە دەنگی گەل لە گولله بەهێزترە**

**دوای ٢٠٠ ساڵ جارێکی دیکە باراک ئۆباما داوا لەگەلی ئەمریکا دەکات سوود لە ئەزموونی لنکۆڵن وەربگرنەوەو، بە گیانی لنکۆڵن بەگژ تەحەددیەکاندا بچنەوە**

پێدەکەیـــن، بیگۆڕین، بەکەرەســـتەی دووبارە بەهێزکردنـــەوەی ئەمریـــکا، بۆئەوەی لە بری هێزە رەقەکەی بوش، بە هێزی نەرم ئەمجارەیان ئەمریکا سەرکردایەتی جیهان بکات.

## ئێمەش پێویستمان بە مسعود بارزانی یە

ئـــەم یادەوەرییـــەی لنکۆڵن فێرمـــان دەکات، گەلی ئەمریکا چۆن ئەوکات پێویســـتیان بە ســـەرۆکێکی وەك لنکۆڵن هەبووەو ئێســـتاش دەیانەوێت ئیلهـــام لە رێبازەکـــەی وەربگرن، ئێستا ئێمەش پێویســـتمان بە سەرۆك مسعود بارزانییە، بۆ ئەوەی ئیلهام لە رێبازی بارزانی وەربگرێت و بارزانی ســـەردەمی خۆی بێت و بە لۆژیك و لێبووردەیی و پێداگرتنی لەســـەر پرەنسیپە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، یەکڕیزی نێومالی کوردســـتان پتەوتر بـــکات، هەموو خزمەتی یەك ئالا بکەین و پەرلەمانتارەکانمان خۆیان بـــە نوێنەری یەك گەل بزانن نەك حزبە جیاوازکانیان، بۆ ئەوەی ئەم قۆناخە ناســـك و هەستیارە تێبپەڕێنین.

ئێســـتا پێویســـتمان بەوەیە لەمانای ئازادی تێبگەیـــن، بۆیـــە دەبێت هەمـــوو متمانە بە ســـەرۆکێکی وەك مســـعود بارزانی بدەین، بۆ ئەوەی ئازادیمان بۆ بپارێزێت، پێویســـتمان بە سەقامگیری و ئاشـــتییە، بۆئەوەی پرۆسەی بونیادنانەوە و گەشەپێدانی کوردستان بەردەوام بێت، بۆیە پێویســـتمان بـــە لۆژیکی بارزانیە، بۆ ئەوەی ئەمجارەیـــان لەبری ئەوەی داهاتی عێراق بۆ کاولکردنی کوردستان خەرج بکرێت، کوردســـتان ببێتـــە دەروازەی ئاوەدانکردنەوی عێراق، لەســـەر ئاستی ئیقلیمی لەبری ئەوەی دیمەشق و تاران و ئەنقەرە، ساڵانە کۆبوونەوەی خولی خۆیان لەســـەر مەترسیەکانی کوردستان گرێبدەن، بـــا هەموو بێنە هەولێـــر و ئێمەش لەگەڵیـــان کۆببینـــەوە و پێکـــەوە بەرنامەی تەکامولـــی بازرگانی و ئابـــووری هەرێمی دابڕێژین، پێویستمان بەوەیە وەك تاکی کورد و تاکی کوردستانی هەست بە ئازادی بکەین، بۆیە پێویستمان بە سەرۆکێکی وەك بارزانی هەیە کە بەدەنگی بەرز بە جیهـــان بڵێت، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان ئاواتی هەر کوردێك و هەر کوردستانیەکە و هیچ هێزێك ناتوانێت رێگە لەم ئاواتە بگرێت، لەبەرئەوەی کەس ناتوانێت رێگە لە ئـــازادی بگرێت، پێویســـتمان بەوەیە حزبە کوردســـتانییەکان مەرجەعێکیـــان هەبێت، کە بەرژەوەندی تەســـکی حزبایەتی بگێڕێتەوە بۆ بەرژەوەندی گەلی کوردستان، بۆیە پێویستمان بەوەیە دەسەڵاتی سەرۆك لە دەرەوەی پەرلەمانەوە چاودێری بەرژەوەندیەکانی گەل بێت، بۆئەوەی هەمووکات بەبیری پەرلەمانتارانی بهێنێتەوە، راســـتە ئێـــوە لە چەندیـــن حزبی جیـــاوازەوە هاتوونەتە پەرلەمـــان و نوێنەری حزبەکانتانن، بەڵام وەك پەرلەمانتار، هەمووتان خزمەتی یەك ئالا دەکەن و نوێنەرایەتی یەك گەل دەکەن.

## گەڕانەوە بۆ گەل و بونیادی دەوڵەتی قانوون

چـــۆن پرەنســـیپە نەتەوەییەکانمـــان بپارێزین؟ لەوانەیە باشـــترین وەڵام بۆ ئەم پرســـیارە ئەوە بێت، ئایا گەلانی پێشـــکەتووی جیهان چۆن پاراســـتوویانە؟ بێگومـــان بـــۆ وەڵامی ئەم پرســـیارەش چەندین پرســـی دیکە ورووژاوە و چەندین پرســـیاری دیکەش لـــە هەناوی ئەو مەسەلە ورووژاوانەدا سەریهەڵداوە، وەك:

١- چۆن دەتوانین سیستەمێکی سیاسیی بونیاد بنێین نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی کۆمەڵگە بکات؟

٢- چۆن بتوانین ئومێـــد و دڵنیایی جێگەی دڵەڕاوکێ و نائومێدی بگرێتەوە؟

٣- چۆن بتوانین، ئاشـــتی و ســـەقامگیری جێگـــەی تەنگـــژە و ململانـــێ حزبییەکان بگرێتەوە؟

٤- ئـــەی چۆن بتوانین بەرژەوەندی گشـــتی جێگەی بەرژەوەندی حزبی بگرێتەوە؟

بێگومان مێژووی فەلســـەفەی سیاســـیی وەڵامی هەمـــوو ئەمانە بە تەنها دوو وشـــە دەداتـــەوە ئەویـــش (دامەزراندنـــی دەوڵەتی قانوونە) پرســـیار لێـــرەدا ئەوەیـــە، دەوڵەتی قانوون چۆن دادەمەزرێت؟ بیرمەندانی یاسا و سیاسەت پێش ئەوەی وەڵامی ئەمە راستەوخۆ بدەنەوە، پرســـیارێکی دیکە دەورووژێنن، یاسا چۆن جێبەجـــێ دەکرێت؟ ئەمانـــەش هەموو لەیەك خاڵدا کۆدەبنەوە، یاسا ئەو کاتە جێبەجێ دەکرێـــت کە خاوەنی دەســـەڵاتێکی بەهێز بێت و هیچ کەســـێك لەسەروو یاســـاوە نەبێت، ئەو دەســـەڵاتەش دەســـەڵاتی گەلە، بەڵام دیسان چـــۆن گەل ناتوانێت نوێنەرایەتی راســـتەوخۆ بکات و، دەســـەڵاتی خۆی تەفویز دەکات بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی پەرلەماندا نوێنەرایەتی بکرێت، دیســـان بۆ ئەوەی دەسەڵاتی رەهای گـــەل لە یـــەك خاڵدا ببێتە ئەو دەســـەڵاتەی هیچ دەســـەڵاتێك لەســـەرووی ئەو دەسەڵاتە نەبێت و بە شکۆی دەسەڵاتی گەل پشتگیری جێبەجێکردنی ســـەروەری یاســـا بکات، ئەوا دیسان دەبێت ئەو کەسە راستەوخۆ کە سەرۆکی وڵات هەڵبژێرێت، بۆ ئەوەی:

أ- ئەو یاسایەی پەرلەمانتاران دایدەڕێژن، ئەو پەســـەندی بکات، ئەمەش واتە گەل پەسندی دەکات.

ب- پاشـــان چاودێری ئەو یاســـایانە بکات، لە دەســـەڵاتی راپەرانـــدن (حکومەت) چۆن جێبەجێ دەکرێن.

ت- ســـەرۆك دەبێتە پشت و پەنا بۆ دەسەڵاتی دادوەری بۆ ئەوەی بە شـــکۆی دەســـەڵاتی گەل یاســـاکان جێبەجـــێ بـــکات، هەندێك بڕیاریـــش یان هەندێك یاســـا کە راســـتەوخۆ پەیوەندی بە دەســـەڵاتی گەلەوە هەیە، وەك لە سێدارەدان بڕیاری شـــەڕ و ئاشتی دەبێت ئەو یاســـا و بڕیارانەش بگەڕێنەوە بۆ دەســـەڵاتی راســـتەوخۆی گەل، کە شەخســـی ســـەرۆك نوێنەرایەتی دەکات.

پرســـیار لێرەدا ئەوەیـــە: ئایا ئەم دەســـەڵاتە گەورەیە کە دەدرێت بەتەنها کەسێك، مەترسی ئەوەی لێ ناکرێت، ئەو کەســـە بەم دەسەڵاتە ببێتە دیکتاتۆر؟! لە وەڵامی ئەم پرسیارەشەدا دەڵێین، ئەگەر ئەو یاســـایانەی لە پەرلەمانەوە دەردەچن، نوێنەرانی گەل بە ویژدانەوە و، وەك دەربڕی ئیرادەی گەل دایانڕشـــتبێت، خۆیان نەخســـتبێتە ژێر ئایدۆلۆژیەتی حزبەکانیان و لەناو یاســـاکاندا ئایدۆلۆژیەتـــی حزبەکانیان تەوزیف نەکردبێت، ئەوا دەسەڵاتی سەرۆك کە لەبنەڕەتدا تەفویزی دەســـەڵاتی گەلە، دەبێتە دەسەڵات بۆ ئیرادەی گەل و کاتێك ئەو یاسایانە جێبەجێ دەکرێن، تاك بێجگە لە ملکەچبوونی بۆ ئیرادەی خۆی ملکەچی هیچ ئیرادەیەکی دیکە نەبووە، دەســـەڵاتی یاســـا بەشـــێکە لە خودی ئیرادەی تاکـــەکان، بۆیە لەم حاڵەتەدا، هەموو دەسەڵاتەکان بە دەسەڵاتی سەرۆکیشەوە دەبێتە پاســـەوانی ئازادی بۆ ئەوەی ئەو تاکە هەســـت بەوە بکات تاکێکی ئـــازادە و بێجگە لە ئیرادەی خۆی ملکەچی هیچ ئیرادەیەکی دیکە نابێت، کەواتە بـــە دیوێکی دیکەدا ئەو کاتە دەســـەڵاتی سەرۆك مەترســـیدار دەبێت، کـــە پەرلەمانتاران نەتوانـــن دەربڕی ئیرادەی گەلەکەیـــان بن، یاســـاکان بـــۆ بەرژەوەندی حزبەکانیان و گرووپەکانی بەرژەوەندی (خاوەن کۆمپانیـــاکان و ســـەرمایەداران) دابڕێـــژن، بۆچی؟! لەبەرئەوەی ئەو دەسەڵاتە گەورەیەی گەل کە دەدرێتە سەرۆك، دەبێتە پشتگیری بۆ جێبەجێکردنی یاسایەك، کە لەدەرەوەی ئیرادەی گەل بەسەریدا دەسەپێنرێت، واتە بە دەسەڵاتی گەل، خودی گەل ســـەرکوت دەکرێت، کەواتە کە ســـەرۆکەکانی دەوڵەتانـــی رۆژهەڵات و جیهانی ئیسلامی، داوای ئەم دەسەڵاتە دەکەن، مەترســـیەکە لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت ئەو دەســـەڵاتە بۆ جێبەجێ کردنی یاسایەك بێت، دەربڕی ئیرادەی و خواســـتی تاکەکان نەبێت، بۆیـــە جەخت لـــەوە دەکرێتەوە پێویســـتە ئەو دەسەڵاتە کەمبکرێتەوە بۆ ئەوەی هێزی پشت

جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە کەم بێتەوە، واتە ئاژاوە باشترە لەبری ئەوەی یاسایەك جێبەجێ بکرێت لەدەرەوەی ئیرادەی گەل بێت.
ئەم حاڵەتە، زۆرجار لە لایەن هەندێك سیاسەتمەدار و رۆشنبیرانیشەوە بە مەبەست و بێ مەبەست تێکەڵ دەکرێت و بە دیدێکی ئینتقائیانە هەڵوێستی لەبەرامبەر وەردەگیرێت، ئەمەش واتە بۆ مەبەستی سیاسیی یان فانتازیای نمایشکردنی ماسوولکەی مەعریفە، هەستی گەل دەکەنە مەیدانی رمبازی و بەرژەوەندی گشتی دەخەنە ژێر سمی ئەسپەکانیانەوە، بۆ ئەوەی لەم حاڵەتەدا بەرژەوەندی گشتی نەکرێتە قوربانی خەونی پۆپۆلیستێك یان فەنتازیای نمایشکردنی مەعریفەی بەناو رۆشنبیرێك، دەبێت راشکاوانە بەدوای چارەسەرکردنی کێشەکاندا بگەڕێین، پۆپەر گوتەنی « ژیان سەرتاپا کێشە و چارەسەرە» بەڵام گرنگ ئەوەیە چۆن بەدوای کێشەکان دەکەوین و ئەو میتۆدە چییە کێشەکانی پێ چارەسەر بکەین. کارل پۆپەر لە کتێبی (جیهان سەرتاپا کێشە وچارەسەرە) بە سێ خاڵ دەستنیشانیکردووە، کە بریتین لە:
١- دەستنیشانکردنی کێشەکان.
٢- هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری هەمەجۆر.
٣- دوورخستنەوەی چارەسەرە هەڵەکان، یان ئەو رێگەچارانەی هەوڵمانداوە بۆ چارەسەری کێشەکە بیدۆزینەوە، بەڵام هەڵەبوون و کێشەکانی پێ چارەسەر نەکراوە.
پۆپەر، ئەمە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان بە میتۆدی ژیان دەزانێت، بێگومان تەنها کێشەکانی مرۆڤ بە تەنها نە، بەڵکو کێشەی هەموو زیندەوەرێك لە زیندەوەرێکی یەك خانەییەوە کە ئەمیبایە، تادەگاتە مرۆڤ، تەنانەت کێشەی رووەکانیش، بۆیە ئاماژە بەوە دەکات ئەم میتۆدە بۆ رووەکیش راستە.
هەر بۆ نموونە، کاتێك لە بەهاردا گوڵەکانی دەکاتەوە، مەزندە بەو جۆرەیە کەشوهەوا گەرم بووەو، کاتی گوڵکردنەوەیە، بەڵام کاتێك کەشوهەواکە دەگۆڕێت، پلەی گەرما نزم دەبێتەوە و گوڵەکە سەرما دەیبات و گەڵاکەی دەکەوێتە خوارەوە، ئەوە کەشوهەواکەیە هەوڵی رووەکەکە رووبەڕووی هەڵە دەکاتەوە، یان کاتێك ئەمیبایەك یان ئاژەڵێك هەوڵدەدات و دەجووڵێت، بۆ ئەوەی ئاستەنگەکانی خۆی لاببات، ئەمە هەمان هەوڵە کە کەسێکی وەك ئاینیشتاین هەوڵی بۆ دەدات، بۆ ئەوەی چارەسەر بۆ کێشەیەك یان ئاستەنگێکی نێو فیزیای ئەتۆمی بدۆزێتەوە، بەڵام جیاوازی هەوڵەکەی ئاینیشتاین، لەگەڵ هەوڵی ئاژەڵەکە یان ئەمیبایەکە، یان رووەکەکە ئەوەیە، کاتێك ئەوان ئەو هەوڵانە بۆ چارەسەری کێشەکان دەدەن، کە رووبەرووی چارەسەری هەڵە دەبنەوە، ناتوانن ئەو هەڵانە دووربخەنەوە و، لەناو چارەسەرە هەمەجۆرەکاندا، هەڵەکان دووربخەنەوە و بەچارەسەرە گونجاوەکە کێشەکەی بۆ چارەسەر بکەن.
کەواتە کاتێك لەم راپۆرتە دەمانەوێت باس لە مەسەلەیەکی گرنگ و هەستیار بکەین، پرسیار ئەوەیە چۆن کێشەکە دیاری بکەین؟ واتە کێشەکەی ئێمە چییە؟ ئەگەر نەتوانین دەستنیشانی راستی کێشەکانی خۆمان بکەین ئەوا ناتوانین هەوڵەکانمان بە ئاراستەی چارەسەری راست بخەینەگەڕ. لێرەوە دەپرسین:
١- ئایا سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وەك سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق، پێویستی بە دەسەڵاتێکی گەورەیە، بۆ ئەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان هەموار بکات و مافە نەتەوەییەکانی تورکمان کلد و ئاشووری کەمبکاتەوە؟
٢- ئایا سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێویستی بە دەسەڵاتێکی گەورەیە، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی بڕیاردانی شەڕی هەبێت، یان هەڕەشەی سەربازی لەم و لەو بکات؟
٣- ئایا یاساکانی پەرلەمانی کوردستان هاودژی لەگەڵ بیروبۆچوونی سەرۆك دروستکردووە و پێویستی بەدەسەڵاتە و دەیەوێت ئەو هاودژیە بە دەسەڵات یەکلایی بکاتەوە؟
٤- ئایا سەرۆك پێویستی بە دەسەڵاتە وەك سەرۆکی ئەندۆنیسیا ژمارەیەك لە کورسییەکانی پەرلەمان بۆ سەرباز تەرخان بکات؟
٥- ئایا سەرۆك دەسەڵاتی پێویستە بۆ ئەوەی وەك سەرۆکەکانی تورکیا، عەلمانیەت پیادە بکات و دژایەتی ئاینی ئیسلامی پێبکات؟
٦- ئایا سەرۆك دەسەڵاتی پێویستە بۆ ئەوەی کێشە ناوخۆییەکانی کوردستان بە کێشەی دەرەکی پەردەپۆش بکات و هێزی سەربازی لە سنووری دەوڵەتانی دراوسێ مۆڵ بدات؟
ئەمانە و دەیان پرسیاری دیکە، کە سەرۆکەکانی رۆژهەڵات پێویستیان پێیەتی بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکی دەرەکی بەسەر ئیرادەی گەلەکەیان پیادەبکەن، بۆیە ئەگەر لەهەریەك لەو پرسیارەی ئاماژەمان پێکرد بۆ کێشەکانی کوردستان بگەڕێین، دەبینن هیچ کام لەو کێشانە، کێشەی ئێمە نین، بۆیە سەرۆکی ئێمە پێویستی بە دەسەڵات نییە بۆ هیچ کام لەو هۆکارانەی سەرۆکەکانی رۆژهەڵات و جیهانی ئیسلامی پێویستیان پێیەتی.
بێگومان ئێمە نابێت لە هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردن و دۆزینەوەی کێشەکان ماندوو بین، لەبەرئەوەی ئەگەر نەتوانین کێشەکە دەستنیشان بکەین ئەوا ناتوانین بە دوای چارەسەر بگەڕێین، لەمەش زیاتر ناتوانین، هۆکاری پێویست بدۆزینەوە بۆئەوەی ئەو دەسەڵاتە گەورەیە بدەینە سەرۆك. کەواتە پرسیار ئەوەیە: ئایا پەرلەمانی کوردستان یاسای خراپی دەرکردووە و پێویستمان بە سەرۆکێکی بەهێزە ئەو یاسایانە راستبکاتەوە؟ لە وەڵامدا دەڵێین نەخێر، لەبەرئەوەی یاساکانی پەرلەمانی کوردستان وەك پەرلەمانێکی لۆکاڵ یان هەرێمی، کە حەسریە بۆ ئەو دەسەڵاتانەی لە دەستووری عێراقدا بۆی دیاریکراوە، دەستووری هەرێمی کوردستانیش هیچ هاودژیەك لەگەڵ دەستووری عێراق دروست ناکات، بەڵام ئەگەر لە هەندێك مەسەلەی هەستیار بەراوردی پەرلەمانی عێراق و کوردستان بکەین، دەبینین پەرلەمانی کوردستان هەندێك یاسای وەك یاسای باری کەسێتی هەموار کردووە، لەوانەیە چەند ساڵێکی دیکەش نەتوانرێت لە پەرلەمانی عێراق بە ئاستی پەرلەمانی کوردستان موناقەشەی لەسەر بکرێت، هەروەها ئەو یاسای نەوت و گازەی پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کردووە، کە سەرچاوەکەی دەستووری عێراقە، هێشتا لە پەرلەمانی عێراقدا نەتوانراوە حەسم بکرێت، هەورەها یاسای وەبەرهێنان و یاسای رۆژنامەنووسان و دەیان یاسای دیکە.
پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە یاساکانی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە دەستووری عێراقدا بۆی دیاریکراوە بەو شێوەیە پیادەکرابێت، یاسای باش بن، کەواتە پێویستمان بەوە چییە ئەو دەسەڵاتە گەورەیە بدەینە سەرۆك؟ بێگومان ئەم پرسیارەش وامان لێدەکات هێشتا بگەڕێین، لەبەرئەوەی یاسای باشمان هەیە، حکومەتیش بەو یاسایانە هەڵدەسووڕێن، دەسەڵاتی دادوەریش یاساکانی پەسەندە، ئەی گرفتی ئێمە چییە؟ بێگومان لێرەوە دەچینە سەر ئەوەی کێشەکە دەستنیشان بکەین، ئەویش ئەوەیە گرفتی ئێمە ئەوەیە یاساکان وەك هەن وەك خۆیان جێ بەجێ ناکرێن! ئەمەش واتە:
١- ئێمە یاسای وەبەرهێنانمان دەرکردووە، بەڵام هەڵسوڕانی بازاڕ لەسەر بنەمای ململانێ و بازاڕی ئازاد نییە.
٢- ئێمە یاسای خزمەتی مەدەنیمان هەیە، بەڵام بە میکانیزمێکی دیکە کاردەکەین.
٣- ئێمە ئەو یاسایەمان هەیە کە بە بیانووی ناموسپەرستی ئافرەت نەکوژرێت، یاسای

**سەرۆکی ئێمە پێویستی بە دەسەڵات نییە بۆ هیچ کام لەو هۆکارانەی سەرۆکەکانی رۆژهەڵات و جیهانی ئیسلامی پێویستیان پێیەتی**

**گرفتی ئێمە ئەوەیە یاساکان وەک هەن وەک خۆیان جێ بەجێ ناکرێن**

بەرەنگاربوونـــەوەی توندوتیژیمان هەیە دژی ژنان بەڵام بە ســـەدان شێواز توندوتیژی دژی ئافرەتان پیادە دەکرێت و کوشتنی ئافرەت هەر بەردەوامە.

٤- ئێمە یاسای پارتە سیاســـیەکانمان هەیە، بـــەڵام پارتە سیاســـییەکان پەیوەندی ئەملا و ئەولایان هەر ماوە.

٥- ئێمە بە یاســـا پێشـــمەرگەمان کردووە بە گاردی کوردستان و بەشێك لە سوپای عێراقی فیـــدراڵ و پارێزەری هەرێمی کوردســـتان لە چوارچێـــوەی عێراقـــدا، بەڵام لـــە رۆژنامە موعاریزەکانی کوردســـتان بە ملیشیای پارتی و یەکێتـــی ناودەبرێن و ئـــەو ماس میدیایانە، کە سووکایەتی بە پارێزەرانی کوردستان دەکەن، یاسا لێیان ناپرسێتەوە.

٦- ئێمـــە دادگامـــان هەیە بـــەڵام زۆربەی کێشەکان بە عەشایەری چارەسەر دەکرێن.

ئەمانـــە و دەیان یاســـای گرنگـــی دیکە کە هەریەکەیـــان بەشـــێوەیەك و هەریەکەیان لەبەر چەندیـــن هۆ و هۆکار هێزی یاســـایی خۆی لەدەســـتداوە.کەواتە بـــۆ ئەوەی ئەم کێشـــەیە چارەســـەر بکرێت، یەکێك لەو رێگەچارانەی پەنـــای بۆ دەبەین ئەوەیە راســـتەوخۆ لەلایەن گەلـــی کوردســـتانەوە ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێرێت، بۆ ئەوەی ئەم کێشەیەی پـــێ چارەســـەر بکەیـــن، بەڵام دیســـان ئەم گفتوگۆیە لێرەدا کۆتایی پێنایەت، پرســـیاری دیکە بـــەدوای خۆیدا دەهێنێـــت، ئایا بۆچی دەبێـــت تەنها ئـــەم رێگەیە بە بـــاش بزانین و بیگرینە بەر؟ لەوەڵامـــدا دەڵێین وەڵامی ئەم پرسیارە بە درێژی دەدەینەوە.

## بۆ راستەوخۆ دەنگ بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بدەین؟

ئەم پرســـیارە بۆیە وەك ناونیشـــانێکی لاوەکی دامانننا بـــۆ ئەوەی، ئێمە چـــۆن لەم راپۆرتە ئەم پرســـیارە گرنگە لە خۆمان وخوێنەرانمان دەکەین؟ لە رێگـــەی خوێنەرانیشـــمانەوە لە خەڵکی دیکە بکرێـــت و ببێتە زەمینەیەك بۆ ئەوەی هەموومـــان بیـــروڕای خۆمانی تێدا بگۆڕینـــەوەو ئەم مەســـەلە گرنگـــە نەکرێت بەقوربانی ئامانجی شاراوەی هەندێك لایەنی سیاسیی، یان فەنتازیای مەعریفەی هەندێك بەناو رۆشـــنبیر کە ئەمڕۆ رۆڵی ئەو کەسانە دەگێڕن کە لە پەنجا و شەســـتەکانی سەدەی رابردوو پڕۆپاگەندەیـــان بۆ فیلمێکی هیندی لە سینەماکانی کوردســـتان دەکرد، هیوادارین ئەوانەی ئەم ئاماژەیە لـــە خۆیاندا دەبیننەوە، لێمان زویر نەبن، بەڵکو هاندەرێك بێت بۆئەوەی باشتر لە موناقەشەکاندا بەشدار بن، بۆ ئەوەی بـــە لۆژێکی ئەقڵانی و لەپێناوی بەرژەوەندی گەلی کوردســـتاندا، ئەو رێـــگا چارانەی بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەکان هەوڵی بۆ دەدەین بیدۆزینەوە، بەپێی بەرژەوەندییە گشـــتییەکان بڕیار لەسەر دەستنیشـــانکردنی باشەکەیان و دوورخستنەوەی خراپەکانی بدەین. لێرەوە چەند خاڵێك ئاماژە پێدەکەین:

١- ئایا ئێمە وەك گەلی کوردســـتان بە هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکانمان، کێشـــەمان لەسەر ئـــەوە هەیە،ئەم هەرێمە ســـەرۆکی هەبێت یان سەرۆکی نەبێت؟ بێگومان مێژووی ١٨ ساڵی رابردوو، واتە ١٩٩١-٢٠٠٩ وەك بەڵگەنەویستێك پێماندەڵێت، بوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێویستە و پێویستمانە.

٢- کەواتە شـــیکاری ئەقڵانـــی هەموومانی لەم خاڵەدا کۆکردۆتەوە، کە بوونی ســـەرۆکێك بۆ هەرێمی کوردســـتان پێویستییەکە و دەبێت هەبێت، بۆیە پرســـیار دەبێتە ئـــەوەی ئایا ئەم پۆستە بۆ لایەنێکی دیاریکراو قۆرخکراوە؟ واتە ئایا یاســـایەك هەیە لە پەرلەمانی کوردستان هەیە بڵێت، ئەم پۆستە قۆرخە بۆ بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستان و کەسی دیکە مافی خۆپاڵاوتنی نەبێت؟ بۆ وەڵامی ئەم پرســـیارەش مێژووی ١٨ ســـاڵی رابـــردوو پێماندەڵێت، لە یەکـــەم هەڵبژاردنی هەرێمی کوردســـتان کە لەیـــەك کاتدا دەنگ بۆ ســـەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان دراوە، بێجگە لەبەڕێـــز بارزانی، ٣ پاڵێوراوی دیکەش هەبوون، کە بریتیبوون لە بەڕێزان «مام جەلال، د.محمود عوسمان، مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیز» بـــەڵام تەنها بەڕێز مســـعود بارزانـــی لەگـــەڵ ئەوەی رێـــژەی ٥٠+١٪ یشـــی بەدەســـتنەهێنا زۆرینەی دەنگەکانی بەدەســـتهێناو، مـــام جەلال-یـــش دەنگێکی زۆری بەدەســـتهێنا، کە دەتوانین بڵێین پێکەوە بارزانی و تاڵەبانـــی نزیکەی ٩٠٪ی دەنگی هاووڵاتیانی کوردســـتانیان بەدەستهێنا، بەڵام لەبەرئەوەی بەڕێز مسعود بارزانی نیوە زیاتری بەدەستنەهێنابوو، ئەم پۆستە مایەوە.

٣- بەڵام سەرۆکایەتی هەرێم پۆستێکی گرنگە و نابێت هەروا بمێنێتەوە، بۆیە بە ناچاری پەنا بۆ رێگەچارەی دیکە برا، ئەویش دامەزراندنی دەستەی ســـەرۆکایەتی بوو. کە لایەن هەردوو بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی سەرۆکایەتی دەکرا، بەڵام بەداخەوە ئەم ئەزموونە سەرکەوتوو نەبوو، لەگەڵ شەڕی ناوخۆ دەستەی سەرۆکایەتیش نەمـــا، بۆچـــی؟ لەبەرئەوەی ئەم دەســـتەیە دەســـەڵاتی ســـنووردار بوو. نەیتوانـــی رێگە لەشەڕی ناوخۆ بگرێت، دروست وەك دەسەڵاتی ئێستای سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، راستە جەنابـــی مام جەلال ســـەرۆکە، بەڵام هەردوو جێگرەکەی کە نوێنەرایەتی عەرەبی شـــیعە و عەرەبی ســـونە دەکەن، مافی ڤیتۆیان هەیە، دەبێت بڕیارەکان بە بە کۆی دەنگ بێت، بۆیە دەبینین ئەم دەســـتەی سەرۆکایەتیەش شەڕی نێوان سونە و شیعە و سەرۆکایەتی پەرلەمانی پێ چارەسەر نەکرا.

٤- کەواتە ئەزموونی ساڵی ١٩٩٤ ئەزموونێکی ســـەرکەوتوو نەبـــوو، بۆیە لەلایـــەن پارتی و یەکێتیەوە ئـــەم ئەزموونە یان ئەم رێگەچارەیە دوورخرایەوە و بـــەدوای رێگەچارەیەکی دیکە گـــەڕان، لەبەرئـــەوەی لەهەڵبژاردنی یەکەم دەرکەوت ئەم پۆستە تەنها بەڕێزان تاڵەبانی و بارزانی دەتوانن ململانێی لەســـەر بکەن، بۆیە بوو بە پۆســـتی هاوبەشی پارتی و یەکێتی،کە رژێمی عێـــراق رووخا، هەرێمی کوردســـتان رۆڵێکی دیاری لە هاوپەیمانی بۆ رزگارکردنی عێراق گێڕا و باردۆخەکە بەجۆرێك شـــکایەوە، کورد هەم حکومڕانی کوردستان دەکات و هەم لە عێراقیشدا هاوبەشە، ئەم باردۆخە لەبەرامبەر پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، چانسی ئەوەی خســـتە بەردەم هاوپەیمانی کوردستانی کە یەکێك لە پۆســـتە ســـەرورییەکانی عێراق بەر لیســـتی هاوپەیمانی کوردستان بکەوێت، کورد جەختی لەســـەر پۆستی سەرۆك کۆمار کـــرد و ئەم پۆســـتەی وەرگـــرت، بۆیە دەبوو هاوپەیمانی کوردستان بەهێزترین دوو نوێنەری خـــۆی بۆ ئەو دوو پۆســـتە گرنگە بپاڵێوێت، ئەویش بەڕێز مام جەلال بۆ پۆســـتی سەرۆك کۆمـــاری عێـــراق و بەڕێز مســـعود بارزانی بۆ پۆســـتی ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەپێـــی رێککەوتنی ســـتراتیژی هەردوولاش وا بڕیاردرا، ئەم پۆســـتە لەلایەن پەرلەمانەوە دیاری بکرێت، واتە ســـەرۆکی هەرێم لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەستنیشان بکرێت، ئەم رێگەچارەیەش کە رێگەچارەیەکی جیاوازتربوو گیرایەبەر، بۆ جاری دووهەم تاقیکرایەوە، بەڵام ئەم شـــێوازەش بۆ ئەو قۆناخەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە و ســـاڕێژکردنەوەی برینەکان و جومگەبەنـــدی تواناکانی هـــەردوولا (پارتی ویەکێتـــی) بۆ سەرخســـتن و تێپەڕاندنی ئەو قۆناخە، لەلایەنێکـــەوە هەنگاوێکی زۆر باش بـــوو، لەبەرئەوەی بوونی ســـەرۆکی هەرێمی چەســـپاند بۆ ئـــەوەی پارتە سیاســـییەکانی کوردستان بەگشتی و یەکێتی پارتی بەتایبەتی هەم لە کوردســـتان بتوانن لەژێر سەرکردایەتی جەنابی سەرۆك بارزانی کار بکەن، هەمیش لە بەغدا لە ژێر سەرکردایەتی جەنابی مام جەلال

**متمانەدانی گەلی کوردستان بە سەرۆک مسعود بارزانی بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکات لەم قۆناخەدا، لەبەرئەوەیە گەلی کوردستان دەیەوێت جێبەجێکردنی یاسا هێزێکی گەورەی لەپشتەوە بێت و دەوڵەتی قانوون دابمەزرێت**



سەرۆك كۆماری عێراق كاربكەن، هەم لە هاوینەهەواری سەڵاحەددین جەنابی مام جەلال سەردانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بكات و پێكەوە وەك سەرۆكی هەرێم و سەرۆك كۆماری عێراق باسی رەوشی هەرێمی كوردستان و عێراق بكەن، یان وەك سەرۆكی هەرێم سەردانی سەركۆماری عێراق بكات لە شوێنی حەوانەی تایبەتی خۆی لە هاوینە هەواری دوكان، بەڵام دیسان ئەم ئەزموونەش بەو ئاستە سەركەتوو نەبوو كە بتوانێت هەموو كێشەكانی كوردستان چارەسەر بكات، یاسا لە كوردستان سەروەر بێت و دەوڵەتی قانوون دابمەزرێت، بۆیە ئێستا كاتی ئەوە هاتووە بە دوای رێگەچارەیەكی دیكە بگەڕێین دەوڵەتی قانوون دابمەزرێنین. ئەو رێگەچارەیەش ئەوەیە سەرۆكی هەرێمی كوردستان راستەوخۆ لەلایەن گەلی كوردستانەوە هەڵبژێرێت.

٥- هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێمی كوردستان رێگەچارەیەكی دیكەیە كە لەدوای دەستەی سەرۆكایەتی و دەستنیشانكردنی سەرۆك لەلایەن پەرلەمانەوە پەنای بۆ دەبەین، گەڕانەوەیە بۆ ئەو شێوازەی كە یاسای ژمارە یەكی بەرەی كوردستانی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆكی هەرێمی كوردستان دایڕشتووە، بەڵام لە هەڵبژاردنی ١٩٩٢ ئەم شێوازە یەكلایی نەكرایەوە، بۆیە ئەگەر لە ساڵی ١٩٩٢ ئەم شێوازە یەكلایی بكرایەوە، لەوانەبوو، ئەم شێوازەش ئەگەر سەركەوتنی بەدەستنەهێنابایە ئەوا لەوانە بوو، پەنامان بۆ شێوازێكی دیكە ببردایە، لەبەرئەوە ئێمە پەنامان بۆ شێوازی دیكە برد بە ئاستی پێویست سەركەوتوو نەبوو، بۆیە ئێستا پەنا بۆ شێوازێكی دیكە دەبەین و، ئەم پۆستەش بەپێی یاسا بۆكەسێك یان لایەنێك قۆرخ نەكراوەو، دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ هەموو كەس كراوەیەوە و هەڵبژاردنێكی كراوەیە، نە لیستی داخراوە و نە هیچ، بۆ ئەوەی ئەوانەی بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان رەخنە لەم شێوازە دەگرن بە ئاشكرا و بە پشتبەستن بە ئیرادەی گەلی كوردستان بە دەنگی بەرز پێیان دەڵێین، ئەم پۆستە، پۆستی سەرۆكی هەرێمی كوردستان، بە دەنگی ئەندامانی هیچ پارتێكی



سیاسیی یەکلایی نابێتەوە، کە دەشڵێین بە دەنگی ئەندامانی هیچ حزبێك یەکلایی نابێتەوە، مەبەست ئەوەیە، هەڵبژاردنەکانی پێشوو سەلماندیان هیچ لایەنێك بەتەنیا لە هەڵبژاردنەکان ڕێژەی زۆرینەی ڕەها بەدەستناهێنێت، تەنانەت لە ساڵی ١٩٩٢ش پارتی و یەکێتی بۆیە بوونە بە ٥١٪ و ٤٩٪ لەبەر ئەوەبوو کە ڕێژەی ٧٪ بۆ حزبە سیاسییەکان دانرابوو بۆ چوونە نێو پەرلەمان و بێجگە لە پارتی و یەکێتی هیچ لایەنێك ڕێژەی ٧٪ی بەدەستنەهێنا بۆ ئەوەی بچێتە پەرلەمان بۆیە دوای دابەشکردنەوەی دەنگەکان، پارتی بوو بە ٥١٪ و یەکێتی بووە ٤٩٪، کەواتە ئەم هەڵبژاردنە جیاوازە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی و دەبێت زۆرینەی دەنگەکانی گەلی کوردستان بە دەستبهێنیت و سەرۆك بارزانیش لەم قۆناخەدا تەنیا پاڵێوراوە بۆ ئەو پۆستە کە مەزندە دەکرێت زۆرینەی ڕەهای گەلی کوردستان بە پێویستی دەزانێت متمانەی خۆی پێبدات، لەبەرئەوەی پێویستی بەوەیە یاسا ئازادی و مافەکانی بۆ بپارێزێت، کەواتە متمانەدانی گەلی کوردستان بە سەرۆك مسعود بارزانی بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکات لەم قۆناخەدا، لەبەرئەوەیە گەلی کوردستان دەیەوێت جێبەجێکردنی یاسا هێزێکی گەورەی لەپشتەوە بێت و دەوڵەتی قانوون دابمەزرێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم شێوازە دەستکاری ناکرێت و شیوازێکی ئەبەدییە؟ ئایا ئەم شێوازە بۆ یەکجار سەرۆکێك هەڵدەبژێرێت و تەواو؟ لەوەڵامدا دەڵێین: نەخێر، ئەم پۆستە بۆ هەر تاکێکی کوردستانە، هەروەها دەبێت لەدوای چارەسەرکردنی هەر کێشەیەك بەدوای چارەسەری کێشەیەکی دیکە بگەڕێین، لەبەرئەوەی ژیان سەرتاپا گەڕانە بەدوای چارەسەرکردنی کێشەکان و لەبەرئەوەی سەرچاوەی مەعریفە کۆتایی نایەت، پێشکەوتن کۆتایی نایەت، واتە کێشە و چارەسەر کۆتایی نایەت، هەروەك چۆن مونازەرە بە ناوبانگەکەی نێوان ئەلبەرت ئاینشتاین دانەری تیۆری ڕێژەیی و نیلز بۆر زانای فیزیای ئەتۆمی وخاوەنی خەڵاتی نۆبڵی ١٩٧٥ نەگەیشتە ئاکامێکی یەکلاکەرەوە، ئەمە بۆمونازەرەکەی نێوان فەرەج فۆدە و ئیمامی غەزالیش ڕاستە، لەبەرئەوەی مونازەرەکەی ئەوانیش نەگەیشتە ئاکامێکی یەکلاکەرەوە، بەڵام ئەو کاتە کۆتایی هات کە ئیخوان موسلیمینەکانی میسر بە شەهید کردنی فەرەج فۆدە ئەو دیالۆگەیان گۆڕی بۆ توندوتیژی و کوشتن و تیرۆرکردنی لایەنێکی دیالۆگەکە، بۆیە ئێمە لەم ڕاپۆرتە باسی چارەسەرێکی ئەقڵانی دەکەین وەك هەوڵەکانی ئەینیشتاین و بۆر، نەك هەوڵەکانی ئیخوان موسلمین بۆ کوشتنی لایەنێك و تیرۆرکردنی دیالۆگ، سەپاندی چەمکێك لە ڕێگەی توندوتیژییەوە، کەواتە ئامانج لەم موناقەشەیەی ئێمە بۆ بەردەوامی دیالۆگ و بەردەوامی هەوڵەکانە بۆ گەیشتن بە ڕێگەچارەی باشتر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان، ئەمە واتە چۆن لە فەرەنسا تائێستا پێنج جار شێوازی کۆماری گۆڕاوە و پێنج جار دەستووری فەرەنسا هەموار کراوە، چۆن چەندین جار دەستووری ئەمریکا هەموار کراوە، بۆیە ئاساییە، ئێمەش ئەگەر لە ئایندەدا، جارێکی دیکە یاسای سەرۆکی هەرێم هەموار بکەینەوە، کەواتە ڕەتکردنەوەی شێوازێك بەبێ موناقەشکردن واتە خۆدزینەوە لە چارەسەرکردنی کێشەکان، هەوڵدان بۆ بەلاوازی مانەوەی ئەو هێزەی دەبێتە پشتگیری بۆ سەروەری یاسا، دەبێتە پاڵپشت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی قانوون، واتە جەختکردن لەسەر مانەوەی ئەو شێوازەی کە پێویستە گۆڕانی بەسەردا بێت و شێوازی باشتر پیادە بکرێت.

## پارێزەری پرانسیپە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان

دەستێکی ئەمین بۆ جێگیرکردنی ئازادییەکان کاتێك دەڵێین پێویستمان بەسەرۆك بارزانیە، مەبەستمان ئەوە نییە بانگەشەی هەڵبژاردن بکەین، نەخێر لەبەرئەوەی بەر لەوەی هەڵبژاردن لە ئارادابێت، بەرەی کوردستانی سەرۆك بارزانی بە شایستەی ئەوەی زانیوە سەرۆکایەتی بەرەی کوردستانی پێبسپێرێت، لەبەرامبەردا ئەم متمانەیە نەك هەر نەبۆتە هۆکاری ئەوەی کە سەرۆك بارزانی ئەم دەسەڵاتە بۆ بەرژەوەندی خۆی یان پارتی بەکاربهێنێت، بەڵکو هەموو کات متمانەی گەلی کوردستان و پارتە سیاسییەکانی وەك ئەمانەتێك سەیر کردووە و بەردەوام هەوڵیداوە ئەم ئامانەتە بگێڕێتەوە بۆ گەلی کوردستان، هەربۆیە لەگەڵ دەستپێکی راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و لە شاری کۆیە بارزانی لەیەکەم گوتاریدا وەك سەرۆکی بەرەی کوردستانی بۆ جەماوەری راپەڕیوی کوردستان جەختی لەسەر دوو خاڵی گرنگ کردەوە:

١- گێڕانەوەی دەسەڵات بۆگەلی کوردستان.

٢- بونیادنانی دەوڵەتی قانوون.

ئەم دوو خاڵە دەیسەلمێنن سەرۆك بارزانی پابەندە بە پرەنسیپە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان و، هەموو هەوڵیشی لەپێناوی ئەوەیە لەسەر بنەمای ئەم پرەنسیپە نیشتمانی و نەتەوەییانە لە ئازادی نەتەوەکەی بڕوانێت.

سەرۆك بارزانی هەوڵیداوە لەچەمکی ئەم پرەنسیپانەوە بەو شێوەیە لەگەڵ گەلی خۆی بدوێت و پێیان بڵێت: ئەگەر واز لەم پرەنسیپانە بهێنین خۆمان بڕیاری خۆکوژی نەتەوەکەمان دەدەین؟ ئایا ئەم تێڕوانینەی سەرۆك بارزانی لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟ لەوەڵامدا دەڵێین، لەو سەرچاوە مەعریفیەوەی کە دەڵێت: هیچ ئازادیەك جوانییەکەی دەرناکەوێت، ئەگەر کیانێکی سیاسیی یان دەوڵەتێك نەبێت، ئەو ماف و ئازادیانەی تێدا نمایش بکرێت، ئەو ماف و ئازادیانە هیچ بەهایەکیان نابێت ئەگەر هەموومان ئەرکی خۆمان بەرامبەر مافەکانمان دیاری نەکەین، ئازادی نابێتە دوا ئامانجی مرۆڤ، ئەگەر لە دەوڵەتدا دامەزراوەی پێویست بۆ هەڵسوڕاندن و دیاریکردنی ئەو مافانە دانەمەزرێنرێن.

سەیر بکەن مسعود بارزانی پێش هەر لایەنێك بە فەرمی لە کۆنگرەی ١٢ بڕیاریداوە ئۆرگانەکانی پارتی لەسەر بنەمای دامەزراوە بونیاد بنێتەوە،،ئەمەش مانای ئەوەیە سەرۆك بارزانی پێشتر گەیشتۆتە قەناعەت، تەنها دامەزراوە دەتوانێت، سیمای جوانی ئازادی پیشانبدات، دەمەزراوەیە ماف و ئازادییەکان لە ئیرادەی تاك وەك مافی موجەرد دەکاتە ماف و ئازادی وەك دواین ئامانجی هەموو تاکەکان، واتە تاك کاتێك دەستبەرداری مافی موجەرەدی خۆی دەبێت، ماف و ئازادی سنووردار لەچوارچێوەی دواین ئامانج هەڵدەبژێرێت، کەواتە سەرۆك بارزانی هەوڵدەدات، پرەنسیپە نیشتمانی و نەتەوەییەکان نەك هەر بچەسپێنێ، بەڵکو ئامانجی ئەوەیە ئەم پرەنسیپانە ببنە بەشێك لە مۆراڵی هەر تاکێکی کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە خزمەتی ماف و ئازادییەکان بکەین.

* خاڵیکی دیکەی بەهێز، کە سەرۆك بارزانی بەردەوام جەختی لەسەر دەکاتەوە، پابەندبوونی ئەخلاقی سەرۆك بارزانیە بەمافی کورد لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، ئەمە موزایەدەی سیاسیی نییە، بەڵکو ئەمە پابەندبوونی سەرۆك بارزانییە، بەوەی ئازادی گەلەکەی لە هەموو هەرەشەکانی دەوربەر و جیهان بە گەورەتر دەزانێت، دەبێت گەلی ئێمە ئەو راستییەی لا ئاشکرا بێت، سەرۆك بارزانی ناوێرێت دەسکاری هەندێك شت بکات کە پەیوەستە بە ئازادی گەلەکەی، واتە ناوێرێت دەستکاری ئازادی گەلەکەی بکات ئەمەش لە بارزانی نەمرەوە فێربووە، نابێت هیچ سەرۆکێك زاتی ئەوە بکات دەستکاری ئازادی بکات، ئەگەر گەلی کوردستان مافی دەوڵەتی سەربەخۆی لێوەربگیرێتەوە، واتە گەیشتن بۆ ئاستی مرۆڤێکی ئازاد شایستەی تاکی کوردستانی نییە، واتە کورد شایستەی ئازادی نییە، بۆیە ئێمە دەمانەوێت، ئەم ترسەی سەرۆك بارزانی بەوەی کەس ناتوانێت دەسکاری ئازادی بکات، ببێتە بەشێك لە ئەخلاقی تاك و کۆمەڵگەی ئێمە، بۆئەوەی هەموو بەترسەوە مامەڵە لەگەڵ ئازادی بکەین، نەك ئەوەندە بوێر بین گاڵتە بەئازادی بکەین، دەبێت لەبەرامبەر ئازادی «واتە پاراستنی کیانی سیاسی و مافی گەلی کوردستان بۆ بونیادی دەوڵەتی سەربەخۆ، وەك بەرزترین و دوا ئامانج» هیچ شتێك لەوە بەرزتر نەبێت، نابێت هیچ شتێك لەمە بەرزتر بێت، کەواتە سەرۆك بارزانی کاتێك دەڵێت: «کورد مافی سروشتی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی خۆی دابمەزرێنێت» واتە بێجگە لەوەی ئەمە وەك خیتابێکی قەومی تەفسیری بۆ بکرێت، دەبێت وەك خیتابێکی ئینسانی سەیر بکرێت، ئەمەش لەبەرئەوەی مافی کورد وەك هەر نەتەوەیەکی دیکە، واتە گەشەپێدانی کەسێتی تاکی کورد، وەك کەسێتی هەر تاکێکی ئازاد لەجیهاندا، کەس ناتوانێت بە ئاراستەی شکاندنی کەسێتی تاکی کورد کاربکات، ئەمە بەشێکە لە موقەدەساتی میللەت، هەر بۆیەش دەبێت، ئەم کیانە سیاسیەی ئێستا و ئومێدی دامەزراندنی دەوڵەت سەربەخۆ، موقەدەس بن، لەبەرئەوەی کەسێتی تاکی کوردموقەدەسە، دەوڵەت یان ئەم کیانە سیاسیەش کۆی هەموو کەسێتی تاکەکانە، دەبێت کەسێتی تاکەکان لە دەوڵەت یان بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان، لەو کیانە رەنگبداتەوە، بۆ ئەوەی دامەزراوەکان ماف و ئازادییەکان هەڵبسوڕێنن، کەواتە ئێمە لەم کیانەدا دامەزراوەکان و دەوڵەت، وەك دوو مەسەلەی نەگۆڕ سەیر دەکەین، بەڵکو ئەو کەسانە دەستنیشان دەکەین و ئەو کەسانە دەگۆڕێن،کە ئەو دامەزراوانە بۆ ماوەیەك هەڵدەسوڕێنن، کەواتە هاتینەوە سەر ئەوەی ئێمە دەبێت لەسەر سەوابتە نیشتمانییەکان کۆك بێن. کەواتە پێویستمان بەسەرۆك بارزانییە لەبەرئەوەی ئەوەی گەل بە گرنگی دەزانێت، ئەو هەوڵی بۆ دەدات و لە هەمانکاتیشدا هەوڵی چەسپاندیشی دەدات.

* پێویستمان بەسەرۆك بارزانییە بۆئەوەی ئەو زەمینەمان بۆ بڕەخسێت، ئەم چەمکانە بکەینە بەشێك لە مۆڕاڵی کۆمەڵگە نەك تەنها چەمکی ناو سیاسەت بن، واتە ئەم چەمکانە ببنە چەمکی ئەخلاقی کۆمەڵگە و، پەیوەندی بە ویژدانی هەر تاکێکەوە هەبێت، کەواتە دەبێت هەموو لەژێر سایەی سەرۆك بارزانی کاری بۆ بکەین، بۆ ئەوەی بیپارێزین و بیچەسپێنین، بۆ ئەوەی ئازادیەکەمان مانایەکی هەبێت.

* لایەنێکی دیکەی گرنگ کە لەخیتابی بارزانیدا باڵادەستە جەختکردنەوەیەتی لەسەر سەروەری یاسا و بونیادی دەوڵەتی قانوون و گرێدانەوەی ئەم ئامانجە پیرۆزە بە هۆشیاری کۆمەڵگە و بە مەعریفە و زانستەوە، بۆیە لەو کاتەی کە هەموو شتێك لە کوردستان لە مەترسیدابوو، سەرۆك بارزانی ئامادەباشی خۆی پیشاندا ئەگەر پێویست بێت خۆی بەشەخسی دەبێتە پاسەوانی زانکۆکانی کوردستان، واتە خۆی دەبێتە پاسەوانی مەعریفە و زانست، بۆیە ئێستا لەهەموو کاتێك زیاتر میللەتی ئێمە پێویستی بە زانست و داهێنان و مەعریفە و زانست هەیە، بۆیە پێویستمان بە بارزانی- یە بۆ ئەوەی ئازادی و مەعریفە و زانستمان بۆ جێگیر بکات. پێویستمانی بۆ ئەوەی ئێستا تێپەڕێنین و ئایندە بونیادبنێین.

**بەر لەوەی هەڵبژاردن لە ئارادابێت، بەرەی کوردستانی سەرۆک بارزانی بە شایستەی ئەوەی زانیوە سەرۆکایەتی بەرەی کوردستانی پێبسپێرێت**

**مسعود بارزانی پێش هەر لایەنێک بە فەرمی لە کۆنگرەی ١٢ بڕیاریداوە ئۆرگانەکانی پارتی لەسەر بنەمای دامەزراوە بونیاد بنێتەوە، ،ئەمەش مانای ئەوەیە سەرۆک بارزانی پێشتر گەیشتۆتە قەناعەت، تەنها دامەزراوە دەتوانێت، سیمای جوانی ئازادی پیشانبدات**

# کاری سەرکردە نەتەوەییەکان دۆزینەوە و جۆشدانی ڕۆشنبیرانە بۆ ئەوەی ببنە بەشێک لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە

**پرۆفیسۆر سیری کۆستیك سەرۆکی ئامۆژگای ئۆکرانیا-کەنەدیە بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی وئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی تۆماس مۆر و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە میتۆدی شیکاری سیاسیی دەوڵەت و پرۆسەی بونیادی نەتەوە، پرۆفیسۆر کۆستیك لەبەرئەوەی بەرەگەز خەڵکی ئۆکرانیایە، لەنزیکەوە ئاگاداری پرۆسەی بویادنانەوەی نەتەوەیە لە دوای ڕووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە پرۆفیسۆر کۆستیك بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی داپەوە.**

*** بەپێی تێڕوانینی ئێوە ئایا تایبەتمەندیەکانی ئەم قۆناخە هەستیارەی پێی دەگوترێت قۆناخی بونیادی نەتەوە چین؟**

- بنیاتنانی نەتەوە، ڕووداوێك نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامە. بریتییە لە پرۆسەی گۆڕین. ئەگەرچی پێناسەکردنی بنیاتنانی نەتەوە زەحمەتە، بەڵام دەکرێت بەو شێوەیە لێی بڕوانین کە بریتییە لە پرۆسەی گۆڕینی ناسنامەی ئیتنی و ناسنامەکانی دیکە بۆ یەك نەتەوە. هەندێ لە خەسڵەتەکانی گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی بۆ یەك نەتەوە بریتین لە بەشداری کردن لە خاکی هاوبەش، یادەوەری و ئەزمونە هاوبەشەکان، ڕەگەز، زمان، ئایین، کولتوور و ئابووریدا.

پەیوەستبوونی ئەم هۆکارانە پێکەوە و هۆکارەکانی دیکەش سەردەکێشن بۆ ڕەهەندێکی گرنگی دیکە لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا- بە سیاسیکردنی گروپێکی ئیتنی، کە پێویست بە بوونی دەوڵەتێك دەکات بۆ پاراستن و پەرەپێدانی بەرژەوەندی و ئامانجە هاوبەشەکان. ووتراوە ئەو گروپەی ئامادەیە دەوڵەتی نەتەوەی خۆی دروست بکات، نەتەوەیە. پرۆسە سیاسیەکانی بنیاتنانی نەتەوە پرۆسەگەلێکی ئاڵۆزن. ئێمە دەزانین هەندێ لە نەتەوەکان بێ دەوڵەتن، هەندێکیان دەوڵەتیان هەیە و خەبات دەکەن بۆ یەکگرتن لەگەڵ نەتەوە و گروپە ئیتنیەکانی دیکەدا لە سایەی یەك دەوڵەتدا.

هەروەها مشتومڕێك هەیە لە بارەی دەوڵەت-نەتەوە و دەوڵەتی مەدەنیەوە.

**بنیاتنانی نەتەوە بریتیە لە پرۆسەی گۆڕینی ناسنامەی ئیتنی و ناسنامەکانی دیکە بۆ یەک نەتەوە**



بە کورتی، هیچ گروپێکی ئیتنی و دەوڵەتی مەدەنی خاڵس بوونی نیە- هەموو دەوڵەتەکان تێکەڵێکن لە پێکهاتە ئیتنی و مەدەنیەکان. ئایا «نەتەوەیەکی کەنەدی» بوونی هەیە، یاخود کەنەدا پێکهاتووە لە «نەتەوە» جیاوازەکان؟ ئایا لایەنی ئیتنی-کولتووری یاخود مەدەنی کەنەدا گرنگترە؟ لەم ڕۆژگارەدا، دەوڵەتی هاوچەرخ پێویستی بەوە نییە لە سەدا سەدی دانیشتوانەکەی لە یەك گروپی ئیتنی، زمانەوانی و کولتووری پکهاتبێت بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت. بە زۆری زانا سیاسیەکان هەمیشە ئەو دەستەواژەیە دووبارە دەکەنەوە کە پێش ١٦٠ ساڵ ماسیو دازگێلۆ گوتی: «ئێمە ئیتاڵیامان دروست کرد، ئێستا دەبێت ئیتالیەکان دروست بکەین.» لەم ڕۆژگارەدا، هێشتا دوو لە سەر سێ ئیتاڵیەکان بە لەهجە ناوچەییەکانی خۆیان قسە دەکەن، تەنها لە سەدا ٨٠یان بە زمانی ئیتاڵی ستاندارد قسە دەکەن. لەم ڕوانگەیەوە، بنیاتنانی نەتەوە پرۆسەیەکی بەردەوامی گۆڕینی لایەنە سەرەکیەکان و کارلێکی هۆکارە جیاوازەکانە بەبێ دانانی خشتەیەکی زەمەنی پێشوەخت.

*** لە مێژوی بنیاتنانی نەتەوە، یان ڕزگاکردنی نەتەوەدا، ئەو سەرکردانەی ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لەم قۆناخەدا هەمیشە وەك ڕەمزێکی ئەو نەتەوەیە سەیرکراون. ئایا کاریگەرییەکانی بوونی سەرکردایەتی نەتەوەی چییە؟**

- بەشێکی وەڵامەکە لە پرسیارەکەدایە. کاریگەری بوونی یان نەبوونی سەرکردایەتی نەتەوەیی گرنگە بۆ پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە، بە تایبەتی کاتێك گروپێکی نەتەوەیی لە ڕووی سیاسیوە «کامڵ» بێت. سەرکردە نەتەوەییەکان هەڵدەستن بە گوزارشتکردن لە بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان، پەرە بە ستراتیژ و تاکتیکەکان دەدەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکان. هەروەها بەرپرسیارێتی شکست یان سەرکەوتنی کارەکانیان دەگرنە ئەستۆ. تەنها خەڵکانێکی کەم باوەڕیان بە بنیاتنانی نەتەوە هەیە بەوەی بنیاتنانی نەتەوە بێ بوونی تێڕوانینێکی هاوبەش کە لەلایەن سەرکردایەتی نەتەوەییەوە گوزارشتی لێکرابێت، مومکینە. لەلایەکی دیکەوە، سەرکردە نەتەوەییەکان تەنها گەمەکارێك نین لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا.

*** بە پێی تێڕوانینی ئێوە، ئایا ئەرکی ڕۆشنبیران چییە لە قۆناخی بنیاتنانی نەتەوەدا؟**

- تکایە ئەوەتان لەبیربێت کە دەکرێت

خودی رۆشنبیرەکان خۆیان ببنە سەرکردەی نەتەوەیی. کە لەو کاتەدا دەتوانن هەم ئایدیاکان بەرهەم بهێنن و هەم جێبەجێشیان بکەن. ئەگەر کەسێك رۆشنبیران لە سەرکردە نەتەوەییەکان جیابکاتەوە، ئەوا دەبێت ئەوەی لە یاد بێت کە نیکۆلۆ ماکیاڤیلی گوتویەتی «دەست و پێوەندەکان-شوێنکەوتوان- پاشا دروست دەکەن». ئەم خەڵکانە زۆر گرنگن، هەمیشە بیرۆکەکانیان بە ئاراستەی ئایندەیە و سەرکردەکانیش هەمیشە ئامادەنین قەبووڵیان بکەن و جێبەجێیان بکەن. زۆرجار، ئەم بیرۆکانە بۆ سەدان ساڵ دەمێننەوە. من رۆشنبیران بەو سەربازانە بەراورد دەکەم کە گولە تۆپەکان دەکەنە تۆپەکانەوە، سەرکردە نەتەوەییەکانیش بە ئەفسەری تۆپەکان کە راستەوخۆ فەرمانی تەقاندنیان دەدەن. شتێکی باش دەبوو، کە هەردوو ئەم لایەنەمان هەبووایە لە کات و شوێنی گونجاودا.

هەرچۆنێك بێت، زۆرجار رۆشنبیرەکانیش خزمەتی نەتەوەکەی خۆیان ناکەن لەبەر چەند هۆکارێکی جیاواز. لەم حاڵەتەدا، کاری سەرکردە نەتەوەییەکان دۆزینەوە و جۆشدانی رۆشنبیرانە بۆ ئەوەی ببنە بەشێك لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە. نزیکەی هەمو نەتەوەیەك یان گروپێکی ئێتنی ژمارەیەکی زۆری سەرچاوەی رۆشنبیری و مەعریفی هەیە_ بە داخەوە، زۆرجار ئەم سەرچاوانە لە لایەن ئەم سەرکردانەوە بەکارناهێنرێن. لەوەش زیاتر، کەس ناتوانێت ناچاریان بکات بۆ ئەوەی کارێك بکەن بۆ گروپە ئێتنی یان نەتەوەکەیان. دەبێت پشتیوانی ئەوان لە قەناعەتەوە بێت، بێ پاداشت بێت.

لەوەش زیاتر، گرنگی ئەو رۆڵەی «رۆشنبیرە تەقلیدیەکان» دەیبینن کەمترە بە بەراورد بەو رۆڵەی سەدان ساڵ پێش ئێستا دەیانگێڕا، بە شێوەیەکی سەرەکی دەکرێت پاشماوەی کارەکانیان لە جیهانی ئەکادیمیدا بدۆزینەوە. پێشکەوتنی تەکنەلۆجی، زانستی، هات و چۆی ئازادی خەڵك و ئاڵ و گۆڕیی خێرای بیرۆکەکان لەم گوندە جیهانیەدا بوونەتەهۆی دروستکردنی شێوە_ رۆشنبیر (پلاندانەرە ستراتیجیەکان، شیکەرەوەکان، راوێژکارەکان و هتد.) بۆ پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە. دووبارە، ئەرکی سەرکردەکانە هەڵبستن بە دۆزینەوە، دامەزراندن و بەکارهێنانی ئەم کەسە پیشەگەرە خاوەن ئەزمونانە بە شێوەیەکی کارا بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکان.

*** ئێمە دەزانین سەرکردە رۆحییەکان دەبنە بەشێك لە ناسنامەی نەتەوە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە بۆچی نەتەوەکان ستایشی ئەم سەرکردانەی خۆیان دەکەن؟**

- بە بۆچوونی من، ئەوان ئەو تێڕوانین، بەها و بنەما ستراتیژیانەیان هەبوو کە زۆرینەی هاووڵاتیان پێوەی پابەندبوون و پشتگیریان دەکرد. لەبەرئەوە جێی سەرسوڕمان نییە کە ئەوان «باوکان»ی نەتەوەکانیانن، لەبەرئەوەی توانیان نەتەوەیەکی لاواز و دابەشبوو یەکبخەن لە سایەی یەك ئامانجدا، ئەویش بریتی بوو لە دەوڵەتێکی بەهێز و سەربەخۆ. لە هەمانکاتدا، هەمویان بایەخی بنەڕەتیان بە مرۆڤ دەدا و دژی پەنابردنە بەر توندوتیژی بوون وەك ئامرازێکی سیاسی. جارێکیان گاندی گوتی «راستی لە دڵی هەموو مرۆڤێکدا هەیە، دەبێ لەویدا بۆی بگەڕێین، هەروەها دەبێت ئەو راستیە ببێتە رێبەرمان هەر کاتێك دۆزیمانەوە، بەڵام هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە خەڵکانی دیکە ناچاربکات بەو شێوەیە رەفتار بکەن کە لەگەڵ ئەو تێڕوانینەدا گونجاو بێت کە ئەو بۆ راستە هەیەتی.» ئەم سەرکردە نەتەوەییانە پشتگیریەکی جەماوەری بەهێزیان هەبوو کە یارمەتی دان کۆتایی بە پشێوی سیاسی و توندوتیژی بهێنن. ئەوان شارەزای سیاسەت بوون وەك «هونەری مومکین»، هەروەها ئەوان نیشتمانپەروەر_نەوەیەکی مەزنی نەتەوەکانیان بوو کە هەتا ئێستاش بیرو باوەڕەکانیان زیندون.

*** لەم رۆژگارەدا، بنیاتنانی دیموکراسی بە مانای تەواوکردنی بنیاتنانی نەتەوە دێت کە پێویستە سەرکردە نەتەوەییەکان بنیاتنانی دیموکراسی لەبەرچاوبگرن. کەواتە ئایا بنیاتنانی دیموکراسیش پێویستی بە سەرکردەی باش هەیە؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، بنیاتنانی نەتەوە خشتەیەکی زەمەنی پێشوەختە لە خۆناگرێت، بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامە. هەمان شت بەسەر دیموکراسیشدا جێبەجێ دەبێت. من ووتە بە ناوبانگەکەی چەرچڵم لە یادە: «دیموکراسی خراپترین شێوەی حکومەتە، جگە لەو شێوانەی دیکە کە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە تاقیکراونەتەوە.» ((Democracy is the worst form of government, except for all those other forms that have been tried from time to time.»

دەبێت سەرکردە نەتەوەییەکان قوتابیەکی بەردەوامی دیموکراسی بن، ئەگەر نەتەوەکەیان دیموکراسی وەك شێوەی حکومەتکردن گرتەبەر. لەبەرئەوە سەرکردەکان دێن و دەچن، بەڵام بنەماکانی پەرەپێدانی دیموکراسی سەقامگیرن، دەمێننەوە- ئەم بنەمایانە رێساکانی گەکەمەن- لەم سەردەمەدا شەعبیەتی سەرکردە بایەخی نیە- رەنگە سبەینێ سەرکردەگەلێکی نوێ سەرهەڵبدەن. دەبێت سەرکردەکان گوزارشت لە ئیرادەی زۆرینەی بکەن و رێز لە مافەکانی کەمینە بگرن. لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا خەڵکی سەرکردەکانیان هەڵدەبژێرن. ئەوەی گرنگە ئەوەیە سەرکردە «نوێ» و «دێرین»ەکان، هەروەها هاولاتیانیش بە رێساکانی گەمەکەوە پابەندبن.

بۆ نموونە، لە ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگە دیموکراسیەکانی ئەوروپادا گرنگ نیە تۆ کێیت-سەرۆکیت، سەرۆك وەزیرانیت یان دەرگاوان_هەمو کەسێك هەمان ماف و ئازادی هەیە، هەمو کەسێ کرێی راگرتنی سەیارەکەی دەدات لە گەراجدا، مناڵەکانیان دەنێرن بۆ هەمان قوتابخانە و لە هەمان ئاو دەخۆنەوە، هتد. دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، وەك راگەیاندنی ئازاد، رێکخراوە ناحکومیەکان، خۆبەخشەکان و گروپەکانی بەرژەوەندی رۆڵێکی گرنگ دەبینن لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا. رۆڵی سەرکردە بریتی

تکایە ئەوەتان لەبیربێت کە دەکرێت خودی رۆشنبیرەکان خۆیان ببنە سەرکردەی نەتەوەیی. کە لەو کاتەدا دەتوانن هەم ئایدیاکان بەرهەم بهێنن و هەم جێبەجێشیان بکەن

دەبێت لــە پەرەپێدانی هەل و مەرجەکان بۆ زامنکردنی بنەما دیموکراسـیەکان. سـەرۆك ڤیکتۆر یۆشـینکۆ زیاتر لە سەدا حەفتای پشـتگیری جەماوەری بەدەسـتهێنا، لە ساڵی ٢٠٠٩دا ڕێژەی ئەم پشـتگیریە بۆ لە سەدا ٣ دابەزی. هەرچۆنێك بێت، ئۆکرانیا پابەندبونێکی بەهێـزی بە بنەما دیموکراسـیەکانەوە هەیـە. هـەروەك یەکێك لە دروشـمە تەقلیدیەکانـی فەرەنسـا ئەوەبوو کە «پاشـا کۆچی دوای کـرد. ژیانێکی دوورودرێژ بۆ پاشا!» وەڵامەکە دو بەشە- دیموکراسی پێوستی بە سەرکردەی باش هەیە، هەروەها سـەرکردەی باشـیش پێویستی بە دیموکراسی هەیە.

*** ئێمە وەك ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس، چـۆن دەبێـت مامەڵـە لەگـەڵ ئەم سەرکردانەدا بکەین کە پێوستمان پێیانە بۆ قۆناخی بنیاتنانی نەتەوە، چۆن دەکرێت هاوکاری لەگەڵ سـەرکردەکاندا بکەین لە پێناوی دیموکراسـی و سەرکەوتنی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا؟**

- دەبێت بەها شەخسـیەکان، ستاندارده باڵاکانی پیشەگەری، هەروەها پابەندبوون بە گۆڕانکاریە دیموکراسـیەکانەوە ببنە بنەما بنەڕەتیەکانی هەر پیشـەیەك -جا ڕۆژنامەنـوس بێت، یان مامۆسـتای زانکۆ، یاخود ئەکتەر. هەروەك پێشـتر ئاماژەم پێکرد دەبێت ڕێساکانی گەمەکە بەسـەر هەمواندا جێبەجـێ بکرێت. تا ڕاددەیەکی دیاری کـراو، پابەندبوون بە دیموکراسـیەوە پێویسـت بە پابەندبوون بە سـەرکردەکانیەوە ناکات، کە ئەوانیش مرۆڤن. ئەم ڕۆشـنبیرانە پیشـەگەرن، ئـەوان نوێنەری کۆمەڵگـەی مەدەنین و دەبێت هەڵبسـتن بە پاراستنی ماف، ئازادی و دامەزراوەکانی دیموکراسـی، بەڵام نابێت خۆشەویسـتی و بایەخێکی زۆر بە سەرکردەکان بدەن، یاخود ڕێگایەکی تایبەتـی بگرنەبەر بۆ هـاوکاری کردن لەگەڵیاندا، گرنگ نیە ئەم سـەرکردانە چەند خاوەنـی شـەعبیەتیش بن. لەم حاڵەتەدا، دەبێت سـەرکردەکان ڕێگایەك بدۆزنەوە بـۆ هاوکاری کـردن لەگەڵ ئەم پیشـەگەرانەدا، نەك بە پێچەوانەوە. سـەرکردەکان خزمەتکاری ئەو خەڵکەن کە پشتگیریان دەکەن. دەبێت ڕۆشنبیران تەرکیز لە سەرکاری سەرکردەکان بکەنەوە، بە پێی بنەما دیموکراسـیەکان حوکمیان لەسەربدەن، هەروەها هەڵسەنگاندنەکانیان بۆ ڕای گشـتی بڵاوبکەنەوە، هەروەها چارەسـەری بەدیلیـش بۆ کێشـەکان بخەنـەڕوو. واتە دەبێت بـێ گوێدان بە سـەرکردەکان کاری خۆیان بکەن_ئەمە ئەگەر کۆمەڵگە ئامادەبێت بۆ ئەم کارە. دووبارەی دەکەمەوە، ئەمە تەنها ئەو کاتە مومکینە کە سـەرکردەکان پابەندبن بە پەرەپێدانی دیموکراسـی و کۆمەڵگەی مەدەنیـەوە. ئەگـەر سیسـتمەکە دیموکراسـی نەبێت، یاخود سەرکردەکان سـتانداردێکی ئەخلاقی باڵایان نەبێت و دیموکراتیانـە ڕەفتـار نەکەن، دەبێت ڕۆشنبیران هەمو هەوڵێکیان بخەنەگەڕ بۆ گۆڕینی سیستمەکە و سەرکردەکەش. ئەو کاتە چۆنیەتـی پەیوەندیکردنیان بە سـەرکردەکانەوە جیاواز دەبێت لەوەی لە سیسـتمە دیموکراسـیەکاندا هەیە_لە نارەزای دەربڕینی ئاشتیانەوە بۆ فشاری سیاسـی، بۆ دامەزراندنی ڕاگەیاندنی ئازاد، لە هەڵمەتی چالانەوە بۆ مشـت و مڕی ئاشـکرا لە سەر پرس و مەسەلە هەنوکەییەکان، هتد.

*** ئایـا تا چ ڕاددەیەك ئـەم کارێکی مەحاڵە بێ بوونی هەوڵ و کۆششەکانی ڕۆشنبیران؟**

- شـان بە شـانی ڕاگەیاندنی ئازاد و دامەزراوەکانـی دیکـەی کۆمەڵگەی مەدەنـی، ڕۆشـنبیران پاسـەوانی دیموکراسـین. سـاویلکەییە گروپێکی ئیتنی یات نەتەوەیەك چاوەڕێ ئەوە بکەن ئەوانی دیکە کارەکانیان بۆ تەواو بکەن. سەرکردە، ڕۆشـنبیر و پیشەگەرەکانی دیکە لە هەمو بوارەکانی ژیاندا بە هەمان ئاست بەرپرسـیارن لە دەرئەنجامی ئەم پرۆسانە، هەروەك ئەو وتەیەی دەڵێت:» یەك کەس بـە تەنها نابێتە جەنگاوەر لە گۆڕەپانەکـەدا.» بنیاتنانـی نەتەوە و دیموکراسی، پرۆسەگەلێکی بەردەوامن، شەڕکردن لە سـەریان هەرگیز کۆتایی نایەت.

**من ڕۆشنبیران بەو سەربازانە بەراورد دەکەم کە گولە تۆپەکان دەکەنە تۆپەکانەوە، سەرکردە نەتەوەییەکانیش بە ئەفسەری تۆپەکان کە ڕاستەوخۆ فەرمانی تەقاندنیان دەدەن**

**دەبێت سەرکردە نەتەوەییەکان قوتابیەکی بەردەوامی دیموکراسی بن، ئەگەر نەتەوەکەیان دیموکراسی وەک شێوەی حکومەتکردن گرتەبەر. لەبەرئەوە سەرکردەکان دێن و دەچن، بەڵام بنەماکانی پەرەپێدانی دیموکراسی سەقامگیرن، دەمێننەوە**



**دیڤید دیلستاین بۆ گوڵان:**

# بونیادی نەتەوە لەدوای شەڕی ناوخۆ یان رووخانی دیکتاتۆردا کارێکی زەحمەتە

**پرۆفیسۆر دیڤید دیلستاین ئوستادی بەشی حکومڕانیە لە زانکۆی جۆرج تاون، پسپۆر و تایبەتمەندە لەبواری حکومرانی و بونیادی دیموکراسی، وەك شرۆڤەکاریکیش لەم بوارە بەردەوام لێدوانی بۆ میدیاکانی ئەمریکا هەیە و نووسینەکانی لە رۆژنامەکانی ئەمریکا بڵاودەبێتەوە، بۆ بەدوادا چوونی پرسی بونیادی نەتەوە بە تایبەتی لە دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو، پەیوەندیمان بۆ پرۆفیسۆر دیلستاین کرد و بەمجۆرە باری سەرنجی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** پرۆسەی بونیادی نەتەوە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و بۆ هەر وڵاتیك تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئایا وەك جیاوازیان هەیە، خاڵی هاوبەشیش کۆیان ناکاتەوە؟**

- لە ڕاستیدا پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە بە چەند قۆناخێکدا دەڕوات، بەڵام من دڵنیانیم ئایا تێکڕایی وڵاتە جیاوازەکاندا بە هەمان قۆناخدا تێدەپەڕن یان نا. بۆ نموونە هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکرد، ئایا وڵاتەکە بە شەڕی ناوخۆی، یاخود شەڕی نێودەوڵەتیدا تێپەڕیوە، کە بە دڵنیایەوە ئەمە پێویستی بە ئاشتەوایی هەیە لە نێو کۆمەڵگەکە و دەستنیشانکردنی ڕێگایەك بۆ هەنگاوهەڵگرتن بەرەو ئایندە، ئەمەش کارێکی زەحمەتە، بە تایبەتی ئەگەر لە سەروبەندی ڕزگاربوون لە شەڕی ناوخۆ، یان دیکتاتۆریەتێکی دوورودرێژدا ڕوودات کە زیانێکی گەورەی بە کۆمەڵگەکە گەیاندبێت.

*** ئایا کاریگەری بوونی سەرکردەی نەتەوەیی چیە، ئایا بوونی ئەم سەرکرانە دەبنە هۆی هۆی بەهێزکردنی یەکێتی نەتەوەکە؟**

- تەنها ئەگەر نەتەوەکە خۆی کار بۆ یەکێتی و یەکگرتوویی بکات، مەبەستم ئەوەیە ئەوەیە ئەگەر تێکڕایی گروپەکان کار و کۆشش بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ پێکەوەژیان بکەنەوە، بەڵام ئەگەر گروپێك، یان چەند گروپێك لە ئارادابن و خوازیاری ئەوەنەبن وەك بەشێك لە وڵاتەکە بمێننەوە، ئەوا ئەم پرۆسەیە دووچاری دژواری دەبێتەوە، هەرچەندە دەکرێت کار بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتەش بکرێت، لە ڕێی گرتنەبەری شێوازێکی دیاری کراوی حکومڕانێتی، بە چەشنی ئەوەی لە عێراقدا پیادە دەکرێت کە هەوڵ دەدرێت سیستمی فیدراڵی جێگیربکرێت و ئۆتۆنۆمیەکی دیاری کراو بە کوردەکان بدات، بۆ ئەوەی بە مافە سیاسی و ئابووریەکانی خۆیان ڕازی بن و لە چوارچێوەی وڵاتەکەدا بمێننەوە، بەڵام ئەگەر ئەم پرۆسەیە سەرکەوتوو نەبوو، ئەوا پرۆسەکە ڕووبەڕووی زەحمەتی دەبێتەوە. ڕاستە یەکێك لە ئەرکەکانی سەرکردەکان پاراستنی یەکڕیزی نەتەوە یەکێتی وڵاتەکەیە، بەڵام کێشەکە ئەوە



کاتە سەرهەڵدەدات کە گروپێکی دیاری کراو خوازیاری ئەوەنەبێت وەك بەشێك لە وڵاتەکە بمێنێتەوە، کە دەبێت لەم کاتەدا سەرکردەکان بیر لە ڕێگاچارەکانی چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە بکەنەوە، یان دەبێت هەوڵی ئاوێتەکردنیان بدرێت لە چوارچێوەی وڵاتەکەدا، یان دەبێت ڕێگایان پێبدرێت جیاببنەوە، یاخود هەوڵی سەرکوتکردن و ملکەچپێکردنیان بدرێت، کە دوو ڕێگاچارەکەی دوای ڕێگاچارەی سەرنجڕاکێش نین. بە دڵنیاییەوە ئەمە دۆخێکی دژوار دەخوڵقێنێت و ئەرکی بنیاتنانی نەتەوەش ئەرکێکی قورسە.

*** بونیادی نەتەوە چەمکێکی فرە لایەن وفرە رەهەندە، ئایا تاچەند رۆشنبیران پیوستن بۆئەوەی لەسەر ئەم چەمکانە کار بکەن؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورسە، من نازانم ڕۆشنبیران جگە لە دەستنیشانکردنی هەست و تیڕوانینی خەڵك و گوزارشت لێکردنی ئەو تێڕوانینە و هەڵوێستانە چ ئیلتیزامێکی دیکەیان لە ئەستۆیە، ئایا ڕاسپاردەی ئەوە دەکەن نەتەوەکە یەکگرتوو بێت یان ڕاسپاردەیەکی جیاوازتریان دەبێت، من دڵنیانیم. بێگومان ڕۆشنبیران ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن، بەڵام من لێکۆڵینەویەکی مێژووی وردم لەسەر ڕۆڵی ڕۆشنبیران نەکردووە لە پرۆسەیەکی کارا و سەرکەوتووی بنیاتنانی نەتەوەدا، بەڵام دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژە بە ڤاسلاڤ هاڤیل بکەن لە کۆماری چیکدا.

*** بۆچی نەتەوەکان ستایشی ئەو سەرکردانە دەکەن کە رۆڵیان لە بونیادی نەتەوەدا گێراوە؟**

- هیچ کەسێك ستایشی سەرکردەکان ناکات، ئەگەر باوەڕی وانەبێت کارێکی گەورەی کردووە، یان ئەرکێکی مەزنی ئەداکردووە، دەکرێت سەرکردە نەتەوەییە بەهێزەکان ڕۆڵی یەکخستن نەتەوەکەیان ببینن، بەڵام لە هەمان کاتدا دەکرێت ڕۆڵێکی مەترسیداریش ببینن، بەڵام بوونی سەرکردەی باش پێویستە بۆ بوونی نەتەوەیەکی سەرکەوتوو، بەڵام ڕۆڵی سەرکردەکانیش بە پێی خەسڵەتەکانی سەرکردە و کۆمەڵگەکە دەگۆڕێت.

*** زۆرجار باس لەوەدەکرێت کە چەسپاندنی دیموکراسی پێویستی بە تەواوکردنی پرۆسەی بنیاتانی نەتەوە هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دیموکراسیش پێویستی بە بوونی سەرکردەگەلێکی باش، یان بەهێز هەیە؟**

- بە دڵنیاییەوە، پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە و تەنانەت دیموکراسیش پێویستی بە سەرکردەی بەهێز و باش هەیە، بەڵام پرسیارە ئاڵۆزەکە ئەوەیە ئایا سەرکردەی باش چیە، ئایا ئەو سەرکردەیەیە کە نەتەوەکە بە ئاڕاستیەکی سەرکەوتودا دەبات، ئایا ئەو سەرکردەیەیە کە تیکڕای گروپەکان لە سیستمە سیاسیەکەدا کۆدەکاتەوە بە چەشنێك هەست بکەن نوێنەرایەتیەکی تەواو دەکرێن، کە هەمو ئەمانە گرنگن بۆ سەرکەوتنی دیموکراسی.

*** ئێمە وەك ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس، چۆن دەکرێت هاوکاری لەگەڵ سەرکردەکاندا بکەین لە پێناو سەرکەوتنی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا؟**

- ڕۆڵی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیران تەحەداکردنی سیاسیەکانە، واتە ئەگەر سیاسیەکان کارێکیان کرد کە خزمەت بە بەرژەوەندیە درێژخایەنەکانی کۆمەڵگە نەکات، یاخود مەترسی بوون بۆ سەر کۆمەڵگە، ئەوا دەبێت ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیران ئاماژەی پێبکەن و ئاشکرای بکەن.

**هیچ کەسێک ستایشی سەرکردەکان ناکات، ئەگەر باوەڕی وانەبێت کارێکی گەورەی کردووە، یان ئەرکێکی مەزنی ئەداکردووە**

**پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە و تەنانەت دیموکراسیش پێویستی بە سەرکردەی بەهێز و باش هەیە**

# بەبێ بوونی سەرکردەی نەتەوەیی پرۆسەی بونیادی نەتەوە زەحمەت دەبێت

**خاتوو سیری لانگ گەورە توێژەری ئامۆزگای chr میلیستۆن CMI یە لە بێرگن بۆ دیراساتی پەرەپێدان و سیاسەتی گشتی. پرۆفیسۆر لانگ توێژەر و تایبەتمەندە لە بوارەکانی حکومەت، دی سێنترالیزم و کولتوور وناسنامە و کۆمەڵگەی مەدەنی و لەچەندین وڵاتی ئەفریقیا توێژینەوەی کردووە، سەبارەت بە پرۆسەی بونیادی نەتەوە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و رۆڵی سەرکردە نیشتمانییەکان لەم پرۆسەیەدا، پرۆفیسۆر سیری لانگ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

دروستکردنی زمانێکی هاوبەش گرنگترین مەسەلەیە لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا

***ئێوە کەسێکن لە نزیکەوە لەسەر پرۆسەی بنیادی نەتەوە کاردەکەن، ئایا ئەم پرۆسەیە چ مانایەك دەگەیەنێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەو سیاسەتەی سەرکردەکان دایدەڕێژن، گرنگیەکی تەواوی هەیە، دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژە بە هەردوو نمونەی نەرویج و تەنزانیا بکەین کە من کارم لەسەرکردوون، بۆ نموونە حاڵەتی تەنزانیا جیاوازە لە زۆربەی وڵاتانی دیکەی ئەفریقیا، ئەم وڵاتە هەر لە ساڵانی دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆییەوە دەستی کرد بە پرۆسەیەکی هۆشیارانەی بنیاتنانی نەتەوە، هەروەها هەوڵیاندا کولتوورێکی نەتەوەیی هاوبەش لە کولتووره مەحەلیەکان پێکبهێنن کە زیاتر لە ١٢گروپی ئیتنی جیاواز لە خۆدەگرن، بەڵام دروستکردنی زمانێکی هاوبەش گرنگترین مەسەلەیە لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا.

*** بە پێی ئەزمونی ئێوە، ئایا پرۆسەیی بنیاتنانی نەتەوە لە کۆمەڵگە فرەنەتەوەکاندا، جیاوازە لەو کۆمەڵگەیانەی تەنها یەك نەتەوە لەخۆدەگرن؟**

- لە ڕاستیدا ئەم پرۆسەیە لە کۆمەڵگە فرەئیتنیەکاندا زۆر زەحمەتترە، بە بەراورد بەو کۆمەڵگەیانەی یەك گروپی ئیتنی، یاخود نەتەوەیی لە خۆدەگرن، بۆ نموونە ئێمە لە نەرویجدا خۆشبەختین کە گروپێکی گەورەی زۆرینەمان هەیە، لەگەڵ گروپێکی کەمینەی بچوکدا کە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەی ئاسانکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر لە ئەزمونی تەنزانیا بڕوانین، ئەوا ئەم پرءسەیە لە کۆمەڵگە فرەئیتنیەکانیشدا مەحاڵ نییە، بەڵکو مومکینە، بەلام پێویستی بە سیاسەتێکی نیشتمانی دەبێت، لەگەڵ چاندنی هەست و بیری نەتەوایەتی لە هزری نەوەی نوێدا لە ڕێی سیستمی پەروەردەوە.

***لە مێژووی بنیاتنانی نەتەوەکاندا، ئەو سەرکردانەی لەو قۆناخەدا ڕۆڵیان بینیوە، هەمیشە وەك ڕەمزێکی نەتەوەیی لێیان دەڕوانرێت، ئایا کاریگەری بوونی سەرکردەی نەتەوەیی چییە؟**



- لە ڕاستیدا ڕۆڵی ئەم سەرکردانە ڕۆڵێکی تەواو گرنگە و ڕەنگە نەبوونیان کارەکە تەواو زەحمەت بکات کە زۆرجار وەك باوکانی دامەزرێنەر ئاماژەیان پێدەکرێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە هەندێ جار ئەو سەرکردانە ئەوەندە لە دەسەڵاتدا نامێننەوە بۆ بنیاتنانی ڕێگاکە، یاخود تەواوکردنی پرۆسەکە. گرنگ ئەوەیە زۆربەی خەڵکەکە باوەڕیان وابێت کە ئەو سەرکردانە گۆڕانکاری گەورەیان دروستکردووە، بە چەشنی ئەوەی گاندی کرد، من زانیاریەکی زۆرم لە بارەی گاندیەوە نیە، بەڵام ئەوەندە دەزانم ئەو تەنها نوێنەرایەتی هیندۆسەکانی نەدەکرد لە هەوڵ و تێکۆشانەکانیدا، بەڵکەو نوێنەرایەتی تێکڕایی نەتەوەی هیندستانی دەکرد، بە هەمان شێوە هێرێری لە تەنزانیا ئەم کارەی کرد، ئەو هەرچەندە کەسێکی مەسیحی بوو، بەڵام بە چەشنێك کاری دەکرد کە وەك سەرۆکی موسڵمانەکانیش دەردەکەوت. لە وڵاتانی ئەسکەندەنافیاش کە ڕژێمی پاشایەتیان هەیە، ئەو باوەڕە لە ئارادایە کە شا یا شاژن ئەم ڕۆڵە دەبینێت، ئەگەرچی زۆرکەسیش باوەڕیان وایە ئەمە ڕژێمێکی بەسەرچووە.

*** لە شۆڕشی فەرەنسیدا ڕۆشنبیرەکان ڕۆڵیان بینی، چونکە ئەوان بوونە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی بیر و ئایدیاکان، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ڕۆڵ و ئەرکی ڕۆشنبیر چییە لە پرۆسەی بنیاتانی نەتەوەدا؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورسە و من کەسێکی مێژوونوس نیم، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە ڕۆشنبیران ڕۆڵ ببینن لەوەی لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا پەنا بۆ سەرکوتکردنی هیچ گروپێك نەبردرێت، لەبەرئەوەی هەمیشە لە هەمو وڵاتێکدا گروپی کەمینە هەن، لە ڕووی ئیتنیەوە یان لە ڕووی ئاینیەوە، گرنگە ئەوەیە هەوڵی دارشتنی چوارچێوەیەك بدەن، هەموو لایەك لەخۆبگرێت.

*** ئایا بونیادی دیموکراسیش وەك پرۆسەی بونیادی نەتەوە پێویستی بە بوونی سەرکردەگەلێکی باشە؟**

- بوونی سەرکردەی بەهێز گرنگی خۆی، بەڵام دەبێت ئەو سەرکردانە ئامادەی دابەشکردن و بەخشینی دەسەڵات بن، بە پێچەوانەوە ئەمە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت سەربکێشێت بۆ دیکتاتۆری.

*** ئێمە وەك ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنوس، چۆن دەکرێت هاوکاری لەگەڵ سەرکردەکاندا بکەین لە پێناو سەرکەوتنی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا؟**

- دەبێت ڕۆژنامەنوسان هاوسەنگیەك ڕابگرن لە نیوان پشتگیری کردن لەو سەرکردانەی باوەڕیان پێیەتی لەگەڵ پێدانی زانیاری ڕاست و دروست بە هاوڵاتیان و ڕای گشتی.

*** دوا وتەت چیە؟**

- من هاوسۆزم لەگەڵ ئێوەدا، بەهۆی ئەو نەهامەتیانەوە چەشتوتانە و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەکەتاندا و ئومێدی ئایندەیەکی گەشتان بۆ دەخوازم.

ئێمە لە نەرویجدا خۆشبەختین کە گروپێکی گەورەی زۆرینەمان هەیە، لەگەڵ گروپێکی کەمینەی بچوکدا کە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەی ئاسانکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر لە ئەزمونی تەنزانیا بڕوانین، ئەوا ئەم پرۆسەیە لە کۆمەڵگە فرەئیتنیەکانیشدا مەحاڵ نییە

ئەنتۆنی ئۆبەرچیلا بۆ گوڵان:

# گاندی، دیگۆلا و جۆرج واشنتۆن، هەر تەنها کەسایەتیەکی مەزنی ئەو نەتەوانە نەبوون، بەڵکو هەڵگری پەیامێک بوون بۆ تێکڕایی مرۆڤایەتی

**پرۆفیسۆر ئەنتۆنیۆ ئۆبەر چیلا ئوستادی سۆسیۆلۆژیە لە زانکۆی نۆرس کارۆلینا و پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر ئەڵمانیا بە تایبەتی بونیادنەوەی ئەڵمانیا دوای شەڕ و هەروەها ئەڵمانیای دوای رووخانی دیواری بەرلین، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی کۆمەڵگە وکاریگەری کۆمەڵگە بۆ سەرخستنی ئەو پرۆسە گرنگە، پرۆفیسۆر ئۆبەر چیلا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** کاتێـــك پێناســـەی پرۆســـەی بونیادی نەتـــەوە دەکەین، ئامـــارەکان زۆر کەم ئاماژە بەسەرکەتن دەکەن، ئایا هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- هەروەك ئێوەش باش دەزانن کە پرۆســـەی بنیاتنانی نەتەوە پرۆســـەیەکی مەترسیدارە، گەورەترین مەترسیش بەرپابوونی شەڕە. چەند وڵاتێکی کەم هەیە کـــە تەنها یەك نەتەوەی تێدا نیشـــتەجێیە (یابان لەم ڕووە حاڵەتێکی نائاســـاییە): زۆربـــەی وڵاتـــان فرەنەتەوە، فرەئاین و فرەئیتنیـــن. پێکهێنان و بنیاتنانی حکومەتێك کـــە دان بە حکومڕانی زۆرینەدا بنێـــن و لە هەمان کاتدا دیموکراســـی بێت و ڕێز لە مافی کەمینـــەکان بگرێت، کارێکی زەحمەتە. ئەمەش زۆرجار بە مانای دەوڵەتی فیدراڵی دێـــت کە ئۆتۆنۆمـــی هەرێمی و هاوبەشـــیکردن لە دەســـەڵاتدا لەخۆدەگرێت لەو ناوچانەی دانیشـــتوانی تێکەڵیان هەیە. تاکە شێوازێك نیە بتوانرێت لە هەمو شوێنێك جێبەجێ بکرێت.

*** ئایا هۆکاری ئەم شکستەی بونیادی نەتەوە تاچەند پێوەندی بەســـەرکردە نەتەوەییەکانەوە هەیە؟**

- کاتێك سەرکردە سیاسیەکان دەیانەوێت تەنها نەتەوەیەك بســـەپێنن لە خاکی دەوڵەتێکدا لە ڕێی ئاوێتەکردن،دابەشکردن، یاخود پاکتاوی ڕەگەزیەوە، هەروەك میلۆسۆڤیج بۆ سربەکان و تاجمان بۆ کرواتەکان کردیان، ئەم کردەوانەش سەریانکێشـــا بۆ شەڕ، شـــەڕی ناوخۆی و نەهامەتی کە تەنانەت هاووڵاتیانی خۆشیانی گرتەوە. بەڵام ئێوە پرسیار لە بارەی سەرکردە سیاسیەکان، ڕۆشنبیرەکان و ڕۆژنامەوانەکان دەکەن لە سەردەمی بنیاتانی نەتەوەدا.

بۆچی دیگۆل کەســـایەتیەکی فەڕەنســـی مەزن بوو؟ ئەو فەڕەنســـای لە شەڕی ناوخۆ ڕزگارکـــرد لە ڕێی کۆتایهێنان بە شـــەڕی جەزائیر و گفتوگۆکردن لە بارەی سەربەخۆیی جەزائیرەوە. دوای ئەوە، هەڵسا بە دروستکردن و دامەزراندنی پەیوەندیەکی پڕ لە هاوکاری لەگەڵ دوژمنە کۆنەکەیدا، جەزائیر. هەروەها،



ئەگەرچی نیشتمانپەروەرێکی فەڕەنسی بوو، ئـــەو درکی بەوەکرد کـــە گەورەیی و مەزنی وڵاتەکەی پشت بە چوونەپاڵ یەکێتی ئەورووپا دەبەســـتێت، بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش ناچاربوو لەگەڵ ئەڵمانیادا ئاشتەوایی بکات. ئەم کارەشی کرد. بێ ئەنجامدانی ئەم کارە، نە یەکێتی ئەوروپا و نە فەڕەنســـا نەدەبوونە هێزی سێیەم لە جیهاندا.

بۆچـــی ئەمەریکیـــەکان جۆرج واشـــنتۆن بە کەســـێکی مەزن دەزانن؟ بـــە دڵنیاییەوە لەبەرئـــەوەی فەرمانـــدەی گشـــتی هێـــزە چەکدارەکانـــی ئەمەریـــکا بوو کە شـــەڕی سەربەخۆیی بردەوە. (ئەو پێشەنگی شەڕێکی ناتەقلیدی کرد لـــە دژی هێزێکی گەورەتر و پیشـــگەرتر «موحتریف» کـــە هێزەکانی بەریتانیـــا بوو). دواتر ئەو یەکەم ســـەرۆکی ئێمە بوو. لەوەش گرنگتر، ئەو هەموو لایەکی دڵنیاکـــردەوە کە ئەمەریـــکا وەك دەوڵەتێکی کۆمـــاری دەمێنێتـــەوە، نەك پاشـــایەتی. زۆرکەس لەو کاتەدا خوازیاری جێگیرکردنی سیســـتمێکی میراتگری بوون، بە چەشنی ڕژێمە پاشـــایەتیەکانی ئەوروپا، بە چەشنێك بتوانێت بۆ جاری ســـێیەم و چوارمیش خۆی هەڵبژێرێت، بەڵام جۆرج واشنتۆن پێداگیری کرد لە ســـەر ڕژێمی کۆماری. هەروەها ئەو دەســـەڵاتی جێبەجێکردنی کردنی دروستکرد لە حکومەتـــە فیدراڵیەکەدا، کە پێش ئەوەی دەســـەڵات بگرێتەدەســـت بوونی نەبوو. ئەو پیاوێکی مەزن بوو.

گانـــدی ڕۆڵێکـــی بنەڕەتـــی هەبـــوو لە بەدەســـتهێنانی ســـەربەخۆیی هیندستاندا، ئەگەرچـــی ئـــەم ســـەرکردەیە و ئەوانـــی دیکەش، لە نێویانـــدا حکومەتی بەریتانی، شکستیانهێنا لە پاراستنی یەکێتی قەوارەکە (چونکە دابەشبوونی پاکستانی لێکەوتەوە). هەروەهـــا گانـــدی پێشـــەنگی گرتنەبەری ڕێبازی ناتوندوتیژی کرد لە کاری سیاسیدا، وەك بەدیلێك بۆ یاخیبـــون و توندوتیژی. بە داخـــەوە لە زۆربەی شـــوێنەکاندا ئەم ڕێبازە جێبەجینەکراوە. گانـــدی، دیگۆل و جۆرج واشنتۆن، هەر تەنها کەسایەتیەکی مەزنی ئەو نەتەوانە نەبوون، بەڵکو هەڵگری پەیامێك بوون و نمونەیەك بوون بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی.

*** بێگومان ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیرانیش ڕۆڵێکـــی کاریگەر لەم پرســـە دەگێڕن، ئایا بەرای تۆ دەبێت ئەمان لەم پرۆســـەیەدا چۆن هاوکاری بکەن؟**

ئـــەوەی پەیوەســـت بێت بـــە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریـــەوە، ئـــەوان بە چەشـــنی دەسەڵاتی سەربەخۆی یاسادانان و دادوەری، ئەوانیش زەمانەتی دیموکراســـی دەکەن لە بەرگری کردنیان لە خەڵك لە دژی حکومەتە تاکـــڕەوەکان. بێ بوونـــی ڕۆژنامەگەری ســـەربەخۆ، ئازاد و چالاك، دیموکراسی لە مەترسیدایە. ڕۆشـــنبیران ڕۆڵی جیاوازیان بینیوە لـــە بنیاتنانی نەتـــەوەدا، بە زۆری یارمەتـــی بنیاتانی نەتەوەیـــان داوە، بەڵام لـــە زۆر بۆنەشـــدا بونەتـــە خزمەتکاری دەســـەڵات. دەبێت نمونەی باڵای ڕۆشنبیر بریتی بێـــت لە ڤاکلاڤ هاڤێڵ، کە لەگەڵ هاوەڵەکانیدا هەڵســـان بە ڕوخاندنی ڕژێمی کۆمۆنیستی لە چیکسلۆفاکیا، دواتر بوو بە سەرۆك، کاری بۆ ئەوەکرد ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراســـی، دواتر گەڕایـــەوە بۆ ژیانی تایبەتی خۆی وەك ڕۆشنبیر و شانۆنووس. ئەمە چ پیاوێکی مەزنە!

**پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە پرۆسەیەکی مەترسیدارە، گەورەترین مەترسیش بەرپابوونی شەڕە**

**ڕۆشنبیران ڕۆڵی جیاوازیان بینیوە لە بنیاتنانی نەتەوەدا، بە زۆری یارمەتی بنیاتانی نەتەوەیان داوە، بەڵام لە زۆر بۆنەشدا بونەتە خزمەتکاری دەسەڵات**

بنیامین چیف بۆ گوڵان:

# بنیاتنانی نەتەوە و پاراستنی دیموکراسی پێویستیان بە رۆڵی رەخنەگرانەی راگەیاندن و رۆژنامەنوسان هەیە

**پرۆفیسۆر بنیامین چیف ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ئۆبەرلین و پسپۆڕ وتایبەتمەند، لەسەر پرسەکانی دەوڵەت و بونیادی نەتەوە، لەم بوارەدا یەکێك بووە لە تیمەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ئەفریقا و رۆژهەڵاتی ناوین و ناوچەکانی فەڵەستین کاری کردووە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرۆسە گرنگە و پەیوەندی ئەم پرسە بە پرۆسەی بونیادی دیموکراسییەوە، پرۆفیسۆر چیف بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

بنیاتنانی نەتەوە و دانانی بناخەیەکی سەرکەوتوو بۆ دەوڵەت پێویستی بە سەرکردایەتییەکی کارا هەیە

*** ئایا پێناسەی نەتەوە چییە و چۆن نەتەوە بونیاد دەنرێت و ئەولەویاتەکانی ئەم قۆناغە چین؟**

- لە راستیدا نەتەوە بریتیە لەو کۆمەڵە خەڵکەی کە هەست بە ناسنامەیەکی هاوبەش دەکەن و هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆیان دەدەن، لەم رووەوە پێویستیان بە یەکریزی و یەکێتی هەیە بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو خەڵکانەی نەتەوە پێکدەهێنن، زۆرجار لەسەر بناغەی ئیتنی هاوبەش، ئاینی هاوبەش، یاخود بیروباوەڕی ئایینی هاوبەش ئەم کارە دەکەن، لەگەڵ رادەدەیەکی دیاری کراو لە ئاوێتەبوونی ئابووری.

*** کە باسی بونیادی نەتەوەیی دەکەین وشەی سیمبۆلی نەتەوەش دەست پێدەکات، ئایا کاریگەری بوونی سەرکردەی نەتەوەیی چییە؟**

- سەرکردە نەتەوەییەکان رۆڵێکی گرنگ دەبینن لە دروستکردن و هێنانەدی ئەو یەکریزیەی پێشتر ئاماژەمان پێکرد لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانجەکاندا، دەکرێت ئەم سەرکردانە کاریگەری و رۆڵی ئیجابییان هەبێت بۆ پێکهێنانی یەکێتی و پێکەوەپەیوەستبوونی خەڵك، یاخود دەکرێت کاریگەریەکی سلبیان هەبێت، بەهۆی دروستکردنی ناکۆکی و ململانێیەکی جیددیەوە لەگەڵ گروپەکانی دیکەدا، یاخود ململانێی جیددی لەسەر دەسەڵات لەناو خودی گروپەکەی خۆیاندا، واتە دەکرێت رۆڵێی باش ببینن، لە هەمان کاتدا دەکرێت رۆڵێکی تێکدەرانە بگێرن.

*** ئایا رۆڵ و ئەرکی رۆشنبیر چیە لە پرۆسەی بنیاتانی نەتەوەدا؟**

- لەراستیدا هەمیشە بەرپرسیاریتی رۆشنبیران ئەوەبوو رۆڵێکی رەخنەگرانە ئەدا بکەن، لەگەڵ پەرەپێدانی ئەو دید و



بۆچوونانەی خۆیان باوەڕیان پێیەتی، بە تایبەتی بیروباوەڕە ئەخلاقیەکان. لە شۆڕشی فەرەنسیدا رۆشنبیران هەڵسان بەئەداکردنی ئەم ئەرکە و پەرەپێدانی ئامانج و بیروباوەڕە بەرزەکان، بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەم بیروباوەڕە باڵایانە لە لایەن سیاسیەکانەوە ئیستیغلال کرا و بەکارهێنرا بۆ لەناوبردنی بەشێکی گەورەی خەڵکەکە و بۆ هێنانەدی گۆڕانکاریەکی کۆمەڵایەتی خوێناوی، کە کاردانەوەی توندی دروستکرد، کەواتە دەکرێت ئەم پرۆسەیە بە هەردوو ئاراستەکەدا بڕوات، هەم باش و هەم خراپ کە زۆرجار قوربانیەکی زۆری لێدەکەوێتەوە، ئەگەر بە ئاراستەیەکی سلبیدا بڕوات.


*** کاتێك باس لە مەهاتما گاندی دەکرێت، دەزانین باس لە هیندستان دەکەین، ئەگەر ئاماژە بە دیگۆل بکرێت باس لە فەرەنسا دەکەین، ئەگەر باس لە جۆرج واشنتۆن بکەین، ئەوا باسی مێژووی ئەمەریکا دەکەین، بۆچی نەتەوەکان ستایشی ئەم سەرکردانەی خۆیان دەکەن؟**

- گوتەیەك هەیە کە دڵنیانیم لەوەی کێ ووتویەتی دەڵێت «هەمیشە مێژو لە لایەن سەرکەوتووەکانەوە دەنوسرێتەوە» بۆ نموونە، ئەگەر بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازی سەرکەوتوبێت، ئەوا سەرکردەکانی دەبنە پاڵەوانی نەتەوەیی، بەڵام ئەگەر شکست بهێنن بەم شێوەیە لێیان ناڕوانرێت. کەواتە مەسەلەکە دەوەستێتە سەر ئەوەی چ لایەنێك مێژوو دەنووسێتەوە، بەڵام من پێموایە دەبێت لە روانگەی ئەو بیروباوەڕە ئەخلاقیانەوە سەرکردەکان هەڵبسەنگێنین کە هەڵگری بوونە. ئەو سەرکردانەی ئێوە ئاماژەتان پێکرد سەرکردەگەلێکن جێی ئیعجابن، لە کاتێکدا سەرکردە نەتەوەییە بە ناوبانگەکانی دیکە بە هەمان ئیعجابەوە لێیان ناڕوانرێت، ئەمەش دەوەستێتەسەر ئەوەی کێ مێژوو دەنوسێتەوە، بۆ نموونە جۆزیف ستالین سەرکردەیەکی نەتەوەیی بوو، هەرچەندە من بە ئیعجابەوە لە رێباز و بەرهەمەکانی ناڕوانم، ماوتسی تۆنگ، سەرکردەیەکی نەتەوەی سەرکەوتو بوو، بەڵام بانگەشەی ئەوەدەکرێت کە بەرپرسیارە لە لەناوبردنی نزیکەی دوو ملیۆن کەس، ئەمانە مەسەلەگەلێکی ئاڵۆزن و کراوەن بۆ پێداچوونەوەی مێژوویی.

*** ئایا تا چ رادەیەکی دوای قۆناغی بنیاتانی نەتەوە، بوونی سەرکردە نەتەوەییەکان وەك رەمزێك بۆ هێنانەدی یەکگرتوویی لە نێو نەتەوەکەدا گرنگە؟**

- زۆرجار سەقامگیری سیستەمە سیاسیەکە و بوونی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانە و دیموکراسیانەی دەسەڵات، رۆڵێکی گرنگتر دەبینێت لە خوڵقاندن و هێنانەدی ئەو یەکێتییەدا، مەبەستم ئەوەیە تاوەکو سیستەمە سیاسیەکە کاراتر و سەقامگیرتربێت، ئەوا تا رادەیەکی دیاری کراو، گرنگی ئەو سەرکردانە کەم دەبێتەوە، بۆ نموونە راستە جۆرج واشنتۆن کەسایەتیەکی مەزن بوو،

بنیاتنانی نەتەوە و پاراستنی دیموکراسی پێویستیان بە رۆڵی رەخنەگرانەی راگەیاندن و رۆژنامەنوسان دەبێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەم کارە نەکەن ئەوا خزمەت بە هیچ ئامانجێك ناکەن



بەڵام ئەوە سەرکەوتوویی سیستمە سیاسییەکەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکایە، یەکێتی خوڵقاندووە کە خەریکی وێنەی ئەو کەسایەتیەش لە یادەوەری خەڵکدا کاڵدەبێتەوە، بەڵام لەو سیستمە سیاسیە ناسەقامگیرەکاندا، ڕۆڵی ئەم کەسایەتیانە زیاترە، بۆ نموونە لە تورکیادا، کەمال ئەتاتورك ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت، لە ئێراندا ئیمام خومەینی ئەم ڕۆڵە دەبینێت.

*** ئایا دیموکراسیش پێویستی بە بوونی سەرکردەگەلێکی باش، یان بەهێز هەیە؟**

- لەڕاستیدا دیموکراسی تا ڕادەیەك چەمکێکی تەمومژاویە، کە زۆرجار لە چوارچێوەیدا گروپێك لە سەرکردەکان پێکەوەکاردەکەن. ئەوەی پەیوەست بێت بە سەرکردەکانەوە، ئەوا دەکرێت سەرکردەی کارا و ژیرمان هەبێت و دەکرێت ئەو سەرکرانەشمان هەبێت کە بایەخ بە بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەدەن، بەڵام بنیاتنانی نەتەوە و دانانی بناخەیەکی سەرکەوتوو بۆ دەوڵەت پێویستی بە سەرکردایەتییەکی کارا هەیە، بەڵام ئایا دەبێت تەنها سەرکردەیەك بێت و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئەم کارەبکات، کە من هیوادارم بەمشێوەیە نەبێت، لەبەرئەوەی بوونی تاقە سەرکردەیەك بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ڕەنگە زۆر لەگەڵ پرۆسەی بنیاتنانی دیموکراسی لە مەودای دووردا نەگونجێت.

*** ئێمە وەك ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنوس، چۆن دەکرێت هاوکاری لەگەڵ سەرکردەکاندا بکەین لە پێناو سەرکەوتنی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا؟**

- من باوەڕم بە ئەخلاقیاتی ئەم پیشەیە هەیە، واتە وەك ڕۆژنامەنووس دەبێت بە ئاشکرا باس لە کارە هەڵە و خراپەکانی سەرکردەکان بکەین، ئەگەرچی ڕەنگە ئەم کارە لەو بەشەی ئێوەی جیهاندا مەترسیداربێت، بەڵام من بە ئیعجابەوە لەو کەسانە دەڕوانم، کە ڕاستی لە ئاست دەسەڵاتدا دەڵێن، من پێموایە بنیاتنانی نەتەوە و پاراستنی دیموکراسی پێویستیان بە ڕۆڵی ڕەخنەگرانەی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنوسان دەبێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەم کارە نەکەن ئەوا خزمەت بە هیچ ئامانجێك ناکەن. بۆ نموونە خۆالێخۆشبوو، ئیدوارد سەعید لە موحازەرەیەکیدا لە زانکۆکەی ئێمە، گوتی شتێك نییە بەناوی ڕۆشنبیری دەسەڵاتەوە، ئەگەر ڕۆشنبیران تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەیان نەبێت و هەمیشە پاڵپشتی لەو کارانە بکەن کە دەسەڵات دەیکات، ئەوا خزمەت بە هیچ ئامانجێکی سوودبەخش ناکەن.

*** ئایا بێ بوونی ڕۆڵی ڕۆشنبیر، بونیادی نەتەوە سەرکەوتوو دەبێت؟**

- من نازانم بە کێ دەگوترێت ڕۆشنبیر، بەڵام پێموایە ئەوانە دەگرێتەوە کە بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەیان هەیە لە ئاست سیاسەت و کولتوور و بیروباوەڕە ئایینیەکاندا، هەروەها تاوەکو ئازادی گوزارشتکردنیان هەبێت لە بیروباوەڕەکانیان ئەوا دەکرێت بڵێین، بناخەیەك هەیە بۆ دیموکراسیەتێکی سەرکەوتوو و سەقامگیر و بۆ پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە.

هیلگا بلاکرود بۆ گوڵان:

# پەیوەندی ڕۆشنبیران و سەرکردەی نەتەوەیی گرنگی خۆی هەیە بۆ پەرەپێدانی ناوەرۆکی ناسنامەی ئەو نەتەوەیەی بنیاتی دەنێن

**پرۆفیسۆر هیلگا بلاکرود، ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ئۆسلۆ لە نەرویج و پسپۆرە لەبواری پرۆسەی بونیادی دەوڵەت و نەتەوە و، تایبەتمەندیشە لەسەر فیدرالیزمی رووسیا، هەروەها سەرۆکی دیراساتی رووسیایە لە ئامۆژگای نەرویج بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی، بۆ قسەکردن سەبارەت بە بایەخی پرۆسەی بونیادی نەتەوەیی، پرۆفیسۆر هیلگا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** قۆناخی بنیاتنانی نەتەوە یەکێکە لە قۆناخە هەستیارەکان کە هەر نەتەوەیەك پێیدا تێپەڕدەبێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەولەویاتەکانی ئەم قۆناخە چین؟**

- ئەمە دەوەستێتەسەر ئەوەی ئایا ئێمە لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا دەمانەوێت دەوڵەتێکی مەدەنی دروست بکەین، یان دەوڵەتێکی ئیتنی، بۆ نموونە ئەگەر خوازیاری دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بین، ئەوا جەخت لەسەر هاووڵاتیبوون دەکەینەوە، بەڵام ئەگەر بمانەوێت دەوڵەتێکی ئیتنی دروست بکەین، ئەوا بایەخ بە گروپێکی ئیتنی دیاریکراو دەدەین، وەك گروپێکی زاڵ و باڵادەست، کە ڕەنگە گروپێکی کەمینەش بێت. ئەگەرچی زۆرجار لە حاڵەتی بنیاتنانی دەوڵەتێکی نەتەوەییدا گروپە ئیتنیە زۆرینەکە دەکرێتە بناغەی ئەم کارە، بۆ نموونە لە نەرویجدا، پتر جەخت لەسەر زۆرینە دەکرێتەوە کە نەرویجیەکانن، ئەگەرچی گروپی بچوك و کەمینەش هەیە لەم وڵاتەدا، بۆ نموونە ئەوانەی لە باکووری وڵاتەکە نیشتەجێن کە زۆرجار ئاوێتەکردنیان لەگەڵ چەمکی دەوڵەتی نەرویجیدا زەحمەتە.

> **شۆڕشی فەرەنسی یەکێکە لە نموونەکانی بنیاتنانی دەوڵەتی مەدەنی کە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە تێکڕای هاووڵاتیان یەکسانن، بە پێچەوانەوەی دەوڵەتی ئەڵمانی ئەو کاتەوە**

*** لە مێژووی بنیاتنانی نەتەوەکاندا، ئەو سەرکردانەی لەو قۆناخەدا ڕۆڵیان بینیوە، هەمیشە وەك ڕەمزێکی نەتەوەیی لێیان دەڕوانرێت، ئایا کاریگەری بوونی سەرکردەی نەتەوەیی چییە؟**

- ئەمە لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە جیاوازە، هەروەها مەرج نییە هەمیشە نوخبە سیاسیەکە هەڵبستن بە جێبەجێکردنی پرۆژە نەتەوەییەکە، بۆ نموونە لە ئەوروپا نوخبە ڕۆشنبیرەکە بەم کارە هەستان، کە هەندێ جار پاڵپشتی دەوڵەتەکانیان بەدەست دەهێنا و هەندێ جاریش ڕژێمەکان دژیان دەوەستانەوە، مەبەستم ئەوەیە مەرج نیە هەمیشە ئەم پرۆژەیە لە سەرەوە بۆ خوارەوە بێت، هەروەها مەرجیش نیە لە خوارەوە بۆ سەرەوە بێت، بەڵام ئەوەی دەکرێت ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە نوخبە ڕۆشنبیرەکان دەتوانن پەرەی پێبدەن.




*** لە شۆڕشی فەرەنسیدا ڕۆشنبیرەکان ڕۆڵیان بینی، چونکە ئەوان بوونە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی بیر و ئایدیاکان، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ڕۆڵ و ئەرکی ڕۆشنبیر چییە لە پرۆسەی بنیاتانی نەتەوەدا؟**

- من دەمەوێت سەرەتا ئاماژە بەوە بکەم، کە شۆڕشی فەرەنسی یەکێکە لە نموونەکانی بنیاتنانی دەوڵەتی مەدەنی کە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە تێکڕای هاووڵاتیان یەکسانن، بە پێچەوانەوەی دەوڵەتی ئەڵمانی ئەو کاتەوە. دواتر ڕۆڵی ڕۆشنبیران زۆر گرنگە، چونکە باس لەوە دەکرێت کە دەوڵەتی بنیات دەنرێت، پێکدەهێنرێت، ئەگەرچی ڕەنگە پێشتریش بوونی هەبێت، بەڵام لێرەدا ڕۆڵی ڕۆشنبیران زەق دەبێتەوە کە پەرە بە چ لایەنێکی ئەو دەوڵەتە بدەن، یاخود چ لایەنێکی ئەو دەوڵەتە بکەنە لایەنێکی جەوهەری و بنەڕەتی. بۆ نموونە لە عێراقدا ئایا مۆرکی دەوڵەتەکە ئەوەدەبێت کە دەوڵەتێکی شیعەیە، یان مۆرکێکی جیاوازتری پێدەدرێت. لێرەدا ڕۆڵی ڕۆشنبیر باشتر دەردەکەوێت.

*** سەرکردە ڕۆحییەکان، یاخود باوکانی دامەزرێنەر کە سەرکەوتوبوونە لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا، بوونەتە ڕەمز و ناسنامەی نەتەوەکانیان، بۆ نموونە کاتێك باس لە مەهاتما گاندی دەکرێت، دەزانین باس لە هیندستان دەکەین، ئەگەر ئاماژە بە دیگۆل بکرێت باس لە فەرەنسا دەکەین، ئەگەر باس لە جۆرج واشنتۆن بکەین، ئەوا باسی مێژووی ئەمەریکا دەکەین، بۆچی نەتەوەکان ستایشی ئەم سەرکردانەی خۆیان دەکەن؟**

- لە ڕاستیدا یەکێك لە لایەنەکانی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە بریتییە لە گەڕانەوە بۆ سەرکردە گەورە و



مەزنەکان و شکۆدارکردنیان، چونکە ئەم سەرکرانە ڕۆڵی بە ئاگاهێنانەوەی نەتەوەکەیان و دووبارە بنیاتنانەوەی ئەم نەتەوانەیان بینیوە، بە چەشـــنی ئەو سەرکردانەی ئێوە ئاماژەتان پێکردن، زۆرجار گەڕانەوەی ئەم نەتەوانە بۆ ئاماژەکردن بەم ســـەرکردانە و ستایشکردنیان، ئامانج لێی شکۆدارکردنی ڕابردوی خۆیان، بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ ئێستا و ئایندەیان.

*** زۆرجار باس لەوەدەکرێت کە چەسپاندنی دیموکراسی پێویستی بە تەواوکردنی پرۆســەی بنیاتانی نەتەوە هەیە، پرســـیارەکە ئەوەیە ئایا دیموکراسیش پێویستی بە بوونی سەرکردەگەلێکی باشە؟**

- بە دڵنیاییەوە پێویســـتی بە سەرکردەی باش هەیە، بــەڵام دەبێت ئەو بزانین کە دیموکراســـی پێشـــمەرجی پرۆســـەی بنیاتنانی نەتەوەنیە، چونکــە دەکرێت بنیاتنانی نەتەوە لە دەوڵەتێکی شمولیشـــدا ڕووبـــدات، ئەمە لە کاتێکدا زەحمەتە بێ بوونی نەتەوە دیموکراســـی بچەســـەپێنرێت، چونکە دیموکراسی پێویســـتی بەوە هەیە کە دەوڵەتێکی مەدەنی هەبێت و ناســـنامەیەکی دیاری هەبێت و هاولاتیان پشـــتگیری لێبکەن و بەشداری لە کاروباری حکومڕانێتیدا بکەن.

*** ئێمە وەك ڕۆشـــنبیر و ڕۆژنامەنووس، چـــۆن دەکرێت هاوکاری لەگەڵ سەرکردەکاندا بکەین لە پێناو سەرکەوتنی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا؟**

- تەنها پرۆســـەیەکی سیاســـی نییە، ڕۆشـــنبیرانیش دەتوانن ڕۆڵی گرنـــگ ببینن لە پەرەپێدانی لایەنێکی دیاریکراوی ناســـنامەی دەوڵەتەکەدا.

*** ئایا ڕۆڵی ڕۆشـــنبیران ڕەڵێکی تەواوکاریە بۆ ئەو کارەی سەرکردە سیاسیەکان دەیکەن، یاخود ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەم کارێکی مەحاڵە بێ بوونی هەوڵ و کۆششـــەکانی ڕۆشنبیران؟**

- من ناڵێم ســـەد دەر سەد مەحاڵە، بـــەڵام گفتوگـــۆ و پەیوەنـــدی ڕۆشـــنبیران و ئـــەم ســـەرکردانە گرنگی خۆی هەیە، بە تایبەتی بۆ پەرەپێدانی ناوەڕۆکی ناسنامەی ئەو نەتەوەیەی بنیاتی دەنێن، هەروەها بۆ چەسپاندنی ئەم ناسنامەیە لە ئەقڵ و دڵی هاووڵاتیانـــدا، کە لەم ڕووەوە بایەخدان بە سیســـتمی پـــەروەردەش گرنگی خۆی هەیـــە، کەواتە ئەمە پرۆســـەیەکی فرەڕەهەندە و نەتەوەش پرۆسەیەی بەردەوامی پێناسەکردن و دووبارە پێناسەکردنەوەیە کە ڕۆشنبیران ڕۆڵێکی گرنگی تێدا دەبینن.

# ماس میدیا شمشێرە دووسەرەکەی سەرخستن و سەربڕینی دیموکراسییە



کە پارتی و یەکێتی وەك دوو لایەنی سەرەکی سیاسیی جارێکی دیکە وەك دوو هاوپەیمان بڕیاردەدەن بەشـداری پرۆسـەی هەڵبژاردنەکانی کوردسـتان بکـەن، ئەوە کارێکی زۆر ئاسـاییە ئەندامێکی سەرکردایەتی ریفۆرم کە هێشـتا هەر بەحساب ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، بە کەیفی خۆی دژی ئەم هاوپەیمانیە بنووسێت، یان نەنووسـێت زۆر ئاسـاییە بە مانشـێتی گەورە لە رووپـەری یەکەمی رۆژنامەیەکی دیکەی سـەر بە بەباڵی ریفۆرم،بنووسـێت هاوپەیمانی پارتی و یەکێتی دژی پرۆسەی دیموکراسـییە، یان بۆ خۆیان ئاسـاییە، موناقەشـەیەکی هاوچەرخانـەی گوڵان بەبەشداری کۆمەڵێك پسپۆڕ لەسەر ئاستی کوردستان و عەرەبی و ئیسلامی و جیهان لەژێر ناوی بەدواداچوونی رۆژنامەوانی بە تەشهیرکردن پیشـانی رای گشتی بدەن، وەك ژمارەی رابردووی گوڵان کە تەوەرێکی لەسەر ئیسلامی سیاسیی کردۆتەوە و تێیدا بە شـێوەیەکی زۆر پرۆفیشـناڵانە و لـە چوارچێوەی ئاکار و پرەنسـیپی رۆژنامەوانی و بە شداری چەندین پیاوی ئایینی و پسـپۆڕ و تـوێژەری ناوخۆ و بیانی موناقەشـە لە پرسێکی گرنگ کراوە، موناقەشەکەش لە هەردوو راپۆرتەکەدا بێجگە لە چوار چەمك سـنوورێکی دیکـەی نەبەزاندووە، کـە ئەوانیش بریتین لـە جیاوازی نێوان (مونافیـق و موئمین، جاهیل و مەدەنی) ئەم چەمکانە چۆن مافی پارتە ئیسـلامیەکانە بە ئاشکرا و بێ زانیاری وەك ئەوەی خۆیان مەبەستیانە مێشکی موسڵمانی کوردی پێ قانگ دەدەن، بە هەمان شێوە مافی ئێمەشە وەك رۆژنامەنووس، وەك موسڵمان موناقەشەی بکەین و رای خۆمان دەربڕین، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسورمانە لەبەرئەوەی گوڵان گۆڤارێکە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەردەچێت، ئەوە گوناهێکی گەورەی کردووە و لەبەرئەوەی پارتە ئیسلامیەکان کە بەرۆژی نیوەڕۆ قەبر بۆ دیموکراتی هەڵدەکەن، بەڵام تەنها لەبەرەی سوێندخۆرانی گۆڕانـــ لە دیموکراسـییەوە بـۆ دیکتاتۆری، ئەوا قسـەکانی ئەوان ئاسـاییە و بە ئەقڵی ئەوان دەبێت ئێمە بێدەنگ بین، نابێت راستیەکان

بدرکێنین، لەکاتێکدا کێشە ئەوە نییە بیرو بۆچوونەکانمان لێك جیاوازن، بەڵکو گرفتی سەرەکی و بنەڕەتی لەوەدایە ئەوان کۆمەڵ و یەکگرتوو مەترسی گەورەو هەڕەشەی گەورەن بۆسەر هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە بە رووباری خوێن وەدیهاتوون، ئەوان مەترسین بۆ سەر ئایندەی کوردستان کە دەیانەوێ بە عەقڵییەتێکی داخراوەوە مامەڵە لەگەڵ دیموکراسی و ئازادی بکەن، دەیانەوێ دیموکراسی و ئازادی بەبەرچاوی هەموو خەڵکی کوردستان ئەتك بکەن،بۆیە ئەرکی نەك تەنها گولان بەڵکو هەموو دیموکراتخوازو نیشتمانپەروەرێکە بە دەنگی بەرز رووبەڕووی خزمەکانی حیکمەتیارو بن لادن و مەلاعومەری تاڵیبان ببنەوە .بۆیە ئەو شێوازی شیکردنەوەو رەخنەیەی گوڵان لە راپۆرتەکانیدا پیادەی دەکات، پەیوەندی بەوەوە نییە کێ دەگرێتەوە بەقەد ئەوەی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان ناچارمان دەکەن رەخنە بگرین کە هەندێ جار ئەگەر پێویستی کردبێت رەخنەی بونیادنەرانەمان لە پارتی و یەکێتی یش گرتووە یا لە حکومەتی هەرێمیشمان گرتووە . لەبەرئەوەی ئەم شێوازە کە کە تا ئێستا گوڵان وەك تاقە سوار لە کوردستان پیادەی کردووە، شێوازێکی باوی زۆرێك لە راپۆرتە رۆژنامەوانییە هاوچەرخەکانی جیهانە، هەر بۆ نموونە، کاتێك رەخنە لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەگرین، هیچ جیاوازیەکی نەبووە لەو رەخنەیەی لە پارتە ئیسلامیەکانمان گرتووە، کاتێك رەخنە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرین، لە هەموو بوارەکاندا، بێجگە لەوەی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بەیەکەوە دەبەستینەوە، لە هەمانکاتدا، رەخنەکانمان هیچ جیاوازیەکی لەو رەخنانە نەبووە، کە لە کۆمپانیای وشەمان گرتووە، کەواتە ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان کە ئەم شێوازە رەخنەییە پیادە دەکەین، مافی رەخنە و موناقەشە، لەبەرامبەر وەرناگرینەوە، هەموو کات دەرگای دیالۆگمان بەکراوەیی هێشتۆتەوە، لەهەمانکاتدا ئەو نەریتە کۆنە تەقلیدیەش دەشکێنین، بەبێ ئەوەی راستیەکان ئاشکرا بکرێن و بەبێ ئەوەی یاسا بڕیاریدابێت، ئێمە تەشهیرمان کردووە یان نە؟ لە هەواڵ و سایتەکان بڵاویدەکەنەوە، لەسەر تەشهیرکردن گۆڤاری گوڵان دەدرێتە دادگا، پرسیار ئەوەیە ئایا تەشهیرکردنەکەی گۆڤاری گوڵان چییە؟ بۆ پیشانی رای گشتی نادەیت؟ ئایا کە تۆ پەنا بۆ یاسا دەبەیت، بۆچی خۆت شوێنی یاسا دەگریتەوە؟ باشە ئەگەر یاسا ئەم موناقەشە فیکری و سیاسیەی گوڵانی بە تەشهیر لەقەڵەم نەدا؟، ئایا تۆ چۆن ئەم بوختانکردنە راست دەکەیتەوە؟ یان رۆژنامەیەکی وەك رۆژنامە کە لە راپۆرتەکەیدا لەسەر ئەم مەسەلەیە و لەسەر زاری کادرێکی کۆمەڵی ئیسلامی ئەوە بڵاودەکاتەوە گوایا گوڵان تەشهیری بە ئایینی کۆمەڵگە کردووە، بۆ ئەو تەشهیرەی بە ئایینی کۆمەڵگەمان کردووە بڵاویناکەنەوە؟ پرسیار ئەوەیە ئایا یەکێتی زانایانی ئیسلامی لەم وڵاتە نین؟؟، بۆچی هەتا ئێستا گلەییان لەسەر یەك پیتی ئەو راپۆرتە نەبووە؟ کەواتە کاتێك بە زمانی راستی و زانستی رووبەڕوویان دەبینەوە و پێیاندەڵێین، میللەتی ئێمە لەوە هۆشیارترە ئێوە هەڵیبخەڵەتێنن، ئەوا لەبەرئەوەی فێربوون و ناتوانن واز لە چەواشەکاری بهێنن، پەنا بۆ چەواشەکاریەکی دیکە دەبەن بۆئەوەی رووی ناشیرینی خۆیانی پێ بشارنەوە.

لایەنێکی دیکەی گرنگ، کە هەندێك لەوانەی کە پێویست نەبوو، خۆیان لەم شەڕەوە بگلێنن و ئەو بێ لایەنییەی پێی ناسرابوون لە دەست خۆیانی بدەن، بەڵام لەبەرئەوەی ئاستی مەعریفیان سنووردارە و بەشی ئەم شەڕە ناکات، بەوە تاوانبارمان دەکەن، گوایە میدیاکانی پارتی و یەکێتی دەستپێشخەربوون، لە میانەی ئەو چەند موناقەشەیەشی رادیۆی نەوا لە نێوان راگەیاندنکارانی ئەملا و ئەولا سازیدا، دەرکەوت چ لایەنێك بنەماکانی ئاکاری مونازەرە و دیالۆگی نێوان رۆژنامەنووسان دەشێوێنێت، ئێستا لەگەڵ ئەوەی پارتی و یەکێتی دوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستانن و وەك ئەوان دەڵێن خاوەنی دەسەڵات وپارەو ملیشیان، داوای راگرتنی هاوسەنگی دەکەن، داوای ئەوەیان لێدەکەن، ئەوەی بۆ خۆتان بە رەوای دەزانن، بۆ ئێمەشی بە رەوا بزانن، کاتێك هەموو کارێکی حکومەت و بەرنامەی پارتی و یەکێتی، لەگەڵ سفر یەکسان دەکەن، دەبێت بەرگەی ئەوەش بگرن، پارتی و یەکێتی پێتان بڵێت، ئێوەش بودەڵەن و هیچ بەرنامەیەکتان پێ نییە. باشە، ئەگەر ئەم هاوسەنگییە نەبێت، کەواتە ئێوە کوردستان دەکەنە بەندیخانەیەکی گەورە و خۆشتان دەکەن بەو سەجانانەی کە بەندییەکان بۆیان نییە قسەیەك بکەن، مەترسیەکە لێرەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوان دەست بە هەڵمەتێکی ناشەرعی دەکەن، بەڵام مافی وەڵامدانەوە بە کادرەکانی پارتی و یەکێتی رەوا نابینن، هەر بۆ نموونە پێش ئەوەی هیچ هەڵمەتێکی هەڵبژاردن دەست پێبکات، لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکەی KNN یەکێك لەوانەی ئێستا ئەرکی پڕۆپاگەندەی بۆ لیستەکەی کۆمپانیای وشە پێسپیردراوە، دەیگوت: «لەم وڵاتە کوا ئازادی هەیە، کوا دیموکراتی هەیە، پێمباشە حکومەتی عێراق لاسایی هەموو شێوازێك بکاتەوە لاسایی ئەزموونی هەرێمی کوردستان نەکاتەوە، پاشان پێشکەشکاری بەرنامەکە سەبارەت بە ئازادی رادەربڕین لێی پرسی: ئەی سەبارەت بەئازادی رادەربرین چی دەڵێیت؟ لەوەڵامدا گوتی ئەوەش نییە، پاشان تێگەیشت کە ئەمەیان قابیلی قەبووڵ نییە، گوتی نا پەراوێزێك بۆ ئازادی رادەربرین هەیە، ئەوەنییە من بە کەیفی خۆم قسەدەکەم و کەسیش هەقی بەسەرمەوە نییە» یان هەمان تەلەفزیۆن، لەم شەوانەی رابردوو، دیمانەی لەگەل یەکێك لە مامۆستاکانی زانکۆی کوردستان کردووە و پێشکەشکارەکە پێش ئەوەی پرسیار لە مامۆستای زانکۆکە بکات دەڵێت: «پرۆسەی دیموکراتی لە کوردستان بەرەو پاشەوە چووە و لەبەغدا بەرەوپێشەوە چووە»، وەڵامی ئەم بەڕێزە کە ئەم دیمەنە جوانەی کوردستان بەو شێوازە لە شاشەی تەلەڤزیۆنەکەوە پیشاندەدات، لەگەڵ واقیعی کوردستان واقیعێکی پێچەوانەیە، ئەم واقیعە پێچەوانەیەش بەم چەند خاڵە پیشاندەدەین:

١- زانکۆی کوردستان، زانکۆیەکە هاوتای یەکێك لە زانکۆ بەناوبانگەکانی بەریتانیایە.

٢- ئەو مامۆستایانەی لەو زانکۆیە وانە دەڵێنەوە، هەموویان دەرچووی زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهانن، مەرجیشە زمانی ئینگلیزی زمانی یەکەمیان بێت، یان وەك زمانی دایك، ئینگلیزی بزانن.

٣- ئامانجی ئەم زانکۆیە پێگەیاندنی کۆمەڵێك کادرە لەبوارەکانی زانستی سیاسەت، یاسا، کارگێڕی، واتە ئەم زانکۆیە ساڵانە کادری لێهاتوو، دیراساتی ئەکادیمی بەرهەمدەهێنێت، بۆ ئەوەی

دامەزراوەکانی کوردستان لەسەر بنەمای ستاندەری جیهانی هەڵبسوڕێت.

٤- مامۆستایانی ئەو زانکۆیە سەربەخۆن، بە پێچەوانەی هەندێك ناوەندی ئەکادیمی تەنانەت لە ئەمریکاش، کاتێك پەیوەندیان پێوە دەکەین، راستەوخۆ بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ کەس، لێدوان بۆ میدیاکان دەدەن، بەڵام ئێستاش لە هەندێك ناوەندی ئەمریکا بە تایبەتی ئامۆژگای هۆڤەر و برۆکینگز، ئامۆژگای ئەمریکا بۆ رۆژهەڵاتی نزیك، ئامۆژگای دیراساتی ئاسایشی نیشتمانی و.. هتد. دەبێت پێوەندی بە نووسینگەی پێوەندییەکان و راگەیاندنی ئامۆژگا یان زانکۆی ناوبراو بکرێت، هەروەها ئامانج لە دیمانەکە بزانن، ئینجا بوار دەدەن مامۆستایەکی زانکۆ لێدوان بدات، هەر بۆنموونە، هەفتەی رابردوو، پرۆفیسۆر چارڵس ئەدوان، زۆر پێی خۆش بوو کە قسە بۆ گوڵان بکات، بەڵام پێی راگەیاندین پێویستی بەوە هەیە، بۆ ئەم لێدوانە مۆڵەت وەربگرێت، ئەوەبوو ئاگاداری کردینەوە مۆڵەتیان پێنەدابوو، لێدوان بدات. ئێمە دڵنیاین مامۆستا بەڕێزەکانی زانکۆی کوردستان، کە هەریەکەیان لە چەندین زانکۆی جیهانی کاریانکردووە، لەم راستیە ئاگادارن، بۆیە کاتێك ئەوان سەربەخۆن ناگەڕێنەوە بۆ زانکۆ، کاتێك لێدوان دەدەن، دەبێت پێشکەشکاری بەرنامەکە ئەوەندە ئاگاداربێت، ئەم راستیەی لەبیر نەچێت، کەسێتی رۆژنامەنووس بکات بە قوربانی ئامانجێکی سیاسیی، لانی کەم ئاماژە بەوە بکات دامەزراندنی زانکۆی کوردستان نیشانەی ئەوەیە حکومەتی کوردستان هەوڵدەدات، کەموکوڕیەکانی خۆی چاك بکات، نەك بوونی زانکۆی کوردستان لە هەولێر نیشانەی ئەوەبێت کە لەم هەرێمەدا دیموکراسی پاشەکشەی کردووە، ئەمەجۆرە دیمەنانە رۆژنامەنووس، لە رۆژنامەنووسەوە دەکاتە شاگرد، بەڵام شاگردەکەی مەلا نەجمەدین و پیرەمێرد نا، بەڵکو شاگردی وەستایەکی نەخوێندەوار کە رایدەسپێرێت بچێت دووچای بۆ بێنێت یەکێکیان کەم شەکر بێت و ئەویتریان دیشلەمە بێت، ئەگەر ئەو چایانە ئەو مەرجانەی تێدا نەبێت، ئەوا وەستا نەخوێندەوارەکە سینیەکە بەسەری شاگردە قوربەسەرەکە دەکێشێت، لەوانەیە هەندێك لەوانەی هەست دەکەن،ئەم قسەیەی ئێمە دەیانگرێتەوە، وای لێکبدەنەوە، ئەمە هەڵمەتی هەڵبژاردنە و دەمانەوێت لایەنی بەرامبەر بشکێنین، لەکاتێکدا ئەمە پەیوەندی بەهەموو شتێکەوە هەبێت پێوەندی بەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەوە نییە، ئەمە موناقەشەکە لەسەر کارێکی رۆژنامەوانی، کە تێیدا ئیتیکی رۆژنامەوانی بە پەند کراوە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی لە وڵاتێکدا، زانکۆی وەك زانکۆی کوردستان هەبێت، چۆن دیموکراتی پاشەکشەی کردووە؟ بۆ ئەوەی ئەو بەڕێزانەش ئەو پرسیارەمان لێ نەکەن زانکۆ چ پەیوەندیەکی بە دیموکراسیەوە هەیە؟ دەڵێین ئاستی بەرزی زانکۆکان رەنگدانەوەی ئاستی ئازادی و دیموکراتی هەر وڵاتێکن، لە وڵاتێکدا ئاستی زانکۆ بەرز بێت، واتە هەموو شتێك بەرەو بەرزی و ئازادی هەنگاو هەڵدەگرێت، دەشتانەوێت زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە هەڵوەستە بکەین، دیسان دەڵێین بەخۆشحاڵیەوە، لەبەرئەوەی، لەم موناقەشەیە هەردوولا براوە دەبین، ئەوەی لەم موناقەشەیە زەرەمەند دەبێت ئەقڵە دۆگماکانە و ئەوەشی سوودمەند دەبێت خەڵکی کوردستانە. سەیر بکەن، ئێمە چۆن سەیری مەسەلەکان دەکەین و ئەوانیش چۆن سەیری مەسەلەکان دەکەن، ئەمە دروست وەك ئەو حاڵەتە وایە کە کۆڵن پاوڵ سەبارەت بە ئازادی میدیا لە ئەمریکا باسی دەکات و دەڵێت (ئەوەی میدیاکانی ئەمریکا دەیڵێن، مەرج نییە هەمووی راست بێت، بەڵام هەموویان پێکەوە یەك راستی دەسەلمێنن، لەم وڵاتە ئازادی هەیە و سانسۆر لەسەر ئازادی میدیا و رادەربڕین نییە) کەواتە رۆژنامەنووسانیش کە بەردەوام لەریزی پێشەوەی رۆشنبیران لە قەڵەم دەدرێن، لەبەرئەوەی ئیتکی رۆژنامەوانی پیادەکردنی میتۆدی توێژینەوەی رەخنەییە، نابێت کاری رۆژنامەوانیش لەدەرەوەی ئەم میتۆدە بێت، جار جاریش دەبێت رەخنەکان خۆشمان بگرێتەوە.

٥-یان لەباشترین حاڵەتدا، وەك لەم یەك دوو رۆژە بینیمان، باسی ئەوە دەکەن، چۆن دەبێت لیستی سەربەخۆ و جیاواز هەبێت و رەخنە لەپارتی و یەکێتیش نەگرین، ئەو پارتی و یەکێتیەی ماوەی ١٨ ساڵە خوێنی ئەم میللەتە دەمژن، ئەگەر ئێمە رەخنە لە پارتی و یەکێتی نەگرین چۆن هەڵمەتی هەڵبژاردن بکەین، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، باشە تۆ ئەوە بە مافی خۆت دەزانی رەخنە لە پارتی و یەکێتی ئەوەندە بگرە، هەتا دڵت ئاو دەخواتەوە، بەڵام ئەو مافەش بە پارتی ویەکێتی بدە،کەنەك پێت بڵێن و تۆ و وەستاکەت خائیین و خوێن مژن، بەڵام ئەوەندە بڕوا بە مافی بەرامبەریش بکەن، کە ئێمەش مافی وەڵامدانەوەمان هەیە، با ئێمەش بڵێین بەڕێز تۆ لەسەر دارێك راوەستاویت، دارەکەی ژێر خۆت دەبڕیتەوە، یان حزبێکی ئیسلامی هیچ بەرنامەیەکی نییە وەك حزبی سیاسیی لەسەر تەلەفزیۆن ٢ سەعات باسی ئەوە دەکات، قۆرئان پیرۆز وگەورەیە، ئەمەش واتە حزبەکەی من پیرۆز وگەورەیە، باشە دەبێت منیش ئەو مافەم هەبێت، بڵێم راستە قورئان پیرۆز و گەورەیە، بەڵام تۆ مافی ئەوەت نییە پیرۆزی قورئان بە بەری حزبەکەی خۆتدا بکەیت، کە ئەمەت کرد واتە مافی منت پێشێڵ کرد، ئەو قورئانەی تۆ کردوتە بە هۆکارێك بۆ پڕۆپاگەندەی هەڵبژاردن، بیروباوەڕی راستەقینەی منە وەك تاکێکی موسڵمانی کورد، باشە تۆ دەستدرێژی دەکەیتە سەر مافی من، چۆن دەبێت من بێدەنگ بم، کێ رێگەی پێداوی تۆ ئەسڵەن پێش نوێژی بۆ موسڵمانانی گەلەکەم بکەیت، من لە فرتوفێڵەکانی تۆ تێدەگەم دەتانەوێت لە ژێر باڵی ئیسلام و قورئانی پیرۆزەوە بازرگانی بە کەسێتی من وەك تاکی موسڵمانی کورد بکەیت، دەتەوێت، کاردانەوەی سلبیم هەبێت و تۆ و قورئانەکە تێکەڵ بکەم، بەڵام ئەمە ناکەین،

**قورئان پیرۆز و گەورەیە، بەڵام کەس مافی ئەوەی نییە پیرۆزی قورئان بە بەری حزبەکەی خۆتدا بکەیت**

تۆ و قورئانەکە لێکجیادەکەینەوە، بە دەنگی بەرزیش داکۆکی لە مافی خۆمان دەکەین، دەڵێین ئەوەی قورئان بۆ پڕۆپاگەندەی هەڵبژاردن بەکاربهێنێ، دوور و نزیک پێوەندی بە ئیسلامەوە نییە و ڕێزی قورئان ناگرێت و پیرۆزی قورئان دەشێوێنێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی بۆ بەرامبەر ئاسایی بێت، سوکایەتی بە ئایین وخوێنی شەهیدانی من بکات، لەبەرامبەردا کاتێك وەڵامدەدەینەوە ئێمە ئەو مافەمان نەبێت. ئایا بۆچی لیستەکانی دەرەوەی یەکێتی و پارتی ئەگەر ڕەخنە لە پارتی و یەکێتی نەگرن هیچ مانایەکیان نابێت، ئەمەبە هەقی خۆیان دەزانن، بۆچی کە وەڵامیان بدەینەوە، ئێمە دەستمان بە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کردبێت، پێش ئەوەی دەستی پێکردبێت، بۆ نابێت ئێوە ڕەخنەتان لێ بگیرێت، ئایا بانێکە و دوو هەوایە؟

## بۆ ئەوەی میدیا نەبێتە ئەو شمشێرەی دیموکراسی سەر ببڕێت

ئاماژەکردنمان بەو چەند خاڵە لە پێناوی دوو ئامانج بوو:

١- مافی خۆت و مافی بەرامبەر.


٢- یەکسانی و هاوسەنگی لە ڕەخنەگرتن و وەڵامدانەوەی ڕەخنەکاندا.

بایەخی ئەم دووخاڵە لەوەدایە، دەکرێت ئەم دوو خاڵە ڕەوتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بە هەردوو ئاراستەی سلبی و ئیجابی دیاری بکات، ئەم ڕاپۆرتە هەوڵێکە بۆ ئەوەی بتوانێت، بەشداریەك لە ئاراستە ئیجابییەکە بکات و ئاراستە سلبییەکە دووربخاتەوە، بۆ ئەمەش بە پێویستی دەزانین چەند خاڵێك بخەینەڕوو:

أ- بێگومان دەبێت پێش هەموو شت هەموو ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەم هەڵمەتەدا دان بەو ڕاستیەدا بنێن، کە لەم هەڵمەتەدا ڕۆژنامەی ئازاد (ناوخۆ) بە مانای ئەوەی بێ لایەنانە چاودێری پرۆسەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بکات نییە، خۆیان ڕایانگەیاندووە، بێ لایەن نین، بۆیە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکە لەنێوان دوو لایەنی سەرەکی بەڕێوە دەچێت، لایەك ماس میدیاکانی پارتی و یەکێتی و لایەنی بەرامبەریش ئەوانەن کەخۆیان پێش هەڵبژاردن جیاکردۆتەوە و ناویان لەخۆیان ناوە (ئێمە و ئەوان) کەواتە بەزمانی ئەوان، ئێمە ئەوانین و بەزمانی ئێمەش ئێوە ئەوانن.

ب- ڕاستیەکی دیکە ئەوەیە ئەمڕۆ لە کوردستاندا خەڵکانی بێ لایەن، واتە ئەو خەڵکانەی بە فەرمی خۆیان بە ئەندامی هیچ حزبێکی سیاسیی کوردستان نازانن، کەمینەن، کەمینەیەکی کەمیشن، کەواتە دەبێت دان بەوەدابنێین، کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکە زۆربەی هاووڵاتیانی ئەندامی حزبە سیاسیەکانن، کەواتە لەم کۆمەڵگایەدا پارتی و یەکێتی ئەو دوو لایەنەن کە لەلایەن زۆربەی هاووڵاتیانەوە خۆشەویستن و جێگەی متمانەن، هەموو ئەوانەشی خۆیان بە ئەندام و هەواداری پارتی و یەکێتی دەزانن بەمافی خۆیانی دەزانن، لەسەر بیروباوەری خۆیان هەڵوێستیان هەبێت، بێ ئاگایی ئەوکاتە دەست پێدەکات، کە گلەیی و گازندە ئەم ڕێژە زۆرەی هاووڵاتیان کە لەبنەڕەتدا گلەییە لەخۆی، وەك دژایەتیەکی ئەنقەست بۆ مەرامی سیاسیی بەکاربێت، ئەمە نیشانەی چییە؟ ئەمەیە هەندێکجار کە سیاسەتمەدار یان بەناو ڕۆشنبیر شیکاری باردۆخەکە دەکات، پێش ئەوەی باسی باردۆخەکە بکات پێناسەی کەسێتی خۆی دەکات و ئاستی هۆشیاری خۆی بۆ بەرامبەر دیاری دەکات، هەر لەو نموونانەی ئاماژەی پێدەکات، گوێگر یان بینەر یان خوێنەری زیرەك بۆی دەردەکەوێت، پاشخانی ڕۆشنبیری ئەو سیاسەتمەدارە یان ئەو بەناو ڕۆشنبیرە، سەر بەچ قوتابخانەیەکە و لە چ ئاستێکدایە، ئەگەر وانەبێت، ڕۆشنبیر چۆن زاتی ئەوە دەکات، حکومڕانی کوردستان بە حکومڕانی دەوڵەتانی عەرەبی بەراورد بکات، یان حکومەتی بەغدا (کە دوای سودان و میانمار، ڕیزبەندی سێهەمە لە ڕاپۆرتی شەفافیەتی نێودەوڵەتی و ڕیزبەندی دووەمە لە ڕاپۆرتی دەوڵەتە فاشیلەکانی سندوقی ئاشتی جیهانی) بەسەرکەتووتر پیشانی گەلی خۆی بدات، ڕاوەستان لەسەر ئەم قسانە ڕق و قینەی دەیان

کێ ڕێگەی پێداوی تۆ ئەسڵەن پێش نوێژی بۆ موسڵمانانی گەلەکەم بکەیت



کۆمەڵ | هاوڵاتی www.hawlati.info | ئاوێنە www.awene.com

سـاڵەی تێدا دەخوێنرێتەوە، یان لایەنێکی دیکەی ئیسلامی سیاسی پێشمەرگە بەوە تاوانبـار بکات کە ڕێگەی نـەداوە بەڕێز ئەسیل نوجێفی سەرۆکی ئیدارەی شەرعی پارێزگای موسـڵ سـەردانی بەعشیقە بکات و باسی ئەوە بکات کە هاووڵاتیانی موسڵ خۆپیشاندانیان کردووە، دژی بوونی پێشمەرگە لە پارێزگای نەینەوا، ئایا هیچ ڕۆشـنبیریك دەتوانێـت، بیرکردنەوەی ئەم حزبە بەناو ئیسلامیی کوردستانیە، لەگەڵ بیرکردنەوەی ئەرشـەد زێباری لەیەکتری جیابکاتەوە، ئەم نکۆڵیکردنە لە سەرحسابی گەلی کوردستان بۆ ئەوەی دژایەتی پارتی و یەکێتی پێبکەن، هەموو ئاکار ومۆراڵێکی سیاسیی و ڕۆشنبیری لەخۆی دادەماڵێت، بۆیە ئەگەر چاو بەخۆماندا نەخشێنینەوە، بەرەو لایەنە سلبیەکەمان دەبات.

ت- کەواتە دەبێت پێناسـەی ڕەخنەی ئێمە و ئێوە بۆ ڕەخنەگرتن ئاشکرا و هاوسەنگ بێت، واتە ئـەو ڕەخنەیەی بۆ ئێوە مافتان هەیە، دەبێت سـەردەمیانە ئـەو مافە بۆ بەرامبەریش بسەلمێنن، سەلماندنی مافی بەرامبەر ئیجباری نییە، بەڵام ئەگەر نەت سـەلماند نابێت کە بەهەمـان زمان وەڵام دەدرێنەوە نارەحەت بن. لێرەدا نموونەیەکی زۆر سـادە دەهێنینـەوە، کاتێـك لایەنی بەرامبەر، پارتـی و یەکێتی بە خوێنمژ و گەندەڵ و خائین تاوانبـار دەکات، دەبێت چاوەڕێی ئـەوەش بن، بەرامبـەر ئێوە بە بەکرێگیراو و دەستی دەرەکی لە قەڵەم بدات، بەڵگەش لەسـەر ئەم لایەنە بڵاو بکاتەوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا پرۆسـەی هەڵبژاردن لە مومارەسـەیەکی دیموکراتییەوە دەگۆڕێت، بۆ مومارەسەی دژایەتی بە شێوازی ئاژاوە و گێرەشێوێنی.

ث- پرۆسەی هەڵبژاردن، وەك دبلۆماتییەتی دانوستان وایە، واتە لایەنەکان پێش ئەوەی بچنە سەرمێزی دانوسـتاندن، هەریەکەیان دان بەلایەنی بەرامبـەردا دەنێت، دان بەو ڕاستیەدا دەنێت، شەڕ ئەم کێشەیە چارەسەر ناکات بۆیە ڕوویانکردۆتە سـندووقەکانی دەنگدان، لەپرۆسەی هەڵبژاردنیشدا هەر بەو شێوەیەیە، دەبێت ڕاستیەکانی یەکتری دانی پێدابنرێت،کە دەڵێین دانی پێدابنرێت، مەبەست ئەوە نییە، پڕۆپاگەنـدەی هەڵبژاردنی بۆ بکەیت، واتە هەر بۆ نموونە، دەبێت لایەنی بەرامبەر ئـەو ڕاسـتیەی لەبەرچاو بێت پارتی ویەکێتی دوو لایەنە خۆشەویسـت و متمانە پێدراوەکەی خەڵکی کوردسـتانن، هەموو ڕاپرسیەکان پیشـانی دەدەن. لانی کەم ٧٠٪ی دەنگدەری کوردسـتان دەنگی پێدەدەن، ئەمەش واتە دەبێت ڕێزی ٧٠٪ی دەنگدەری کوردسـتان بگریت، نابێت لەبەر هەر ئامانجێکی سیاسیی، ئەو ڕێزە بخرێتە ژێر پێـوە، لەبەرامبـەردا، دەبێت پارتی و یەکێتییـش ڕێزی ئەو ٣٠٪ یـە بگرن کە دەنگی خۆیان دەدەنە سـەرجەم ئەو لایەن و توێژانەی بەشـداری هەڵبـژاردن دەکەن بە بەناو ئیسـلامی سیاسـی و چەپ و نەتەوەییەکانەوە، ئەم ڕێزگرتنە نەبێت، واتە بنەمای گەمە دیموکراسیەکە تێکدەچێت، بۆیە زۆر گرنگە ئەم بنەمایە بپارێزرێت.

ج- دەبێت لەوە هۆشـیارتربین، پرۆسـەی دیموکراتی بەو جۆرە پێناسـە بکەین، کە دروشـمەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن واتە، کەموکورتییەکانی بەرامبەر، بەڵکو دەبێت دروشـمەکانی هەڵمەتەکانـی هەڵبژاردن ڕەنگدانـەوەی ئـەو بەرنامەیـە بێت کە دەیخەیتـە بەردەمی دەنگـدەر بۆ ئەوەی متمانــەت پێبکات، نەك بەو شـێوەیە بێت دەنگ بدەن بە پارتی و یەکێتی لەبەرئەوەی لایەنی بەرامبـەر بە کەڵـك نایەت، یان لایەنی بەرامبەر بەو جۆرە بانگەشە بکات دەنـگ بدەن بە ئێمـە لەبەرئەوەی پارتی و یەکێتی خوێنمـژ و خائینن، دەکرێت بە ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاریمان بەرنامەی خۆمان بخەینەڕوو. هەر لایەك موناقەشە و ڕەخنە لەبەرنامەی بەرامبەر بگرێت، بەڵام لەسـەرەتاوە لایەك بەرنامەی ئەوی دیکە ڕەتبکاتـەوە، ئەمە هـەر ناوێکی لێ بنێن نابێتـە، هەڵمەتی هەڵبژاردن و پیادەکردنی دیموکراسی، لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە چەند خاڵێك بکەین:

١- دەکرێـت و کارێکی زۆر سروشتیشـە پارتێکـی بەناو ئیسـلامی پرۆپاگەندەی هەڵبژاردن لەناو ئـەو بەرنامەیەی کە بۆ خۆی دایڕشـتووە، هەمـوو بەرنامەکانی پارتی و یەکێتی لەبەریەکهەڵبوەشـێنێتەوە، بۆ نموونە ئـازادە بـە هەوادارانی خۆی بڵێـت، ئەگەر من چوومە دەسـەڵات ئەو کچەی سەرپۆشی بەسـەرەوە نەبێت نایەڵم پێ بخاتە ناو حەرەمـی زانکۆ، دەتوانێت بە ئاشـکرا بڵێت من کەبوومە دەسەڵاتدار ڕێگە نـادەم ئافرەت کار بـکات و مێردە ملپانەکەی بە خێو بـکات، دەبێت ئافرەت لە ماڵەوە دابنیشـێت و مێردەکەی پارەی بۆ پەیدا بکات، دەتوانێت بڵێت، ئەگەر من بوومە دەسەڵاتدار چەند زانکۆی ئەمریکی و بەریتانی و فەرەنسی لە کوردستان هەیە هەمووی دادەخـەم و زانکۆی قەتەری و سعودی و میسری دەکەمەوە، بەڵام ئەوەی کە نابێت ئاماژەی پێبکات، ئەوەیە، نابێت بڵێت، ئەم دروشمانەی من بەرزی دەکەمەوە فەرمانی خوا و سونەتی حەزرەتی محەمەد (د.خ)ە، بۆچی نابێت وا بڵێت؟ لەبەرئەوەی ئەگـەر ئەمانـەی وەك فەرمانی خوا و

**ئەوەی قورئان بۆ پڕۆپاگەندەی هەڵبژاردن بەکاربهێنێ، دوور و نزیک پێوەندی بە ئیسلامەوە نییە و ڕێزی قورئان ناگرێت و پیرۆزی قورئان دەشێوێنێت**



رۆژنامە | یەکگرتوو | KNN

سونەتی پێغەمبەر (د.خ)، خستەڕوو ئەوا واتە میللەتێکی کافر موسڵمان دەکات، واتە بانگخوازە و لە کوفر هۆشیارمان دەکاتەوە، واتە بەرنامەکەی خۆی پیرۆز دەکات، واتە فەرزی دەکات، وەك من چۆن ناتوانم و ڕێگە بە خۆم نادەم ڕەخنە لە خوا و پێغەمبەر (د.خ) بگرم،چونکە ئەمەیان کوفرە، هەڵبەت ڕەخنەش لەبەرنامەکەی ئەو ناگرین، بۆ ئەوەی ڕێگەی دووریشیان بۆ نزیك بکەینەوە، ئەوانیش وەك مافی خۆیان لەو قورئانە سوود وەربگرن، کە پێش ئەوەی بیروباوەڕی ئەوان بێت، بیروباوەڕی کوردە وەك گەلێکی موسڵمان، بابڵێت ئێمە ئەوەندە لەو قورئانە تێگەیشتووین، ئەمانە وا دەبینین، لەگەڵ قورئان هاودژی دروست ناکات، ئەمەش واتە ئەقڵی خۆی وەك تاك، وەك کەسێك بیەوێت، ڕێزی بەرامبەرەکەی بگرێت دەخاتەڕوو. بەڵام وەك بەرنامەی خوا و پێغەمبەر (د.خ) بیخاتەڕوو، واتە دەرگای دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی داخست، مافی من لە پەنابردن بۆ قورئانەکە داگیر دەکات، ئەمەش بەرەو لایەنە سلبییەکەمان دەبات نەك لایەنە ئیجابییەکە. بۆیە چەند مافی ئێوەیە خۆتان بخزێننە ناو قورئانەکە کە موڵك و بیروباوەڕی هەموومانە، دە هێندەش مافی ئێمەیە، بە میللەتی خۆمان بڵێین، ئەمە بەرنامەی خوا و پێغەمبەر (د.خ) نییە و ئەوانە لە بەرنامەی خوا و پێغەمبەر تێنەگەیشتوون. کەس حەدی نییە موزایەدەی موسڵمانیەتی بەسەر گەلی کورددا بکات، ئەوەی بانگخوازی ئیسلامی لەناو کورد دەکات، ئەوانە دوور و نزیك پێوەندیان بە ئایین و ئیسلامەوە نییە، پیاوی ئەملا و ئەولان و سیاسەت دەکەن، بۆ ئەوەی ئەمانە هەمووی ڕوونەدەن باشترە هەریەك ڕێزی هەستی بەرامبەر بگرێت، پەنا بۆ شتێك نەبات کە بەتەنها موڵکی ئەو نییەو، کەسیش ئامادەنییە ئیهانەی ئایین و مێژوو و کەرامەتی هەزار ساڵەی گەلەکەی بکرێت و بێدەنگ دابنیشێت و دەستخۆشیان لێ بکات.

٢- دیاردە گەندەڵی، کە بێگومان دەبێتە دروشمی سەرەکی هەڵبژاردن، کە بێگومان تەنها وەك وشەی گەندەڵی لە دروشمەکاندا تەوزیفی دەکەن، بەڵام وەك ناوەڕۆکی وشەکە ئامانجێکی دیکەی پێ پەردەپۆش دەکەن، ئەگەر وانییە، خۆزگە ئەم ٢ مانگەی هەڵبژادن هەمووی باسی بەرنامەی قەلاچۆکردنی گەندەڵی بێت، ئەگەر لەم ٢ مانگە بتوانین کەلچەری کەرەپشن بگۆڕین بۆ کەلچەری ئەنتی کەرەپشن لەناو میللەتی خۆمان، میللەتی خۆمان لەو ٢ مانگە بەو ئاراستەیە ئامادە بکەین، لە میکانیزمی قەلاچۆکردنی گەندەڵی تێبگات و هاوکاری حکومەتی خۆی بێت بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم پەتا ترسناکە، ئەوا دڵنیاتان دەکەینەوە، گوڵان لەم هەڵمەتەدا لەبەرەی ئەنتی کەرەپشن دەبێت، ئامادەشە دەیان و سەدان نموونەی جیهانی بۆ خوێنەرانی بلاو بکاتەوە و بەئەمانەتیشەوە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەراوردی بکات، چی لەوە خۆشترە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بکەینە قوتابخانەیەك بۆ وەرچەرخانی کولتووری کۆمەڵگە، چی لەوە خۆشترە، هەموو ڕۆژێك دەیان زانیاری بەسوود بگەیەنینە هاووڵاتیان و لەوە ئاگاداریان بکەینەوە، کە قەلاچۆکردنی گەندەڵی گەورەترین بەشی دەکەوێتە سەرشانی تۆ، وەك هاووڵاتی، وەك تاکێکی ئەم کۆمەڵە، چەند خۆمان بەجوانی پیشانی جیهان دەدەین کاتێك بە زمانی ژمارە دەدوێن، واتە شەفافانە ڕاستییەکان بۆ میللەتی خۆمان ئاشکرا دەکەین، جیهان چەند بەڕێزەوە سەیرمان دەکات، کاتێك هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنمان بەو جۆرە بێت، هۆشیاری گەلی خۆمان نەکەین بەسفر. لەبەرئەوەی ئەگەر گەلێك هۆشیار بێت، ڕێگە نادات گەندەڵی هەبێت، هەر بۆنموونە کاتێك ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی ساڵانە، ڕاپۆرتی خۆی لەسەر گەندەڵی بڵاودەکاتەوە، دەبینین ژمارەی نێو ڕاپۆرتەکە ئاستی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیە و هۆشیاری ئەو کۆمەڵگەیە پیشاندەدات، هەر بۆ نموونە کاتێك جیاوازی نێوان پتساوانا و زیمبابۆی لە ئەفریقیا دەبینین، دەزانیین پتسوانا لە چاو زیمبابۆی دەوڵەتێکی ئەفریقی نییە، کاتێك جیاوازی نێوان کۆستاریکا و پیرۆ دەبینن، هەست دەکەین ناتوانین، کۆستاریکا لەریزی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی پۆلێن بکەین، کاتێك جیاوازی نێوان سەنگافورا و ڤێتنام دەبینین، ناتوانین سەنگافورە لە ریزی دەوڵەتانی وەك وەك ڤێتنام پۆلین بکەین، دەبینین ڕاپۆرتەکە ڤێتنامی هێناوە بۆ نزیك سودان و سەنگافورای بردۆتە نزیکی دەوڵەتانی باکووری ئەوروپا، کەواتە دەبێت لەگەڵ میللەتی خۆمان ڕاستگۆ بین، دەبێت میکانیزمی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، هۆشیارکردنەوەی خەڵك بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەبیر نەکەین، دەبێت بەو جۆرە میللەتی خۆمان هانبدەین، ئێمە دەتوانین وەك جوگرافیا ڕۆژهەڵاتی بین، بەڵام دەشتوانین وەك حکومڕانی ڕۆژئاوایی بین، ئێمە ناتوانین جوگرافیا

**ئێمە ناتوانین جوگرافیا بگۆڕین، بەڵام دەتوانین حکومرانی بەهاوشێوەی ئەورووپا بونیادبنێین**



بگۆڕین، بەڵام دەتوانین حکومڕانی بەهاوشێوەی ئەوروپا بونیادبنێین، ئەم کەشوهەوایە دەبێتە زەمینەیەك بۆ ئەوەی میللەت بە ئیرادەی خۆی دەنگ بدات، یەکێك لەو نموونانەی کە لەم چەند رۆژە لەیەکێك لە رۆژنامە ئەهلییەکانی کوردستان بڵاوکراوەتەوە و بەحساب بەڵگەیەکی گەورەیە بۆ گەندەڵیەکی گەورە، بەڵگەی پێدانی **٢-٣** پارچە زەوییە کە دراوە بە یەك دوو بەرپرسی عێراقی لە هەولێر، پرسیار ئەوەیە، ئەگەر حکومەتی عێراق **٢-٣** پارچە زەوی لە بەغدا یان بەسرا بداتە **٢-٣** بەرپرسی کورد و میدیاکانی عێراق ئەمە بە گەندەڵی بڵاو بکەنەوە بەوەی **د. مالکی** مافی نییە ئەرزی عەرەب بداتە کورد، ئایا ئێمە وەك کورد یان کوردستانی چی بەو رۆژنامەنووسە دەڵێین، باشە **د.مالکی** بڕی **٥** ملیۆن دۆلاری تەرخانکرد بۆ پرۆژەی دروستکردنی خانوو بۆ شەهیدان کە پرۆژەی یەکێك لەبەرپرسەکانی کوردستان بوو، ئایا رۆژنامەنووسێکی عێراقی بە **د. مالکی** گوت، تۆ مافت نییە، هاوکاری ئەو پرۆژەیە بکەیت، ئەی ئەگەر بەپێچەوانە بووایە و حکومەتی هەرێمی کوردستان بری چەند ملیۆن دۆلارێکی بۆ پرۆژەی بەرپرسێکی شیعە لە کەربەلا و نەجەف تەرخانبکردایە، ئایا میدیاکانی کوردستان چۆن ئەم هەواڵەیان بڵاو دەکردەوە؟ یان باسی ئەوە دەکرێت پارتی و یەکێتی بودجەیان لەلایەن حکومەتەوە بۆ دیاریکراوە، باشە بۆ رەخنەکە رەخنەیەکی بەراوردکاری نەبێت، لەنێوان بودجەی سەرجەم حزبەکانی کوردستاندا، ئایا تائێستا هیچ حزبێکی کوردستانی بڵاویکردۆتەوە، کە بودجەی پارتی و یەکێتی بە بەراورد بە قەوارەی هەر حزبێکی دیکەی کوردستانی زیاترە، کەواتە رەخنەش شێوازی خۆی هەیە و بنەما و ئیتکی خۆی هەیە، با هەر بۆ نموونە، پارتە ئیسلامیەکان یان نەتەوەیی و چەپەکان بێنە سەر تەلەفزیۆن و بڵێن، ئێمە بودجەمان ئەوەندەیە، بودجەی پارتی و یەکێتیش ئەوەندەیە، هۆکاری ئەم جیاوازیە ئەوەیە، قەوارەی ئێمە لەچاو پارتی و یەکێتی ئەوەندەیە، ئەو کاتە هەموو لایەك راستیەکانی بۆ ئاشکرا دەبێت، ئەم شێوازە چەند خزمەتی میللەتی ئێمە دەکات؟ بێگومان زۆر زۆر.. بۆچی؟ لەبەرئەوەی ٧٠٪ی دەنگدەری کوردستان ئەندام و هەواداری پارتییە، لانی کەم ئەوان هۆشیار دەبنەوە، قەبووڵ ناکەن، ئەم پارەیە هەروا بڕوات، بەڵام کاتێك حزبە کوردستانییەکانی دیکەش مانگانە بودجە لە حکومەت وەردەگرن و ئەم بودجەیە دەشارنەوە، ئەوا پێش ئەوەی سەر لەمیللەت تێکبدەن، سەر لە هەوادارنی خۆیان تێکدەدەن.

## ماس میدیا و هەڵبژاردن

جەماوەری راپەڕیوی کوردستان لەساڵی **١٩٩٢** هێندەی بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن خۆشحاڵی پیشاندا و ئاهەنگی گێڕا، هێندە بۆ ئاکامی هەڵبژاردنەکە ئاهەنگی نەگێڕا، لە دوای هەڵبژاردن و پێش ئەوەی ئاکامی هەڵبژاردن رابگەیەنرێت، رۆژنامەنووسێك لە سەرۆك مسعود بارزانی پرسی: (بەرای تۆ کێ لەم هەڵبژاردنە سەرکەوتوو دەبێت؟ لەوەڵامدا سەرۆك بارزانی پێی گوت هەموو گەلی کوردستان سەرکەوتوو دەبێت، لەم هەڵبژاردنەدا کەس براوە و دۆڕاو نییە، لەبەرئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بە ئازادی و بە پاك و بێگەردی بەڕێوە چوو)، ئەم گیانی لەخۆبوردییەی بارزانی پاشان بووە هەوێنی ئەوەی هەرچۆنێك بێت، دەبێت پرۆسەی ئەزموونی دیموکراتی کوردستان دەست پێبکات، ئەو خەونەی داگیرکارانی کوردستان لە گۆڕ بنێت، کە بەئامانجی دروستکردنی بۆشایی سیاسیی و ئیداری لەکوردستان، دامودەزگا ئیدارییەکانیان لەکوردستان کێشابۆوە، ئەمە تێڕوانینێك بوو، بۆ دیموکراسی وەك ئامانج و ژیاندنەوەی ئومێد بۆ گەلێك،کە دەیان ساڵ بوو رووبەڕووی جینۆساید وکۆمەڵکوژی دەکرایەوە، پیشاندانی ئیرادەی گەلێك بوو، کە راستەوخۆ پاش پاکتاوی رەگەزی و کۆمەڵکوژی، بڕیار دەدات سەردەمیانە



سیاسی

گوڵان

دامەزراوەکانی خــۆی بونیادبنێتەوە و وەك گەلێکی زیندوو. خۆی بەجیهان بناسێتەوە، بۆیە گرنگە کاتێك بەرەو پرۆسەی هەڵبژاردن خۆمـــان ئامادە دەکەین، ئەو راســـتیەمان لەبەر چـــاو بێت، ئێمە وەك کورد لەســـەر چ بنەمایەك هەنگاومان بۆ دیموکراســـی و بـــۆ بونیادنانەوەی ئایندەمان هەڵگرتووە، با هەمـــوو ئەوەمان لەبیر بێت، جارێ زووە بیر لەوە بکرێتەوە شەڕی دەسەڵات لەگەڵ پارتی و یەکێتی بکرێت، با بۆ ئەو شـــەڕە نابەرابەرەش هەموو شتێك نەکرێتە قوربانی خەوێکی ســـۆپەر پۆپۆلیســـتی، یان ئەم خەونە نەبێتە هۆکار بۆ راکێشـــانی دەستی ئەملا و ئەولا، بۆئەوەی پرۆســـەکە ناشرین بکرێت، ئەمڕۆ هەر لایەنێکی سیاســـیی لە کوردســـتان قەوارەی خـــۆی پێش هەر کەسێکی دیکە دەزانێت، بۆیە هەق نییە بیر لەوە بکاتەوە، ئاژاوەیەك بخولقێنێت، مەزندە هەڵەکانی خۆی پێبشارێتەوە، راستە لەوانەیە ئەم مەزندە هەڵانـــە لە خەباتی چەکداری شـــاخ، موجازەفەی پێـــوە کرابێت، بەڵام ئەو کاتە ئەو موجازەفەیە لەســـەر گاڵ و پەموو بووە، بۆیە ئەگەر پەمووەکەش دەست نەکەوتبێت و گاڵەکە بە نســـیبب بووبێت، مێژوو زۆر گلەیمان لێ ناکات، بۆیە نابێت موجازەفەی ئەمجارە لەسەر گاڵ و پەموو بێت، دەبێت هەموو ئەگەری گاڵەکە دوور بخەینەوە و ئامانجمان پەمووەکە بێت، ئەگەر وابیرنەکەینەوە، کە پەمووەکە بوو بە گاڵ، مێژوو رەحم بە هیچ لایەك ناکات، گرنگ نییە، ئەوانەی خەونی سۆپەر پۆپۆلیستی دەبینن، ئێســـتا ئەم قسانە بە لاوازی ئێمە وبە هێزی خۆیـــان بخوێننەوە، بەڵام پێیان دەڵێین هەموو نەزانێك دەتوانێت، باشـــترین خانوو ناشـــرین بکات و بیرووخێنێت، بەڵام قســـەیەکی باوی ناو کۆمەڵگەی کوردی هەیە، هەتا خانوویەك دروست دەکەیت، مووە ڕەشەکانی سەرت سپی دەبن، بۆیە رووخان و ناشیرینکردن ئاسانە، بەڵام بونیاد و ئاسان نییە، ئەوانەی لە دوای راپەرینەوە بەشداریان لە پرۆسەی بونیادنانەوە نەکردووە، هەق نییە ئێستا خەڵك هانبدەن بیرڕوخێنن، یان دەستی ئەمـــلا و ئەولای بۆ رابکێشـــن بۆ ئەوەی بیرڕوخێنن، میللەتـــی ئێمە لەگەڵ ئەوەی فەلەکناســـی گەورەی تێدا هەڵنەکەتووە، بەڵام هەمـــوو قاچاخچییەك ئەســـتێرەی کاروانکوژە دەناســـێتەوە و کە ئەو ئەستێرە دەرکـــەوت، دەزانێت، لە کاروان دوا کەوتووە و گیانی دەکەوێتە مەترســـییەوە، ئێستاش لەگەڵ ئەوەی میدیای کوردی بەو ئاستە پێـــش نەکەوتووە، کە مانشـــێتی هەواڵێك، یان ئاراســـتەی نووســـینەوەی هەواڵێك بە تەواوی شـــرۆڤە بکات، بەڵام کاتێك لە ناو هەواڵەکاندا دەبینن، بەو ئاراستەیە رەخنە لە ئیدارەی کەرکوك دەگیرێت کە نەیانتوانیوە دڵی بەرەی تورکمانی رابگرین، ســـەبارەت بە ئیدارەی موســـڵیش کە ئەسیل نوجێفی هیچ بوارێکی بۆ دیالۆگ و بەشـــداری و لیکتێگەیشتن نەهێشتۆتەوە، بەڵام دیسان لایەنـــی کوردی لە ئیدارەی ئەو شـــارەش تۆمەتبـــار دەکرێت و بە ناوی بەدواداچوون و دیمانەوە راشـــکاوانە ئەو پەیامە بە رای گشـــتی دەگوترێـــت، کورد لـــە ئیدارەی موسڵ و کەرکوك فەشـــەلی هێناوە، ئەوا ئەگەر هیچ زانیاریەکی بەڵگەداریشـــمان لەبەردەســـت نەبێـــت، وەك قاچاخچیەکە دەزانین، دەرکەوتنی ئەستێرەی کاروانکوژە خێـــری پێوەنییـــە و ئەم کاســـەیەش بێ ژێرکاســـە نییە، کەواتە مەسەلەکان روونن، لەوانەیە بۆ نـــەوەی ئەمڕۆ واتە گەنجانی دوای راپەریـــن، تارادەیـــەك ئەم تاکتیك و چەواشـــەکاریە تازە بێت، بـــەڵام ئەوانەی تەمەنێکیـــان لەنزیکەوە لەگەڵ ئەو مێژووە بەســـەر بردووە، ئەگەر دیوی ناوەوەش وەك خۆی نەبینێت ئەوا بەئاســـانی هەست بەوە دەکات، کە ئەم جۆرە ئاراستانە مەترسیەکی گەورە بەدوای خۆیاندا دەهێنن، ئێستا ئەم بارودۆخەی کوردستان بۆ پارتی و یەکێتی، دروســـت وەك ئەو کابرایە وایە، کە تەبەقێك شووشەی بەدەستەوەیە و دەیەوێت شووشەکە نەشـــکێت و بیگەیەنێتە مەنزڵ، گرفتەکە لێرەدایە، دەســـتێکی شـــەڕخواز کە سوور ئەزانێ توانای ئـــەو کابرایەی نییە، بەڵام



ئەو حاڵەتە بەفرســـەت وەردەگرێت و شەڕ بە کابرا دەفرۆشـــێت، بۆئەوەی شوشەکەی دەســـتی بکەوێتە خوارەو بیشکێنێ، کەواتە شـــەڕخوازەکە هـــەر دەزانێـــت، هەرگیـــز ناگەتە ئەو ئاســـتەی بەســـەر ئەو کابرایە زاڵ بێت، بۆیە بە شـــکاندنی شوشـــەکەی دەستی، کەفوکوڵی دەروونی سادی خۆی دادەمرکێنێتەوە.

بۆیە زۆر گرنگە، ئێمـــەش زۆر بە وردی ســـوود لە ئەزموون و رابـــردووی خۆمان وەربگرین، سوود لە بیری سەرۆك بارزانی وەربگرین،کە لەچ روانگەیەکەوە ســـەیری هەڵبژاردن و دیموکراســـی دەکات، ئەوەی لای بارزانی گرنگە ئەوەیە پرۆســـەکە بە پاك و بێگەردی و سەرکەوتوویی بە ئەنجام بگات، بۆ ئەوەی براوەی ســـەرەکی گەلی کوردستان و بەردەوامی پرۆسە دیموکراتیەکە بێت، بەردەوامـــی پرۆســـە دیموکراتیەکە زۆر لـــە بردنەوەی ئەم لایـــەن و ئەو لایەن گەورەترە، مێژووی دیموکراسییەتی جیهان زۆر بـــە راشـــکاوی پێماندەڵێـــت ئەگەر دەنگەکان لەبری دەســـتە ئەمینەکان بدرێنە دەســـتە نائەمینەکان، ئـــەوا وەك نموونەی هیتلەر و میلۆســـۆڤیچ، نە دیموکراســـی دەمێنێـــت نە وڵاتیش وەك دەوڵەت لەســـەر نەخشەی سیاسیی دەمێنێت، هەروەك چۆن هیتلـــەر وڵاتیکی وێران و دابەشـــکراوی بەجێهێشت، میلۆسۆڤیچیش یوگسلافیای لە ئەتڵەســـی سیاسیی جیهاندا رەشکردەوە. ئەم مەترســـیانەیە فێـــری مارانگازیمان دەکات، ئەرکی سەرشـــانمان قورستر دەکات بۆئەوەی رێگە نەدەین ئەزموونی ئەڵمانیای پێش شەڕی جیهانی دووەم و یوگسلافیای دوای رووخانی دیواری بەرلین لە کوردستان دووبارەبێتەوە.

**ئیسلامی سیاسی پێشمەرگە بەوە تاوانبار بکات کە رێگەی نەداوە بەڕێز ئەسیل نوجێفی سەرۆکی ئیدارەی شەرعی پارێزگای موسڵ سەردانی بەعشیقە بکات و باسی ئەوە بکات کە هاووڵاتیانی موسڵ خۆپیشاندانیان کردووە، دژی بوونی پێشمەرگە لە پارێزگای نەینەوا، ئایا هیچ رۆشنبیریک دەتوانێت، بیرکردنەوەی ئەم حزبە بەناو ئیسلامیی کوردستانیە، لەگەڵ بیرکردنەوەی ئەرشەد زێباری لەیەکتری جیابکاتەوە**

رۆژنامەنووس جێن فۆرمان بۆ گوڵان:

# گرنگە ماس میدیا بە ئاشکرا ڕابگەیەنرێت کە پشتگیری بۆ لایەنێکی سیاسی دیاریکراو هەیە بۆ ئەوەی خەڵکی ئاڕاستەی ئیشکردنی ئەو دەزگای ڕاگەیاندنە بزانن



**رۆژنامەنووس جین فۆرمان ئوستادی رۆژنامەوانییە لە زانکۆی پێن ستەید،ماوەی ٢٥ ساڵ لە زۆر رۆژنامە و ئاژانسی جیهانی کاریکردووە لەوانە بەرێوەبەری هەواڵ بووە لە ئاژانسی ئاسیۆشێتد پرێس، هەروەها لە نیۆیۆرك تایمز و نیوزدەیەس کاریکردووە، ئەم رۆژنامەنووسە کەماوەی زیاتر لە چارەکە سەدەیەك کاریکردووە، بەشداری لە رووماڵکردنی ٦ هەڵمەتی سەرۆکایەتی ئەمریکا و دەیان هەڵبژاردنی جیهانی کردووە، بۆ قسەکردن لەسەر بایەخی ماس میدیاکان گوڵان پەیوەندی کرد بە پرۆفیسۆر فۆرمان و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** ڕاگەیاندن و هەڵبژاردنەکان دوو لایەنی گرنگی دیموکراسین، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ڕاگەیاندن چ ڕۆڵێك دەبینێت لە سەرکەوتنی هەڵبژاردنێکی ئازاد و نەزیهدا؟**

- بوونی ڕاگەیاندنی ئازاد گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ دیموکراسی، لەبەر ئەوەی دیموکراسی پێویستی بە دەنگدەری خاوەنی زانیاری و هۆشیار هەیە، ئەرکی ڕاگەیاندنیش ئەوەیە زانیاری باوەڕپێکراو و وورد بدات بە هاوڵاتییان بۆ ئەوەی بەڕاست و دروستی مومارەسەی مافەکانی خۆیان بکەن، واتە دیموکراسی دەوەستێتە سەر تێگەیشتن و تێڕوانینی خەڵك لەسەر مەسەلەکان، کە ئەم تێگەیشتنەش دەبێتە بناغەی چۆنیەتی گفتوگۆکردنی هاوڵاتییان لەسەر مەسەلەکان و دەنگدانیان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا.

**من ناڵێم کەموکورتی لە ڕاگەیاندندا نی یە، لەبەر ئەوەی تەنانەت لە ئەمەریکاشدا کەموکورتی هەیە لە ڕووی بوونی ڕاگەیاندنێکی ئازاد و سەربەخۆ و بێلایەنەوە**

*** ڕاستە ڕاگەیاندن لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا بە چەشنی وڵاتانی ڕۆژئاوا ئازاد نی یە، ڕەنگە بەشێك لە هۆکارەکە ئەوەبێت کە لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە کۆنترۆڵ کرابێتن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تاچ ڕادەیەك ڕاگەیاندنی پارتە سیاسییەکان کاردانەوەی سلبیان دەبێت لەسەر ڕەوت و ئاڕاستەی هەڵبژاردنەکان؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر ڕاگەیاندنی پارتە سیاسییەکان تەنها هۆکاربن بۆ ئەوەی خەڵك و هاوڵاتییان زانیاریان لێوە بەدەستبهێنن، ئەوا ناتوانین بڵێین خزمەتێکی باش بە هاوڵاتییان دەکرێت، چونکە ڕاگەیاندن دەبێت بێ لایەن بێت و ڕاستییەکان وەك خۆی بخاتەڕوو، لە کاتێکدا ڕەنگە ڕاگەیاندنی پارتە سیاسییەکان بەو شێوەیە ڕاستییەکان لێکبدەنەوە، یان تەنانەت بیانشێوێنن کە وێنەیەکی باش بدات بە پارتێکی دیاریکراو و تێڕوانینێکی خراپ لە سەر پارتەکانی دیکە دروست بکات. ئێمە دەزانین تەنانەت لە مێژووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشدا، ئەو ڕاگەیاندنانەمان هەبووە کە پشتگیریان لە یەکێك لە دوو پارتە سەرەکییەکە کردووە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بە ئاشکرا ڕابگەیەنرێت کە پشتگیری و لایەنگیری بۆ لایەنێکی سیاسی دیاریکراو هەیە بۆ ئەوەی خەڵکی ئاڕاستەی ئیشکردنی ئەو دەزگای ڕاگەیاندنە بزانن. من ناڵێم کەموکورتی لە ڕاگەیاندندا نی یە، لەبەر ئەوەی تەنانەت لە ئەمەریکاشدا کەموکورتی هەیە لە ڕووی بوونی ڕاگەیاندنێکی ئازاد و سەربەخۆ و بێلایەنەوە، بۆ نموونە زۆرجار خەڵکی سکاڵا دەکەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ڕۆژنامەیەك یان دەزگایەکی ڕاگەیاندنی دیاریکراو لایەنگیری کردووە و بێلایەنی خۆی نەپاراستووە.

**• لە وڵاتانی تازەگەشەکردوودا، زۆربەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە دەست پارتە سیاسییەکانەوەن، ئایا تا چ ڕادەیەك دەکرێت ببنە ڕاگەیاندنێکی ئازاد؟ یاخود بە پێی ئەزموونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دەبێت چ بکرێت بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنی پارتە سیاسییەکان ببنە ڕاگەیاندنی ئازاد؟ لەبەر ئەوەی دوو سەد ساڵی پێش ئێستا ڕاگەیاندنەکان پەیوەست بوون بە پارتە سیاسییەکانەوە؟**

- لە ڕاستیدا کەسانی حکومڕان و کاربەدەست، ئەوانەی بەرپرسیارێتی خەڵکیان لە ئەستۆیە، دەبێت هەنگاو بنێن بۆ دەستەبەرکردن و زامنکردنی ئازادییەکان. ئێمە خۆبەخشت بووین، لەبەر ئەوەی هەرچەندە لە سەرەتادا پارتە سیاسییەکان زاڵبوون بەسەر ڕۆژنامەگەریدا، بەڵام دواتر لە هەمووارکردنی یەکەمی دەستووردا هات کە دەبێت ڕۆژنامەگەری ئازاد بێت، ئەگەرچی دەیانزانی کە ڕۆژنامەگەری لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە کۆنترڵکرابوون، بەڵام ئەوە ڕاگەیەندرا بۆ ئەوەی ڕۆژنامە ئازادبێت لە بڵاوکردنەوەی ڕاستییەکان و گوزارشتکردن لە بیروبۆچوونەکان، واتە بۆ ئەوەی ئیرادە و بۆچوونی خەڵك لە کارەکانی حکومەتدا ڕەنگدانەوەیان هەبێت، ئەوا دەبێت ڕۆژنامە لە بڵاوکردنەوەی ڕاستییەکاندا ئازادبێت، کە من پێم وایە ئەمەش پێویست بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد دەکات کە ڕۆژنامەکان ترسی ئەوەیان نەبێت دووچاری تۆڵەسەندنەوە و

سەرکوتکردن ببنەوە. بەو پێیە من پێم وایە دەبێت ڕاگەیاندن هەمیشە هانی خەڵك بدات بۆ ئەوەی پشتگیری لە ئازادی ڕۆژنامەگەری بکەن، چونکە ئەمە لە بەرژەوەندی هاوڵاتییاندا دەبێت لەبەر ئەوەی دەبێتەهۆی ئەوەی زانیاری ڕاست و دروستیان پێبگات.

*** لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا پرۆسەی حکومڕانێتی و کەلتوری دیموکراسی لە سەرەتای پرۆسەکەدان، بۆ نموونە هەندێ جار دەکرێنە قوربانی پۆپۆلیزم و پارتە ئیسلامییەکان، بە چەشنی یوگسلافیای پێشوو کە بوون بە قوربانی میلۆسۆڤیج، ئایا ڕۆژنامەگەری چ ڕۆڵێکی هەیە لەوەی ڕێگە نەدات کەسێکی وەك میلۆسۆڤیج لە ڕێی هەڵبژاردنەوە بگاتە دەسەڵات؟**

- لە ڕاستیدا تەنانەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشدا، سنوورێك بۆ کاریگەری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن هەیە، مەبەستم ئەوەیە ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکان ئازادانە گوزارشت لە بیروبۆچوون و لێکدانەوەکانی خۆیان دەکەن لە سەر پرس و مەسەلەکان، زۆرجار هەڵدەستن بە بڵاوکردنەوەی ئەو بیروبۆچوون و هۆکارانەی کە بۆچی گەیشتنی پاڵێوراوێك بە دەسەڵات لە بەرژەوەندنی خەڵك و وڵاتەکەدا نی یە، بەڵام ئایا ڕای گشتی تا چ ڕاددەیەك قەناعەت بەم مەسەلەیە دەکەن، یاخود ئایا ئەمە تا چ ڕاددەیەك کاریگەری دەبێت لە سەر ڕای دەنگدەران، چونکە زۆرجار ئێمە ئەم کارەمان کردووە، بەڵام ئەو پاڵێوراوەش دەنگ و متمانەی دەنگدەرانی بەدەستهێناوە. لێرەدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئێمە ئازادانە گوزارشت لە ڕاوبۆچونی خۆمان بکەین و هەوڵی قەناعەت پێهێنانی ڕای گشتی بدەین لە سەر ئەو بیروباوەڕ و شیکردنەوەی هەمانە، بەڵام دواجار بڕیاردان بۆ ئەوان دەمێنێتەوە، کە مەرج نی یە لەگەڵ بۆچوونی ئێمەدا یەکبگرێتەوە.

*** هەڵبژاردنەکان بە تەنها نابنەهۆی هێنانەدی دیموکراسی، ئایا دەبێت ڕاگەیاندن چ ڕۆڵێك ببینێت لەوەی هەڵبژاردنەکان بە ئاڕاستەیەکی ڕاستدا بڕوات؟**

- لەڕاستیدا ئەگەر خەڵکی قەناعەتیان وابوو کە زانیاری ڕاست و دروست و باوەڕپێکراویان لە لایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بەدەست دەهێنن و دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەم کارە لە ژێر فشاری دەسەڵاتداراندا ناکەن، ئەوا ئەمە کاریگەرییەکی ئیجابی دەبێت. بەڵام هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد دەبێت خەڵکی خۆیان بڕیاربدەن و بگەنە دەرئەنجام، ڕاگەیاندن توانای گۆڕینی دەسەڵاتداران و حکومەتی نی یە، ئەوەی ڕاگەیاندن دەتوانێت ئەنجامی بدات، ڕوونکردنەوە و خستنەڕوی ڕاستییەکان و دواتر خەڵکی خۆیان دەگەنە دەرئەنجام و بڕیار دەدەن.

*** بوونی هۆشیاری لای دەنگدەر مەسەلەیەکی گرنگە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك ڕاگەیاندن دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە هۆشیارکردنەوە و ئاگادارکردنەوەیاندا؟**

- لە ڕاستیدا ئەوە بەشێکە لە ئەرکەکانی ڕاگەیاندن و من پێم وایە ڕاگەیاندن بەرپرسیارێتیەکی ئەخلاقی هەیە لەوەی بە گومانەوە لە قسە و لێدوانەکانی پاڵێوراوەکان بڕوانێت و لێی بکۆڵنەوە، هەروەها ئەگەر دەرکەوت کە ناڕاستە، ئەوا دەبێت ڕوبەڕووی پاڵێوراوەکان ببنەوە پێیان ڕابگەیەنن ئەوەی ئێوەی لەبارەیەوە دەدوێن هەڵەیە و ئەمەش بۆ ڕای گشتی بخەنەڕوو، لەگەڵ بەڵگەکانی ناڕاستبوونی لێدوانەکانی ئەو پالێوراوانەدا. هەرچەندە دەبێت دەرفەتی وەڵامدانەوە و ڕوونکردنەوە بە پاڵێوراوەکان بدرێت.

*** تا چ ڕادەیەك بوونی چاودێرەکان لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی فشاری سەر ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکان؟**

- لە بارودۆخی عێراقدا بوونی چاودێر و سەرپەرشتیاری نێودەوڵەتی کارێکی باشە، بە تایبەتی ئەگەر جێی متمانە بن لای خەڵك، هەروەها بە دڵنیاییەوە یارمەتیدەر دەبن لە سەر کەمکردنەوەی فشارەکان لەسەر ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکان، لەبەر ئەوەی ئەوانە کەسانێکی بێلایەنن و ئەوان دەتوانن ئەوە بخەنەڕوو ئایا هەڵبژاردنێکی ئازاد ئەنجامدراوە یان نا.

*** دوا وتەت چی یە؟**

- لە ڕاستیدا من ئومێدی ئەوە دەخوازم هەڵبژاردنێکی ئازادانە لە عێراقدا بکرێت و حکومەت ڕێز لە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری ئازاد بگرێت، بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵیان هەبێت لە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتییان و دەنگدەرانیش دەرفەتی ئەوەیان هەبێت زانیاری ڕاست و باوەڕپێکراو بەدەست بهێنن، بۆ ئەوەی بە شێوەیەك دەنگ بدەن کە حکومەت و ئایندەیەکی بنیاتنەریان هەبێت.



**گرنگە ئەوەیە ئێمە ئازادانە گوزارشت لە ڕاوبۆچونی خۆمان بکەین و هەوڵی قەناعەت پێهێنانی ڕای گشتی بدەین لە سەر ئەو بیروباوەڕ و شیکردنەوەی هەمانە، بەڵام دواجار بڕیاردان بۆ ئەوان دەمێنێتەوە، کە مەرج نی یە لەگەڵ بۆچوونی ئێمەدا یەکبگرێتەوە**

رۆژنامەنووس رۆبەرت ریچاردس بۆ گوڵان:

# راگەیاندن دەبێت چاودێری لێدوان و وتارەکانی پاڵێوراوەکان بکۆڵنەوەو ئەگەر هاتوو لێدوان و وتاری پێچەوانەیان دا، ئەوا ئەم ڕاستییە بۆ ڕای گشتی بخەنەڕوو ئاشکرای بکەن



**رۆژنامەنووسی پرۆفیسۆر رۆبەرت ریچاردس ئوستادی رۆژنامەوانییە لە زانکۆی پەنسلڤانیا و پێشتر نوسەر و رۆژنامەنووسی رادیۆ بووەو خاوەنی چەندین کتێب و دیراساتی رۆژنامەوانییە، سەبارەت بە بایەخی میدیا و دیموکراسی و چاودێری میدیا لە کاتی هەڵبژاردندا، پرۆفیسۆر ریچاردس بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

**ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەگەری ئازاد بۆ پێدانی زانیاری ڕاست و دروست بە هاووڵاتیان، پێویستیی بە بووێری و ئازایەتییەکی زۆر هەیە**

*** لە پرۆسەی هەڵبژاردندا رۆڵی گەیەنەر لەنێوان دەنگدەر و لیستەکاندا دەگێڕێن، ئایا ئەم رۆڵە تاچەند گرنگی هەیە بۆ پرۆسەکانی هەڵبژاردن؟**

- لەڕاستیدا ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ دەگێڕێت، لەبەر ئەوەی دەنگدەران لە ڕێی ڕاگەیاندنەوە دەتوانن زانیاری لە بارەی توانا و کەفائەتی پاڵێوراوان و هەڵوێستە سیاسییەکانیانەوە بەدەست بهێنن، بۆ نموونە لە ئەمەریکا هاووڵاتیان و دەنگدەران ئەم زانیارییانە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بەدەست دەهێنن.

*** ئەگەر لە پرۆسەیەکی هەڵبژاردندا راگەیاندنی ئازاد و بێلایەن نەبوو، ئایا تاچەند کاریگەری سلبی لەسەر پرۆسەکە بەجێدەهێڵێت؟**

لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشدا لە سەرەتادا ڕاگەیاندن پەیوەست بوو بە پارتە سیاسییەکانەوە، بەڵام وورده وورده بەرەو ڕاگەیاندنێکی سەربەخۆ هەنگاوی هەڵگرت، من پێم وایە دەبێت لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکانیشدا هەمان ڕەوت و ڕێڕەو بگیرێتەبەر، هەرچەندەش ئەمەش پێویستی بە کاتە، بەڵام من پێم وایە تاوەکو ڕاگەیاندن لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە کۆنترۆڵ کرابێت ئەوا ناتوانن مامەڵەیەکی مەوزوعیانە لەگەڵ مەسەلەکاندا بکەن.

*** پارتە ئیسلامییەکان کە بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن، بەو مەبەستەیە کە حکومەتی مەدەنی بڕوخێنن و حکومەتێکی ئاینی دروست بکەن، هەر ئەم ئامانجەش دەبێتە دروشمیان لە هەڵبژاردنەکاندا، ئایا تا چ ڕادەیەك بەشدار کردنیان جێی مەترسییە؟**

- ڕاگەیاندنی پارتە سیاسییەکان بەگشتی و پارتە ئیسلامییەکانیش کاریگەرییان دەبێت لەسەر دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان، بەڵام ئەوان کار بۆ هێنانەدی و پەرەپێدانی ئامانجەکانی پارتەکانیان دەکەن، نەك ئامانجەکانی پەرەپێدانی دیموکراسی، مەبەستم ئەوەیە ئەوان کار بۆ پارتە سیاسییەکان دەکەن، کە مەرج نییە ئەمەش ببێتەهۆی پەرەپێدانی ئامانجەکانی هاووڵاتیان، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە من پێم وایە دەبێت تێکڕای وڵاتان کار بۆ دروستکردن و هێنانەدی ڕۆژنامەگەری ئازاد بکەن. لەبەر ئەوەی ڕاگەیاندنی پارتە سیاسییەکان کار بۆ بەرژەوەندی گشتی ناکەن و ڕاگەیاندنیش دەبێت ئازاد و مەوزوعی بێت لەتەختییەکردنەکانیدا و نابێت هەڵگری پەیامی پارتە سیاسییەکان بێت.

*** ئایا ڕۆژنامەگەری چ ڕۆڵێکی هەیە لەوەی ڕێگە نەدات کەسێکی وەك میلۆسۆڤیج لە ڕێی هەڵبژاردنەوە بگاتە دەسەڵات؟**

- ئەوە پرسیارێکی زۆر باشە، من پێم وایە کێشەکە لە وڵاتە تازەگەشکردووەکاندا ئەوەیە کە ئازادی ڕۆژنامەگەری بوونی نی یەو ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەگەری ئازاد بۆ پێدانی زانیاری ڕاست و دروست بە هاووڵاتیان، پێویستیی بە بووێری و ئازایەتییەکی زۆر هەیە، چونکە زۆرجار



ئەم ڕۆژنامەنووسانە ناچاردەبن ژیانی خویان بخەنە مەترسییەوە لە پێناو ئەنجامدانی کارەکانیاندا.

*** هەڵبژاردنەکان بە تەنها نابنەهۆی هێنانەدی دیموکراسی، ئایا دەبێت ڕاگەیاندن چ ڕۆڵێك ببینێت لەوەی هەڵبژاردنەکان بە ئاراستەیەکی ڕاستدا بڕوات؟**

- ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن تەواو ڕاست و دروستە کە تەنها ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بەس نییە، ئەو ڕۆڵە گرنگەی دەبێت ڕاگەیاندن ببینێت ئەوەی ببێتە چاوی چاودێرو لەوە بکۆڵێتەوە کە هەڵبژاردنەکان چۆن بەڕێوەدەچن، دواتریش ئەرکی ڕاگەیاندن لێکۆڵینەوەو خستنەڕووی ڕاستییەکان و چاودێریکردنی کارەکانی دەسەڵاتە سیاسییەکە و پارتە سیاسییەکانە.

*** ئایا گۆڕانی ڕاگەیاندن بەرەو ڕاگەیاندنی ئازاد چەند دەخایەنێت، بۆ نموونە لە ئەمەریکادا نزیکەی دوو سەد ساڵ پێش ئێستا ڕاگەیاندن لە ژێر کۆنترۆڵی پارتە سیاسییەکاندا بوو، ئایا ئەمە بۆ خودی ڕاگەیاندن دەگەڕێتەوە، یان بۆ هاووڵاتیان یاخود بۆ بارودۆخەکە؟**

- ڕاستە لە سەرەتاوە ڕۆژنامەگەری لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا پەیوەست بوون بە پارتە سیاسییەکانەوە، بەڵام وورده وورده لە پارتە سیاسییەکان دوورکەوتنەوە و بەرەو ڕاگەیاندنێکی ئازاد و سەربەخۆ هەنگاویان نا، لە ڕاستیدا هەندێ جار بوونی ڕاگەیاندنی ئازاد دەبێتە پێویستی و من پێم وایە ڕۆژنامەگەری ئازاد لە ئەمەریکا پتر سەربەخۆی بەدەستهێنا کاتێك هەڵسا بە تەغتییەکردنی هەواڵەکانی شەڕی ڤێتنام لە شەستەکاندا، هەروەها کاتێك فەزیحەی «وەتەرگێت»ی لە حەفتاکاندا ئاشکرا کرد، من پێم وایە ئەم دو ڕووداوە بوونە هۆی بەهێزبوونی ڕاگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆ، هەر ئەوەش ئەرك و کاری ڕاگەیاندنە کە چاودێری کردار و ڕەفتارەکانی حکومەت بکات.

*** بوونی هۆشیاری لای دەنگدەر مەسەلەیەکی گرنگە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك ڕاگەیاندن دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە هۆشیارکردنەوەیاندا؟**

- من پێم وایە ڕاگەیاندن نەك تەنها دەبێت چاودێری دەسەڵات بکات، بەڵکو دەبێت چاودێری ئەو کەسانەش بکات کە هەوڵی گەیشتن بە دەسەڵات دەدەن، بۆ نموونە دەبێت لە لێدوان و وتارەکانی پاڵێوراوەکان بکۆڵنەوە و ئەگەر هاتوو لێدوان و وتاری پێچەوانەیان دا، ئەوا ئەم ڕاستییە بۆ ڕای گشتی بخەنەڕوو ئاشکرای بکەن.

*** تا چ ڕادەیەك بوونی چاودێرەکان لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی فشاری سەر ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکان؟**

- من پێم وایە بوونی چاودێرە دەرەکییەکان گرنگە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەخۆ چۆنیەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان بخەنەڕوو، بە دڵنیاییەوە ئەمە دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی فشار لەسەر ڕۆژنامەنووسان، لەبەر ئەوەی ئەم چاودێرانەش هەمان ئەرکی ڕۆژنامەنووسان ئەدا ئەکەن، بەڵام ئەمە نابێت ببێتەهۆی ئەوەی ڕۆژنامەنووسان لە ئەرك و پابەندبوونەکانی خۆیان کەمتەرخەمی بکەن و دەبێت ڕۆڵی چاودێری و تەغتیەکردن و گواستنەوەی زانیاری لە بارەی کەفائەتی پاڵێوراوەکانەوە بۆ هاووڵاتیان ببینن.

**ئەرکی ڕاگەیاندن لێکۆڵینەوەو خستنەڕووی ڕاستییەکان و چاودێریکردنی کارەکانی دەسەڵاتە سیاسییەکە و پارتە سیاسییەکانە**



دان کاسپی بۆ گوڵان:

# ڕاگەیاندنی ئازاد ئەو ڕاگەیاندنەیە کە ڕەخنە لە هەموولایەک دەگرێت و لایەنگیری سیاسی بۆ هیچ لایەک نییە



**پرۆفیسۆر دان کاسپی ئوستادی زانستی سیاسەت و گەیاندنە و پسپۆرو تایبەتمەندە لە بوارەکانی ماس کۆمینیۆکەیشن،سیاسەتی گەیاندن، رای گشتی، پروپاگەندەی هەڵبژاردن،ئەتیکی ماس میدیا، بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵی ماس میدیا لە هەڵبژاردنەکان و کاریگەری ماس میدیا لەسەر رای گشتی پرۆفیسۆر کاسپی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** گرنگترین رۆڵی دەزگاکانی راگەیاندن لە پرۆسەکانی هەڵبژارندا چیین؟**

- لە ڕاستیدا هەر هەڵمەتێکی هەڵبژاردن بەرنامە و ئەجێندای جیاوازی تێدا دەخرێتەڕوو کە ڕەنگدانەوەیان دەبێت لەسەر کاری ڕاگەیاندن، کە من پێم وایە دەبێت ڕاگەیاندن ڕۆڵی چاودێر ببینێت. هەڵە و کەمو کورتییەکان ئاشکرابکات.

*** ڕات چی لە سەر ڕاگەیاندن لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا؟**

- من پێم وایە بۆ ئەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە سەرکەوتوویی ئەرکەکانی خۆیان ئەدا بکەن، واتە بۆ چاودێریکردنی و کۆنترۆڵکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان، دەبێت ئازاد بن، بەڵام من لەو باوەڕەدانیم کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەم وڵاتانە تەواو ئازادبن بۆ ئەوەی ئەم ئەرکانە جێبەجێ بکەن.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك ڕاگەیاندنی پارتە سیاسییەکان کاردانەوەیان دەبێت لەسەر ڕەوت و ئاڕاستەی هەڵبژاردنەکان؟**

- ئەو دەزگا ڕاگەیاندنانەی لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە کۆنترۆڵ کرابێتن، ئەوا کار بۆ خزمەتکردن و پەرەپێدانی ئامانجەکانی ئەو پارتانە دەکەن، لەبەر ئەوەی لەلایەن ئەو پارتانەوە سەرپەرشتی دەکرێت، من پێم وایە تەنها ڕاگەیاندنی ئازاد دەتوانێت کۆنترۆڵ و چاودێری هەڵبژارنەکان بکات. بوونی ڕاگەیاندنی ئازاد پێویستە بۆ بنیاتنانی دیموکراسی، واتە بێ بوونی ڕاگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆ ناتوانین هەڵبژاردنێکی دیموکراسی ئەنجام بدەین.

هەر هەڵمەتێکی هەڵبژاردن بەرنامە و ئەجێندای جیاوازی تێدا دەخرێتەڕوو کە ڕەنگدانەوەیان دەبێت لەسەر کاری ڕاگەیاندن، کە من پێم وایە دەبێت ڕاگەیاندن ڕۆڵی چاودێر ببینێت

*** ئایا چۆن دەتوانین ڕاگەیاندنی ئازاد دەستنیشان بکەین؟**

- ڕاگەیاندن ئازاد ئەو ڕاگەیاندنەیە کە ڕەخنە لە هەموولایەك دەگرێت، ڕەخنە لە کار و کردەوەی هەڵەی تێکڕای لایەنەکان دەگرێت و لایەنگیری سیاسی بۆ هیچ لایەك نییە. تەنها بە شێوەیەکی جوزئی دەتوانن ببنە ڕاگەیاندنێکی ئازاد، لەبەر ئەوەی ئەوان سەر بە پارتە سیاسییەکانن و ناتوانن بە تەواوەتی ڕۆڵی چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی هەڵبژاردن ببینین. لە ڕاستیدا ئەگەر ڕۆژنامەگەری لە ڕووی یاساوە پارێزگاری لێنەکرێت، ئەوا ناتوان ئەم ئەرکە ئەدا بکات و ئەو شەڕ و بەرەنگاربوونەوەیە بکات.

*** هەڵبژاردنەکان بە تەنها نابنەهۆی هێنانەدی دیموکراسی، ئایا دەبێت ڕاگەیاندن چ ڕۆڵێك ببینێت لەوەی هەڵبژاردنەکان بە ئاڕاستەیەکی ڕاستدا بڕوات؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەت پێکرد، ڕاگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆ دەتوانێت ئاڕاستەی هەڵبژاردنەکە کۆنترۆڵ بکات و تەغتییەی هەڵە و کەموکورتییەکان بکات.

*** بوونی هۆشیاری لای دەنگدەر مەسەلەیەکی گرنگە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك ڕاگەیاندن دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە هۆشیارکردنەوەیاندا؟**

- کێشەکە ئەوەیە ڕاگەیاندن ناتوانێت بگاتە هەموو لایەك بۆ ئەوەی کاریگەری خوازراوی هەبێت.



# ڕەخنەو وتووێژی سیاسی و فیکری، ناوزڕاندن نییە!



**ئاسۆ کەریم**

Aso2karim@yahoo.com

**تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی**

حزب بۆ ئەوە دادەمەزرێ تا بێتە دەسەڵات، جا چ بەتەنیا بێ یان لەگەڵ لایەنی تر. دەنا حزبایەتی هیچ مانایەکی نامێنێ. ئەوە هەقیقەتێکەو هیچ عەیب و خەوشێکیشی تێدا نییە. هەڵبەت لە وڵاتێکدا، کە چەندین حزب و تەوژمی جیا-جیای سیاسی تێدا بێت، لەسەر دەسەڵات رکابەریش دێتەکایەوە. دیارە، ئەو رکابەرییەش شتێکی ئاساییە و لە سیاسەتدا غەریب نییە. بەڵام دەبێت ئەو مونافەسەیە، لە چوارچێوەی دەستوورو قانوونگەلدا بەڕێوەبچێ و نەبێتە ئاژاوەو سەر لە خەڵك تێكدان. ئێستا لە دنیای پێشکەوتوودا، ئەو رکابەرییە، قاڵبێکی مەدەنی-دیموکراتی و بەئاشتییانەی وەرگرتووە. هەڵبەت ئەو رکابەرییە، لە هەندێ کاتدا، هێورو لەسەرخۆیەو بەشێنەیی دەکرێ و لە هەندێ کاتیشدا، توندو زەق دەبێتەوە، بەتایبەتی لە پێڤاژۆی تەنگژەیەکدا، یان لە بەرەبەری هەڵبژاردندا. حزبەکان، هەرچ کەرەستەی بەردەستیان هەیە، لە میدیاوە بگرە تا رێکخستن هەمووی دەخەنە خزمەت ئەو رکابەرییە بۆ کار لە خەڵك کردن.

راستە، هێشتا لایەنە رکابەرەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان (٥ هاوپەیمانی و ٢٣ قەوارەی تر) بەرنامەی ئینتیخابی خۆیان بڵاونەکردۆتەوە. بە رەسمیش هەڵمەتی هەڵبژاردن دەستی پێ نەکردووە، بەڵام بەکردەوە هەموو لایەك لێدوان دەدەن، خۆیان بۆی ساز و حازر دەکەن. پێویست ناکات بەڵگە بێنمەوە. بێ لەوە، وەك بەبەرچاوانەوەیە هێڵە گشتییەکانی هەر لیست و (تکتل)ێکی سیاسی، روونن، هەر لە ئێستاوە دیارە هەر لایەنە تەرکیز لەسەر چ دەکات و چ (مفردە)یەکی وەکو بنێشتە خۆشە، بەدەمەوە گرتووە.

میدیا، بەشێکی زۆریان لەو رکابەرییە سیاسی و فیکرییە پێ دەبڕێ بەتایبەتی کە لە وڵاتی ئێمەدا، ئازادیی بیروڕا، ئازادیی بڵاوکردنەوەو زانیاری ودەستهێنان بە دەستوور و قانوون پارێزراون و لە سنوورێکی تەسکدا، ئەویش بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی رەوا، کۆت و بەند لەسەر ئەو ئازادییانە دانراوە. دیارە، یەکێ لەو (بەرژەوەندییە رەوا)یانە، پاراستنی (سومعەو کەرامەت)ی مرۆڤە بەو مانایەی هەر تاکێك لەناو کۆمەڵەیەکی تایبەتدا، رێزو تەقدیرو پایەکی خۆی هەیە. لێرەوە، دەبێت لەنێوان ئەو دوو مافەدا، بەلانس رابگیرێ. لە سۆنگەی ئەمەشەوە، لە قانوونی جینابیدا، دەبێت بە شێوەیەکی روون ئەو تاوانانەی کە لە ئاکامی بڵاوکردنەوە دەکەونەوە وەکو (جنێو، ناوزڕاندن "القظف و التشهیر"، هاندان "التحریص"...) دەقبەند بکرێن و هیچ تەمومژێك لەسەر سنووری نێوان ئەو دووانە نەهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی هەم ئازادیی بیروڕاو بڵاوکردنەوە بە خراپ بەکارنەهێندرێ و فیتنە نەنێتەوەو ریزەکانی گەل تێکوپێك نەدا و هەم (الطعن و التشهیر)یش نەکرێتە (شمشێری دیموقلیتس)ی سەر ملی نووسەرو رۆژنامەنووسان و ئازادیی رادەربڕینی پێ تەنگەبەر نەکرێ و تێکەڵی رەخنەو رەخنەکاری جیددی سیاسی و فیکری نەکرێ. دادگاکان دەتوانن، ئەو دووانە لێکجیا بکەنەوە و سەندیکای رۆژنامەنووسانیش دەکارێ دەورێك لەو بەلانس راگرتنەدا بگێڕێ. بەڵام دەبێت ئەو راستییەشمان لەبەرچاو بێت، لە (سجال)ی سیاسی و فیکریدا، هەر لایەنە بێ (محاباە) و خاترگرتن، بەڵگەو ئەرگیومێنت و دژە ئەرگیومێنتی خۆی دەخاتەروو، بۆ ئەوەی راست و دروستی بۆچوونێك، دروشم و فیکرەیەك بسەلمێنێ. وتووێژ بە ئاسانی نابڕێتەوەو درێژە دەکێشێ. بۆ نموونە (سجال) لەبارەی مارکسیزم هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا ئەمڕۆ، نەبڕاوەتەوەو پێم وانییە بشبڕێتەوە، هەمان شت لەسەر لیبرالیزم، عەلمانیەت و ئیسلامی سیاسی.. هەڵبەت بوونی (سجال)ی سیاسی و فیکری نیشانەی میللەتی زیندووە، نیشانەی بوونی ئازادیی بیروڕاو بڵاوکردنەوەیە.. سەرباری ئەوەش، ئەوجا رەخنەو وتووێژ، بمانەوێ و نەمانەوێ، بەتایبەتی لە پێڤاژۆی هەڵبژاردندا، توندتر دەبێ و قسە لەسەر بەرنامەی هەر حزب و لایەنە، پاشخانی سیاسی و فیکریی و راستوێژییان لە دانان و جێبەجێکردنی ئەجێندای ئینتیخابی دەکرێ، بەڵام دیسان دەبێت ئەو قسە لەسەرکردنە، بە زمانێکی ماقوڵ و پاك و لە ئاستێکی بەرزدا بێت. ئەو قسەلەسەر کردنە، لە دنیای دیموکراتیدا، باوە. هەموومان دیتمان لە کێبەرکێی باراك ئۆباما و هیلاری کلینتۆن کە کاندی یەك حزب بوون، هەروا لەنێوان ئۆباما و مەکین، چەندە توند بوو. دوابەدوای بردنەوەی ئۆباما-ش، ئەوە خۆ دەبینین، هیلاری بووەتە وەزیری دەرەوەو یاریدەی ئۆباما دەدات. لەسەرینی ئەوەوە، هەق نییە، هەر لایەنەك رەخنەی لێ گیرا، قسە لەسەر بەرنامەو فیکرو ئایدیۆلۆجیا و (مفردات)ەکانی کرا، تەنگاو بێ و بە (تەشهیر) و ناوزڕاندن و لەقاودان بۆ خۆی حیساب بکات و دەکارێ وەڵام بداتەوەو ئەوژی بەڵگەو ئەرگیومێنت-ی خۆی بخاتە روو و خەڵك بکاتە حەکەم. ئەوە هەڵبژاردنە. بەڵام هەمیشە نابێت ئەوەمان لەبیربچێت، کە هەڵبژاردن تێکدانی ریزەکان و نانەوەی فیتنە نییە، بەڵکە بۆ بەهێزکردنی شەراکەتی سیاسیی خەڵك و بەشداربوونیانە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا. هەر ئەوەش مەبەستە.

**هەق نییە، هەر لایەنەک رەخنەی لێ گیرا، قسە لەسەر بەرنامەو فیکرو ئایدیۆلۆجیا و (مفردات)ەکانی کرا، تەنگاو بێ و بە (تەشهیر) و ناوزڕاندن و لەقاودان بۆ خۆی حیساب بکات**

# گەڕانەوەی تیرۆر و ئەلقاعیدە بۆ عێراق



سامی شۆرش

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

لە یەك دوو مانگی رابردوودا، سەر لە نوێ عێراق دووچاری شاڵاوێکی گەورەی تەقینەوە و کاری تیرۆریستی هات. تەنیا دوو کاری تیرۆریستی لە بەغدا، پتر لە ١٤٠ کوژراویان لێکەوتەوە بێجگە لە بریندارێکی زۆر. مەترسییەکانی ئەو دیاردەیە زۆرن، گەورەترینیان ئەوەیە، لە لایەك ئەمریکا بەرەو کشاندنەوەی هێزە سەربازییەکانی دەڕوات لە شارەکانی عێراق و لە لایەکی دیکەشەوە، گەلانی عێراق لە کۆتایی ئەمساڵدا چاوەڕوانی هەڵبژاردنی گشتی دەکەن تا پەرلەمانێکی تازەو حکومەتێکی تازە هەڵبژێرنەوە، لەو کاتە ناسکەدا ئەلقاعیدە سەر لە نوێ لێرەو لەوێی عێراق پەیدا دەبێتەوە.

جێگەی ئاماژەیە، بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکی لە هەر دوو شاری نەینەوا (موسڵ)و دیالا (باقووبە) لە ماوەی مانگی رابردوودا، چەندین جار دووپاتی ئەوەیان کردۆتەوە کە رووگە ئاڵۆزەکەی رووداوەکان لەو ناوچانەدا، پێویستی بەوە هەیە هێزەکانیان لەو دوو شارەدا بهێڵنەوە تا ماوەیەکی درێژتر لە کاتە دیاریکراوەکەی ناو رێککەوتننامەی نێوان واشنتۆن و بەغدا، بگرە هەندێك لەو بەرپرسانە، هێمایان بۆ ئەوەش کردووە کە مانەوەی هێزەکانیان رەنگە شاری بەغداش بگرێتەوە، چونکە لەوێش باری ئاسایش زۆر ئاڵۆزو خراپە، بێگومان دوو پاتکردنەوەی سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدرال نوری ئەلمالیکی کە عێراق پێویستی بە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا نییە، هیچ لەو راستیانەی سەرەوە ناگۆڕێت، جێگەی وەبیرهێنانەوەیە، بەندەکانی رێککەوتننامەی کشاندنەوەی هێزەکان لە نێوان بەغداو واشنتۆن باس لەوە دەکات کە پێویستە ئەمریکا بە دوو قۆناغ و لە ناو چوارچێوەی دوور مەودای زەمەنی دا هێزەکانی خۆی لە عێراق بکێشێتەوە: یەکەم، لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ پێویستە لە شارەکان بکێشێتەوە و لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ لە هەموو عێراق بکشێتەوە.

راپۆرتە میدیایی و رۆژنامەوانییەکانی ئەم دواییە ئەمریکا، ئاشکرایان کرد کە بەرپرسانی سەربازی و سیاسیی عێراقی و ئەمریکی کەوتوونەتە گفتوگۆیەکی خەست و ورد بۆ ئەوەی بزانن ئایا بارودۆخی ئەمنی و ئاسایش لە عێراقدا پێویست دەکات هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا دوای حوزەیرانی داهاتووش لە ناو هەندێك شارو ناوچەی عێراق بمێنێتەوە یان نا؟ شایەنی باسە، ئەمریکا پلانی ئەوەی هەیە لەم هاوینەدا ٢١ هەزار سەرباز بنێرێتە ئەفغانستان بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژە تازەکەی سەرۆك ئۆباما لە بواری تاوپێدانی شەڕ لەو وڵاتەدا لە دژی ئەلقاعیدە، هەروەها تا ئێستا رووگەی پێکدادانەکانی پاکستان لە نێوان سوپاو هێزی تالیبانی ئەو وڵاتە روون نییەو رەنگە پێویست بە تەدەخولی راستەوخۆی ئەمریکا بکات.

ئەوەی راستی بێت، راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە فەرماندە مەیدانییەکانی سەرکردایەتیی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق پێیان وایە مانەوەی هێزەکانیان لە ناو شارەکاندا، تا رادەیەکی زۆر یارمەتیی ئەلقاعیدەو تیرۆریستان دەدات لەوەی کە بەو بەهانەیە زۆرترین زیانی جەستەیی و ئابووری بە خەڵکی سیڤیل بگەیەنن، بەڵام هەندێکی دیکە لەو فەرماندانە پێیان وایە ئەگەر هێزەکان لە شارەکان بکشێنەوە، دوور نییە ئەلقاعیدە سەر لە نوێ بێتەوە ناو شارەکان. هەروەها باری سیاسیش لەو شارانەدا بە شێوەیەکی ناجۆر بکەوێت. ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە نەینەوا لە کۆتایی ساڵی رابردوودا، وایکرد لیستی حەدبا بە پلەی یەکەم دەربچێت و دواتر ئەو لیستە پۆستە سەرەکییەکانی ئەنجومەنی پارێزگا لە نێوان خۆی دابەش بکات و لیستی برایەتیی نەینەوا، کە زۆرینەی کوردە، وەلا بنێت. ئەم رەفتارەی حەدبا کە هێزو ئەندامەکانی زۆرتر لە پاشماوەکانی رژێمی پێشوو پێك دێت، بووە هۆی کەوتنەوەی پشێوییەکی زۆری سیاسی و ئەمنی و ئیداری لەو پارێزگایەدا.

بێجگە لە نەینەوا، لە دیالاش هەلومەرجی ئاسایش تا ئێستا جێگیر نییە بە هۆی ئەوەی هێزە سەربازییەکانی عێراق دەیانەوێت لە چەند ناوچەیەك بڵاوە ببنەوە کە زۆرینەی دانیشتووانیان کوردەو بە ناوچەی دابڕاو دەژمێردرێن. هەندێك لە چاودێرانی سیاسی پێیان وایە ئەلمالیکی تەنیا بۆ چاوبەستەگی داوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەو شارو ناوچانە دەکات. ئەگینا لە رووی واقیعەوە دەزانێت کشانەوەی هێزەکان

لەو ناوچانــە رەنگە بارودۆخێکی ئەوتۆ بێنێتە پێشــەوە کە رێکخراوی ئەلقاعیدە کەڵکێکی زۆریان لێ وەربگرێت.

وەك نیشــانەیەك بۆ مەترســییەکانی کشانەوەی ئەمریکا لە شارەکان، هەندێك ناوەندی عێراقی ئیشــارەت بەوە دەکەن کە تەنیا لە مانگی رابردوودا (نیســان) پتر لە ٣٥٠ کەس لە بەغداو شــارەکانی تــر بە هــۆی شــاڵاوی تەقینەوەکانی ئەلقاعیدە کوژراون. بەرپرسانی ئەمریکا ترســی زۆریان لە زیادکردنــی رادەی تەقینــەوەی تیرۆریســتی هەیــە، بە تایبەتــی ئەو تەقینەوانە لە کاتێکدا دێن کە بودجــەی دارایی عێراق کەوتۆتە ناو تەنگوچەڵەمەیەکی بەرچاو بە هۆی کێشە دراوییەکانی جیهــان و هاتنە خوارەوەی نرخــی نەوت لە بــازاڕە جیهانییەکاندا. ئەوەی زۆرتریش بارودۆخەکە ترســناکتر دەکات ئەوەیە تەقینەوەکان هێمای ئەوەیان پێوەیە کە بۆ مەبەســتی تازەکردنەوەی شــەڕی تایفی لە نێوان شــیعەو سوننە ئەنجــام دەدرێن، ئەمەش وەك مەعلوومە یەك لە ستراتیژە بنەڕەتییەکانی رێکخراوی ئەلقاعیدەیە لە عێراق. شــایەنی گوتنە یەك لە تەقینەوە گەورەکان پێش ماوەیەك لە نزیك مەزارگەیەکی پیرۆزی شیعەکان لە ناو بەغدا رووی دا.

تا پێــش ماوەیەکی کورت، بەرپرســە ســەربازییەکانی ئەمریــکا پێیان وا بوو رێکخــراوی ئەلقاعیدەی تیرۆریســتی تــا رادەیەکی زۆر لــە پەلوپۆ کەوتووەو لە ناوچە گرنگەکانــی عێراق دەرکراوە، بەڵام دواتر دەرکەوت کە یەك لە تەقینەوە گــەورەکان بــە هــۆی دوو خۆکوژی تونســی ئەنجام درابوو، کە هەردووکیان ســەر بە ئەلقاعیدە بــوون. دواتر عێراق رایگەیاند کە بە ناو ســەرۆکی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق عومەر ئەلبەغدادی گرتووە. کەچی زۆری نەبرد تیرۆریستان کاســێتێکی تۆمارکراویان بڵاوکردەوە کە دەریدەخات ئەلبەغدادی نەگیراوە.

هەر لە هەمــان بــواردا، ئەمریکا لە واشــنتۆنەوە ســەر لە نــوێ داوای لە حکومەتی سوریا کرد سنوورەکانی خۆی توووند بــکات و رێگە لــە چەکدارانی ئەلقاعیدە بگرێت و نەهێڵێت لەو سنوورانەوە دزە بکەنــە ناو خاکی عێراق. شــایەنی باسە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٧ دا، هەر مانگەی پتر لە چل خۆکوژی ئەلقاعیدە لە رێگەی سنوورەکانی سوریاوە دەهاتنە ناو عێراق، بەڵام دوای دەســت پێکردنی هێرشەکانی سوپای عێراق، لەگەڵ هەوڵ و کۆششە دیبلۆماســییەکانی ئەمریکا لەگەڵ حکومەتی ســوریا، دیاردەکە بە درێژایی ســاڵی ٢٠٠٨ پەکی پێ خراو راوەستا. کەچی لە چەند مانگی رابردوودا سەر لە نوێ دەستی پێکردۆتەوەو ئێستا، بە پێــی ســەرچاوە رۆژنامەوانییەکانی ئەمریکا، ژمارەی خۆکوژانی ئەلقاعیدە کە مانگانە لە رێگەی سوریاوە دێنە ناو عێراق گەیشتۆتە ٢٠ خۆکوژ، وا چاوەڕێ دەکرێت ئەم ژمارەیە لە ماوەیەکی کورتدا، سەر لە نوێ بەرەو زیادەیی بڕوات.

لە لایەکی دیکەوە، یەك لە هۆیەکانی گەڕانــەوەی ئەلقاعیدە بۆ عێراق ئەوەیە کــە حکومەتی بەغدا، لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا، پشتی لە ئەنجومەنی سەحوەکان کرد لە بەغداو ئەنبارو موسڵ و فەللوجــە، ئەم ئەنجومەنانە، کە زیاتر لە عەشــایری ســوننەی عەرەب پێك دێن، لە ساڵی ٢٠٠٧ دا، یارمەتییەکی زۆری هێزەکانــی ئەمریکاو عێراقیان دا بۆ دەرکردنــی ئەلقاعیدە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و رۆژئاوای عێراق، بەڵام دواتر ئەمریکییەکان فایلی ئەو ئەنجومەنانەیان تەســلیم بــە حکومەتی عێــراق کرد. حکومەتیــش رازی نەبوو چەکدارەکانی ئــەو ئەنجومەنانە بخاتە ناو دەزگاکانی ئەمن و ئاســایش و پۆلیس و ســوپای عێراقەوە. بۆیە ئەنجومەنەکان ســەر لە نوێ دەستیان سارد بووەوە لەوەی درێژە بــە کاری رووبەڕووبوونەوەی ئەلقاعیدە بــدەن. ئەلقاعیدەش لە بــاری خۆیەوە، پێ دەچێت هەلەکەی قۆزتبێتەوە بۆ خۆ تەیارکردن و بڵاوکردنەوەی چەکدارەکانی لە بەغداو رۆژئاوای عێراق.

بێجگە لەم فاکتەرە ناوخۆییە، فاکتەری دەرەکیــش رۆڵێکی گــەورەی هەیە لە تازە بوونــەوەی دیاردەی ئەلقاعیدە، بەم دواییە، ئیدارەی ســەرۆك باراك ئۆباما هەوڵێکی زۆرو جیددی دەدات بۆ ئەوەی دیمەشــق قەناعەت پێ بــکات بەوەی خۆی لە ئێران دوور بخاتەوەو دەســت لە هاوپەیمانێتییە هاوبەشەکەی لەگەڵ ئەو دەوڵەتە هەڵبگرێت، بەڵام ســورییەکان، ئەوانەی قازانجێکی سیاسی و ستراتیژی زۆریــان لە دزە کردنی ئەلقاعیدە بۆ ناو عێراق کردووە، پێ ناچێت بە ئاسانی ئەو کارە بکەن تا بە تەواوەتی لە سەر ئەرزی واقیع نەبینن، ئەمریکا داواکارییەکانیان بۆ جێبەجێ دەکات لە بواری کێشــەی لوبنان و مەســەلەی گردۆڵکەی جۆلان و لە پانتایی کێشــەی فەلەستینیەکان. شــایەنی هێمایە، بەم دواییە مەحمودی ئەحمەدی نەژاد ســەردانێکی کتوپڕی دیمەشــقی کردوو لەوێ شان بە شانی سەرۆکی سوریا بەشار ئەلئەسەد سەر لە نوێ هاوپەیمانێتی ستراتیژیی هەر دوو دەوڵەتیان دووپاتکردەوە.

ئەگەر گەڕانەوەی ئەلقاعیدە بۆ عێراق مەزندەیەکی راست بێت، ئەوەی راستی بێت تا رادەیەکی زۆر راستە، ئەوا مانای وایە ئەو رێکخراوە تیرۆریستیە کاتێکی زۆر گونجــاوی بــۆ گەڕانەوەکــەی هەڵبژاردووە. ئەمڕۆ پرۆسەی سیاسی لــە عێراقدا لــە ناو کێشــەیەکی زۆر گەورەدایەو تا ئێســتا هیچی ئەوتۆ بە حکومەتی ئەلمالیکیــەوە دیار نییە کە بە راستی بیەوێت کێشەکە بە شێوەیەکی سیاســی و دەستووری چارەسەر بکات.

لە ســەر ئاســتێکی دیکــە، پێکهاتە سیاســییەکانی عێــراق خۆیــان بــۆ هەڵبژاردنی گشــتی ئامادە دەکەن کە بڕیارە لە کۆتایی ئەمســاڵدا لە تەواوی عێراقدا بەڕێوە بچێت. زۆر لە چاودێران پێیــان وایە ئــەم هەڵبژاردنــە رەنگە کێشەی سیاســی زۆری لێ ببێتەوە بە تایبەتی ئەگەر تاقیکردنەوەکەی نەینەوا لەبــەر چاو بگریــن و بزانین کە رەنگە پاشــماوەی بەعس لە هەندێك شوێنی گرنگی عێراق بــە گەرموگوڕییەکی زۆرو بە ناوونیشــانێکی تازەوە بێنە ناو پرۆسەی هەڵبژاردن. ئەوەی هەڵبژاردن ئالۆزتــر دەکات ئەوەیە ئەلمالیکی هیچ هەنگاوێکی جیددی نەهاویشــتووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی لەگەڵ کورد. ئەمەش، وەك مەعلومە، رەنگە هەلومەرجی هەڵبژاردن لە چەند ناوچەیەکی گرنگی کوردستان و عێراق تووشی هەژان بکات و زەمینەیەکی تازە بۆ گەڕانەوەی ئەلقاعیدە خۆش بکات.

**گەلانی عێراق لە کۆتایی ئەمساڵدا چاوەڕوانی هەڵبژاردنی گشتی دەکەن تا پەرلەمانێکی تازە و حکومەتێکی تازە هەڵبژێرنەوە، لەو کاتە ناسکەدا ئەلقاعیدە سەر لە نوێ لێرەو لەوێی عێراق پەیدا دەبێتەوە**

**ئەوەی هەڵبژاردن ئالۆزتر دەکات ئەوەیە ئەلمالیکی هیچ هەنگاوێکی جیددی نەهاویشتووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی لەگەڵ کورد**

# "بوونی ناکۆکی و کوتلەگەری لەنێو ریزەکانی یەکێتی قوتابیان لە وەهمێک زیاتر بەولاوە، هیچی دیکە نییە"

## بەدواداچوونی گوڵان لەسەر کارەکانی ی. ق. ک



یەکێتی قوتابیانی کوردستان، وەك کۆنترین و زیندووترین رێکخراوی جەماوەری کوردستانی، کە تەمەنی زیاتر لە ٥٦ ساڵ دەبێ، یەکێکە لەو رێکخراوانەی کە شانازی بە رابردووی خۆی دەکات. بەشێوەیەك ئەو رێکخراوە بەدرێژایی مێژووی بزاڤی ئازادیخوازی گەلی کورد قوتابخانەی پێگەیاندنی کەسانی روناکبیر و نیشتمانپەروەر و تەکنۆکراتەکان بووە. ئەمە جگە لەوەی تائێستا بەدەیان کادری بەتوانا و سەرکردەی لێهاتووی دروستکردووە نموونەی قارەمانێتی وەك لەیلا قاسم-یشی بەخشیوە، کە لەبەردەم پەتی سێدارە سڵی نەکردەوە.

یەکێتی قوتابیان تائێستا ١٢ کۆنگرەی بەسەرکەوتوویی ئەنجامداوە، هەرمان محەمەد سکرتێری ئێستای رێکخراوەکە باسی لە ئاکامەکانی دوایین کۆنگرەی رێکخراوەکەیان کرد و روونیکردەوە کە سیستمی ئۆرگانیزەکردنی کۆنگرەکانی ی. ق. ك لەرێی هەڵبژاردنەوە بەرێوەدەچێ. سەرەتا کۆنفرانس گرێدەدرێ و لەنێو کۆنفرانسەکەشدا نوێنەر هەڵدەبژێردرێ بۆ کۆنگرەکە. لە کۆنگرەش هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێ بۆئەوەی دەستەیەکی باڵا دەستنیشان بکرێت. بۆیە گوتی: رێکخراوێك خاوەنی ئەو مێژووە پرشنگدار و دیموکراتییە بێت کە تائێستا ئەو هەموو کۆنگرەیەی ئەنجامداوە، بەدڵنیاییەوە جیاوازی تێدا دروستدەبێت، بوونی جیاوازیش نیشانەی پێشکەوتنە.

هەرمان رووناکی خستە سەر "جیاوازییەکانی" ئێستای رێکخراوەکەیان و باسی لەوە کرد کە دوای ئەوەی بە سکرتێری ی. ق. ك دەستنیشانکراوە، ئەوا بۆ کاراکردنی رەوتی کاری رێکخراوەکەی دەستی بە ئەنجامدانی کۆمەڵێك رێوشوێن و ئیجرائاتی پێویست کردووە و چەند لیژنەیەکی بەدواداچوونی بۆ پێشڤەچوونی کار و چالاکییەکانی رێکخراوەکەیان لەهەموو ناوەندەکان پێکهێناوە، بۆئەوەی بەپێی پێرەو و پرۆگرامی رێکخراوەکە رێکاری پێویست بگرنەبەر. سکرتێری رێکخراوەکە دەڵێت بۆیە ئەو رێوشوێنانەمان گرتۆتەبەر، لەبەرئەوەی زۆر بڕوام بە پرەنسیبی "پاداشت و سزا" هەیە، ئەمەش بۆئەوەی گرژی و پشێوی و فەوزا لەنێو رێکخراوەکە سەرهەڵنەدات. هەروەك بە تەحەددداشەوە دەڵێت "زۆربەی ئەو کەس و لایەنانەی گلەیی لە ئەدای ئێستای ی. ق. ك دەکەن، ئەگەر تەنها یەك بەدواداچوونی جیددی لە کارەکانی خۆیان بکەن ئەوا بەماهیەتی رووداوەکان ئاشنا دەبن و راستییەکانیان بۆ دەردەکەوێ".

هەرمان محەمەد ئەوەی رەتکردەوە هیچ خەلەلێك لە سیستەمی تەنزیمی یەکێتییەکە هەبێت و روونیکردەوە کە لەشاری سلێمانی چەند سەرنج و تێبینییەکمان هەبوو لەسەر هەندێ لەبرادەرانی خۆمان، بۆیە هەندێ گۆرانکاریمان ئەنجامدا.

لەگەڵ لابردنی وریا عادل بەرپرسی پێشووی ناوەندی پارێزگای سلێمانی ی. ق. ك و غەریب عەلی بەرپرسی پێشووی ناوەندی هەڵەبجە لێرەولەوێ هەندێك دەنگۆ دروستبوو، گوایە ئەو ئەندامانە لەژێر گوشاری لقەکانی پارتی دەستیان لەکارکێشاوەتەوە و بوونەتە قوربانی ململانێی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی. لەمبارەیەوە سکرتێری ی. ق. ك هەموو ئەو دەنگۆیانەی بەدرۆخستەوە و ئەوەشی بە "سیناریۆیەکی دروستکراو" ناوزەدکرد و رەتیشیکردەوە کە هێلکەی ململانێکانیان لەسەری ناوەندی سلێمانی شکاندبێت.

هەروەك بەگوڵانی رایگەیاند لابردن و دوورخستنەوەی ئەو بەرپرسانەی پێشوو بەهۆی کەمتەرخەمی و لاوازیان لەکاری رێکخستنییەوە بووە، هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بە کوتلەگەری و گرژی و ململانێی نێو ئەندامانی سکرتاریەت نەبووە. هەروەك ئەوەشی روونکردەوە "بڕیاری گواستنەوەی وریا عادل لە سلێمانییەوە بۆ هەولێر بەهۆی ئەوە بووە کە لەرووی کاری رێکخستنییەوە کۆمەڵێك تێبینیمان لەسەر هەبوو، ئەگینا دەزانین کاك وریا لەرووی کەسایەتییەوە، هیچ تێبینییەکی ئەخلاقی لەسەر نەبووە. بەڵکو کاك وریا کەسێکی نزیکیش بووە لەمن بەڵام من برادەرایەتی و مەحسوبییەت لەسەر حیسابی تەنزیم یەکلاناکەمەوە. بۆیە ئێمە بڕیارماندا وریا بۆ هەولێر بگوازینەوە تاکو وەك ئەندام بەشی سکرتاریەت لەگەڵمان کار بکات و کاك فاتیح مەولوی زادەش وەك بەرپرسی ناوەندی پارێزگای سلێمانی دەستنیشان بکرێت. بە کردەوەش بینیمان دوای دەستبەکاربوونی کاك فاتیح کار و چالاکییەکانی یەکێتی قوتابیان گەرایەوە دۆخی ئاسایی خۆی و پێگەی جەماوەری فراوانتر بوو. بەشێوەیەك ئێستا ئێمە و قوتابیان و لقە حزبییەکانیش لێیان رازین.

فاتیح مەولوی زادە، کە ئێستا وەك بەرپرسی ناوەندی سلێمانی ی. ق. ك کاردەکات، کە بەبڕیاری مەکتەبی سکرتارییەت بۆتە بەرپرسی ناوەندی پارێزگای سلێمانی، ئەو بڕیارە بە بڕیارێکی دادپەروەرانە دەزانێت بۆ خزمەتی رێکخراوەکەی و ئەکتیڤکردنی کارو

چالاکییەکانیان و فراوانکردنی بازنەی ڕێکخستنی ی. ق. ك لە سلێمانی.

پەیوەست بەو دەنگۆیانەی کە هەندێ لەئەندامە تۆراوەکانی ی. ق. ك چاوەڕێی ئەوە دەکەن نەوشێروان مستەفا ڕێکخراوێك دروست بکات بۆئەوەی بچنە ناویەوە، فاتیح زادە گوتی: "لەوەتای ی. ق. ك دروستبووە، تائێستا هیچ ئەندامێکی ئەو ڕێکخراوە سەنگەری خۆی نەگۆڕیوە و ناچنە نێو هیچ ڕێکخراوێکی دیکەشەوە. لەبەرئەوەی ئەندامانی ئێمە وا پەروەردەکراون و بە بیروباوەڕی ڕێبازی بارزانی نەمر گۆشکراون، ئەوانەی ئەو پرۆپاگەندانە بڵاودەکەنەوە کەسانی ناحەزن و لەناو (ی.ق.ك)دا نین.

کوتلەگەری و ناوچەگەرێتی یەکێکە لەو تۆمەتانەی دەخرێتە پاڵ ڕێکخراوی ی. ق. ك و زۆرجار ئەو ڕێکخراوە بەبوونی ململانێ لەنێوان هەردوو "باڵی سۆرانی و بادینی" تاوانبار دەکرێ. بەڵام هەرمان محەمەد سکرتێری ئێستای ڕێکخراوەکە زۆر بەتوندی ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە و پێیوایە ئەم تۆمەتانە لە وەهمێك زیاتر بەولاوە، هیچی دیکە نییە. لەبەر ئەوە ئەمە قسەیەکی هەڵبەستراوە و هەندێ کەسی ناحەز و نەفس نزم ئەو بەیت و باڵۆرانە لێدەدەن دەیانەوێ قوتابیان بەو ئاراستەیە ببەن کە ناکۆکی و تاقمگەرایی لە ڕیزەکانی (ی.ق.ك)دا هەیە، بەڵام هیچ کاتێك لەو هەوڵانەیان سەرکەوتوو نەبوون، چونکە ئێستا (ی.ق.ك) لەوپەڕی بەهێزیدایە. بۆیە شتێکی زۆر ئاساییە کاتێك لەهەڵمەتی هەڵبژاردن کێبڕکێ و ململانێ دروست دەبێ، لەبەرئەوەی کاك ڕێناس سۆرانییە و کاك ئاریان بادینییە ئەوا خەڵکانێکی ناحەز دەیانویست لەو لەحزەدا ئەو نارنجۆکە بتەقێننەوە بەڵام خۆشبختانە سەرجەم هەوڵەکانیان مایەپووچ بوو. ڕێناس ٢٢٧ دەنگی بەدەستهێنا، لەکاتێکدا لەهەموو دەڤەری بادینان ١٤٠ دەنگی هەبوو، با لەو ١٤٠ دەنگە ڕێناس ٩٠ دەنگی هێنابێت، ئەی باشە دەنگەکانی تری لەکوێ هێناوە، خۆ هەمووی لەدەڤەری سۆران بەدەستیهێناوە. بۆ ئاریانیش بەهەمان شێوە کە ٢٠٨ دەنگی هێنا. لەبەرئەوە من پێموانییە ئەندامانی ی. ق. ك بەو چاوە تەماشای ڕووداوەکان بکەن".

سکرتێری ی. ق. ك تەواوی ئەو تۆمەتانەشی ڕەتکردەوە، کە دەڵێن ی. ق. ك لەدەڤەری سلێمانی و گەرمیان شان بەشانی ڕێکخراوە بچووکەکان دەبینرێ. گوتی: "لێت ناشارمەوە ڕەنگە ئێمە پێگەی ڕێکخستن و جەماوەریمان لە دەڤەری سلێمانی و گەرمیان وەك ئەوە نەبێت کە لەهەردوو پارێزگای دهۆك و هەولێر هەمانە، بەو ئیعتبارەی کە ئەو دووشارە جەماوەرێکی زۆری پارتی تێدایە و زۆربەی یەکە ئیدارییەکانیش لەدەستی پارتیدان، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئێمە لەو دوو ناوچەیە دەستەوەستان و سڕببین، بەپێچەوانەوە ئێمە لە سلێمانی و گەرمیان جموجۆڵ و چالاکی زۆرمان ئەنجامداوە و هاوسۆزی بەشێکی زۆری قوتابیانیشمان لەگەڵدایە، بەڵام کێشەی ئێمە ئەوەیە کە سیستمی ڕێکخراوەییمان هاوکار نییە و زیاتر سیستمێکی ئیدارییە نەك سیستمێکی ناوچەیی. بۆ نموونە، ئێمە لەهەر قەزایەك ئۆفیسێکمان هەیە، بەڵام پێشتر لەهەر قەزایەك دوو تا سێ ئۆفیسمان هەبوو بەناوی لیژنەی ناوچە. بۆیە ئێستا تەنها لقی قەزا و ناوەندی پارێزگا و سکرتاریەتمان هەیە. بۆ زانکۆکانیش لیژنەی کۆلیژ و ناوەندی زانکۆ و مەکتەبی سکرتاریەت هەیە، بەڵام پێشتر لیژنەی ناوچە، لق و مەکتەبی سکرتاریەتمان هەبوو. واتە ئێستا لە تەواوی قەزایەکدا تەنها یەك ئۆفیسمان هەیە بەڵام لە ناحیەکان هیچمان نییە، تەنها لیژنەی قوتابخانەکانمان هەیە. ئەم ئەلقە ونانەش کێشەیەکی گەورەی بۆ ئێمە دروستکردووە، لەبەرئەوەی پێشتر لەکۆنگرەی ١٢ بڕیاری لەسەردراوە".

لەکۆتایی ئاخاوتنەکانیدا هەرمان محەمەد هێمای بۆ ئەوەکرد، ی. ق. ك هیچ کاتێك لەنێو ناوەندەکانی خوێندندا وەکو پاشکۆ و سێبەری حزب کاری نەکردووە و بەڵکو پتر هەوڵیانداوە هەڵگری هۆشیارییەکی ڕەخنەیی و تایبەت بن بەرامبەر ئەو ناوەندە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئەخلاقییەی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. گوتیشی: "ئێمە هەوڵمانداوە لەناوەندەکانی خوێندن خولی ڕۆشنبیری و هۆشیاری و نوێبوونەوە بکەینەوە و بەهەموو توانامان گیروگرفتەکانی قوتابیان چارەسەر بکەین، بۆئەوەی گۆڕەپانی قوتابخانە و زانکۆکان خامۆش نەبن بەڵکو گۆڕەپانێکی پڕ لە جموجۆڵ بێت و قوتابیانیش خاوەنی گوتارێکی ڕەخنەیی و مۆدێرن بن".

